

# چارەسەر نەکردنی کێشەکان و سەرهەڵدانەوەی پاکتاوی رەگەزی

## جەلەولا و سەعدیە وەک نموونە

(بەداخەوە لەساڵی ٢٠٠٣ وە بە بەرنامە هەندێک سیاسەتی پاکتاوی رەگەزی لەهەندێک ناوچە دابڕێنراوەکان بەتایبەتی لە جەلەولا و سەعدیە دژ بەکورد ئەنجامدەدرێت، ئەمەش وایکردووە رێژەی کورد لەو ناوچانە کەم بێتەوە، ئێمە بەهیچ شێوەیەک ناتوانین بێدەنگ بین بەرامبەر ئەو سیاسەتەی کە دژ بە کورد ئەنجامدەدرێت)

سەرۆکی کوردستان

کێشەی ناوچە دابڕێنراوەکان لە شەنگارەوە تا خانەقین و جەلەولا و سەعدیە، خۆدزینەوەیە لەچارەسەری راستەقینە بۆ کۆتایی هێنان بە کێشەکان، ئەم کێشانە کە لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ و لە نووســینەوەی یاسای کاتی بۆ قۆناخی ئینتیقالی بە ماددەی ٥٨ ی ئەو یاسـایە چارەسەری بۆ دەستنیشانکرا، هەر لەسەرەتاوە کەمتەر خەمی لەجێبەجێکردنی کرا، بۆیە دوای ئەوەی دەستووری عێراقیش نووسـرایەوە و لە دەستووریشـدا ماددەی ١٤٠ی بۆ تەرخانکرا بۆ ئەوەی لەماوەیەکی دیاریکراودا ئەو کێشـانە چارەسەر بکرێن، بەڵام لەبەر ئەوەی حکومەتی عێراقی ئیرادەی جێبەجێکردنی بۆ ئەو ماددەیە نەبوو، ئەوا کێشەکان هەر بەهەڵواسراویی و چارەسەرنەکراوی ماونەتەوە، لێرەدا ئەگەر بمانەوێت هەڵوەستەیەك لەسەر دوایین کێشەی ناوچە دابڕاوەکان بکەین کە کێشەی دووبارە سەرهەڵدانەوەی پاکتاوی رەگەزییە لەدژی کورد لەو دووناوچەیە، بێگومان ئەمە یەکەم کاری لەو جۆرە نییە کە لەدوای ساڵی ٢٠٠٣وە لە دژی کورد لەناوچە دابڕێنراوە جیاجیاکان رووبەرووی کورد و شەبەك و ئێزیدی و برا کریستیانەکان دەبێتەوە، بەڵکو ئەمە پرۆسەیەکی بەردەوامە و لەچوارچێوەی بەرنامەیەکدا بەچەندین شێوازی جیاواز پیادەکرێت هەر لە ئەنجامدانی کاری تیرۆریستی عەشوائی کە رۆژانە لە ناوچە دابڕێنراوەکان بە کەرکوکیشەوە گوێبیستی دەبین، تادەگاتە پرۆسەی کوشتنی بەئەنقەست و تیرۆرکردنی بە ئەنقەستی خێزان و تاکەکان بۆ ئەوەی بیانترسێنن و زێدی خۆیان بەجێبهێڵن، بۆیە ئەم مەسەلەیە لەوە گەورەترە وەك مەسەلەی ناوچەیەکی دیاریکراو یان کردەوەیەك یان هەڵمەتێك دژی ناوچەیەکی دیاریکراو پیادە کرابێت، بەڵکو ئەم پرۆسەیە بەردەوامی ئەو پیلانە شوومەیە کە دەیان ساڵە شۆڤێنییەکان و بەعسییەکان نەخشەیان بۆ داڕشتووە و تەنانەت لە سەرەتا و کۆتایی هەشتاکانی سەدەی رابردوو گەیشتە پرۆسە بەدناوەکانی ئەنفال و بەکارهێنانی گازی کیمیایی دژی هاووڵاتییانی کوردستان، بۆیە ئەم پرسە پێویستی بەوە هەیە وردتر هەڵوەستەی لەسەر بکرێت و جەخت لەسەر ئەوە بکرێتەوە کە کۆتایی بەم کێشانە بهێنرێت و چارەسەری ریشەیی کە خۆی لە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ دایە بۆ ئێستا بەرجەستە بکرێتەوە.

### چارەسەری ریشەیی نەك کاتی

ئەوەی ئێستا لەجەلەولا و سەعدیە دووبارە بۆتەوە، پێش دووساڵ جارێکی دیکە هەمان کارەسات دووبارە بووەوە جارێکی دیکەش هێزی پێشمەرگە نێردرانە ئەو ناوچەیە و ئەگەر هێزەکانی ئەمریکا نەبووایە میانگیر لەنێواندا، ئەوا هیچ دوورنەبوو شەڕێکی خوێناوی لەنێوان هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراق رووبدات، بەڵام پاشان لەسەر داوای ئەمریکییەکان و بەڵێندان بەوەی کارەساتی لەو جۆرە روونەداتەوە هێزەکانی پێشمەرگە کشانەوە، بەڵام دیسان جارێکی دیکە هەمان کارەسات سەری هەڵدایەوە، کە هیچ دوور نییە لێرەش کێشەکە جارێکی دیکە چارەسەر بکرێتەوە، لە شوێنێکی دیکە سەرهەڵنەداتەوە، سەبارەت بەم لایەنە پرسیارمان لە ئەسکەندەر جواد ئەندامی لیژنەی بەرگری و ئاسایش لە پەرلەمانی عێراق کرد، بەوەی ئایا چۆن کارێك بکرێت ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێت و کارەساتی لەو جۆرە روونەداتەوە؟ بەمجۆرە لە لێدوانێکی تایبەتدا وەڵامی گوڵانی دایەوە: ( بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە، پێویستە لەنێوان حکومەتی ناوەندی و هەرێمی کوردستان دانوستان هەبێت بۆ ئەوەی سوپا ئەرکی ئەمنی لەو ناوچەیەدا راپەڕێنێت، هەروەها بۆ ئەوەی شتگەلێك روونەدات کە ئەنجامی خراپی لێبکەوێتەوە، برایانمان لە پێشمەرگە هێزەکانیان ناردووە بۆ پاراستنی کوردەکان لەو ناوچەیە. ئەوانەی لەو ناوچەیەدا نیشتەجێن هەموویان بران و پێکەوە دەژین و پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی پتەویان هەیە، بەڵام ئێوەش دەزانن کە کەسانێك لە رێکخراوی ئەلقاعیدە دا هەن هەمیشە کاردەکەن بۆ مەبەستی جیاکردنەوە لەنێوان عەرەب و کورد و خوڵقاندنی «فتنە» لەنێوانیان، بۆیە ئێمە هەمیشە دەیڵێینەوە و جەختی لەسەر دەکەینەوە و داوا لەهەموو برایانمان دەکەین یەکبگرن و یەك دەنگ بن و ئەو کەلێنانە پڕبکەنەوە لەبەرئەوەی ئێوەیش بەئاگان کە رێکخراوی «قاعیدە» لە هەوڵدان بۆ خوڵقاندنی «فتنە» لەو ناوچانەدا. ئێمە وەك پەرلەمانی عێراق بەهیچ جۆرێك ئەو دەستدرێژیانە قبوڵ ناکەین، بەشێوەیەکی تەواو ئەو شتە رەتدەکەینەوە. بۆیەیش شتەکە بۆ حکومەت جێدەهێڵین، حکومەتی ناوەندی لەم مەسەلەیە بەئاگاترە و ئێمە پێمانوایە کە دانوستان روودەدات لەنێوان سەرکردەکانی عەرەب و کوردەکان بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە. )).



تاریق حەرب بۆ گوڵان:

**لە ناوچەی جەلەولا و سەعدیە هەست بە پیادەکردنی توندوتیژی دەکرێت دژی کورد و ئەمەش مەسەلەیەکە نابێت قبوڵ بکرێت کە لەسەر ناسنامەی نەتەوەیی خەڵک بکوژرێت**

ئەسکەندەر جەواد کە پەرلەمانتاری عێراقییە و ئەندامی لیژنەی بەرگری و ئاسایشە لە پەرلەمانی عێراقی لەگەڵ ئەوەی ئاماژە بەوە دەکات ئەوە دەستی تیرۆریستان و رێکخراوی ئەلقاعیدەیە بۆ دروستکردنی فتنە لە نێوان کورد و عەرەبدا، بەڵام لە قسەکانیدا بەشێوەیەکی زمنی چوونی هێزی پێشمەرگە بۆ ئەو ناوچانە رەتدەکاتەوە و بەو جۆرە پاکانەی بۆ دەکات ئەم مەسەلەیە بۆ حکومەتی ناوەندی جێبهێڵدرێت، وەك ئەوەی ماوەی چەند ساڵێکە ئەو پرسە بۆ حکومەتی ناوەندی و سوپای عێراق بەجێ نەهێڵدرابێت، هەموو جارێکیش بەبێ چوونی هێزی پێشمەرگە کێشەکە چارەسەرنەکراوە، بۆیە لە درێژەی لێدوانەکەی بۆ گوڵان و سەبارەت بە چۆنییەتی چارەسەرکردنی ئەم کێشانە بە شێوەیەکی ئاشتیانە بەمجۆرە رای خۆی خستەڕوو: (لیژنەیەك پێکهێنراوە بۆ دیراسەتکردنی بارودۆخەکە. لیژنەی

بەرگری و ئاسایش چاوەڕوانە ڕێککەوتنەکە ئەنجامبدرێت لەنێوان حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆئەوەی بتوانرێت کێشەکە بەشێوەیەکی ئاشتیانە و نەرمونیان چارەسەر بکرێت لەگەڵ پاراستنی هەموو لایەنەکان کە لەو ناوچانەدا نیشتەجێن. هەربۆیە ئێمە هیواداریین ئەم بارودۆخە بە ئاشتی چارەسەربکرێت و هێزە ئەمنییەکانی حکومەتی ناوەندی کاریگەرییان هەبێت لە چەسپاندنی ئاسایش لەو ناوچانە.))

بەڵام ئەوەی ئەندامەکەی لیژنەی بەرگری و ئاسایشی عێراق ئاماژەی بۆ دەکات، بەوەی چارەسەری کێشەکە بسپێرێتەوە بە لیژنەی ئەمنی حکومەتی ناوەندی، بەڵام لەهەمانکاتدا تاریق حەرب پسپۆڕ و شارەزایی یاسایی عێراقی لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەو هێزەی لەوناوچانەیە هەم کەمتەرخەم بوون هەم تیرۆریستانیش توانیویانە دزە بکەنە ناو ئەو هێزە، ئەمەش بەو مانایە دێت ئەو هێزە خۆی هاوکار بووە ئەوەی دووبارە پاکتاوی ڕەگەزی لە دژی کوردی ئەو ناوچەیە ئەنجامبدرێتەوە، لەمبارەوە وتی : (تاکو ئەمڕۆیش هەست بە توندوتیژیی تایفەگەری و نەتەوەیی دەکەین لە «سەعدیە» و «خانەقین» و ئەو ناوچانەی کە کەوتوونەتە نێوان هەرێمی کوردستان و پارچەکانی دیکەی «عێراق»، هەروەک کە باسدەکرێت ئەم مەسەلەیە پێویستیی بە جموجوڵێکی گەورە هەیە بۆ چارەسەرکردنی، لەبەرئەوەی ناکرێت لەسەر بنەمای ئایین و نەتەوە هاووڵاتیان بکرێنە ئامانج، ئەمە لەڕووی ئایین و یاسا و دەستوور یان لەڕووی ئەخلاقییەوە شتێکی ناپەسەندە زیان بەو هاووڵاتیانە بگەیەندرێت کە هیچ تاوانێکیان نییە جگە لەوەی کە هەڵگری ناسنامەیەکی نەتەوەیی دیاریکراون، ئەم کردەوانە هیچ پاساوێکی نییە. تیرۆریستان و لایەنگرانی ڕژێمی بەعسی پێشوو دەستیان لەپشت ئەو کردەوانەیە هی ئەو کەسانەیە، کە باوەڕیان بەوە نییە کە پێویستە لەڕووی مرۆڤایەتییەوە مامەڵە لەگەڵ مرۆڤ بکەن، ئەوانەی باوەڕیان بە پرۆسەی سیاسی نییە، ئەوانەی باوەڕیان بەوە نییە کە ئەمڕۆ عێراقێکی نوێ هەیە و کە ئایین و نەتەوە و تایفە ناکات بە پێوەرێك بۆ بەهاووڵاتیبوون. ئەم هەموو لایەنانە کاردەکەن بۆ کاولکردنی «عێراق» لەڕێگەی وەستان لەدژی پرۆسەی سیاسی و زیانگەیاندن بە هاووڵاتیان و بەربڵاوکردنی گێلەشێواوی و تیرۆر، پێویستە ئەم مەسەلانە لەبەرچاوبگیرێن و بەشێوەیەکی جددی سەیریان بکەین، مەحاڵە هیچ کەسێکی بەویژدان لەبەرامبەر ئەم مەسەلانەدا بێلایەنی بنوێنێت، بەڵکو پێویستە لە ڕیزی ئەو کەسانە بوەستێت کە زیانی پێدەگات، بە لەبەرچاونەگرتنی واقعی ئەو کەسەی کە زیانی پێگەیشتووە گەر کورد بوو یان تورکمان یانیش عەرەب.))

هەر سەبارەت بەم لایەنە و کەمتەرخەمی سوپا و هێزە ئەمنییەکانی عێراق لەو ناوچەیە تاریق حەرب لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان وتی : (وەکو پیاوێکی یاسایی، بە شێوەی گشتگیر قسە ناکەم، بۆیە مەبەستم ئەوەیە، ئێمە دەتوانین بڵێین ئەو لیوا-یەی کە لە «سەعدیە»یە تیرۆریستان دزەیان کردۆتە ناوییەوە، کەسانێك هەن، ڕەنگە ژمارەیەك لە سەربازەکان و تەنانەت ژمارەیەك لە پۆلیسەکانیشیان لەگەڵدا بن، بەڵام ڕەفتاری ژمارەیەك سەرباز و پۆلیس و



محەمەد سەهیود بۆ گوڵان:

**بەشێک لە هێزەکانی ئەمریکا بە ناوی ڕاهێنەر دەمێننەوە، لیژنەیەک پێکهێنراوە ئێستا لەگەڵ لایەنی ئەمریکی لەسەر ئەرک و ژمارە و شوێنی کاری ڕاهێنەرەکان لە وتووێژدان**


هەندێك لە کەسەکان مانای ئەوە ناگەیەنێت لەسەر یەکەی سەربازی بژمێردرێت، یانیش بژمێردرێت لەسەر سەرکردایەتیی، سوپا یاخود حکومەت، ئەم مەسەلەیەش پێویستیی بە لەبەرچاوگرتنە لەبەرئەوەی تێکەڵکردنی کاغەزەکان شتێکی ناپەسەندە، مەبەستم ئەوەیە کە ناکرێ بۆ ئەو شتانە حکومەتی ناوەندی تۆمەتباربکەین، لەبەرئەوەی کاتێك کە تۆمەتەکە ئاراستەی حکومەتی ناوەندی بکەین ئەوکات مانای ئەوە دەگەیەنێت کە لە ئامانجەکە دوور کەوتووینەتەوە، بەواتای تاوانبارەکەمان دەستنیشان نەکردووە، لەبەرئەوەی تاوانبارەکە تاکێکە، تەنانەت گەر ئەو تاکە سەرباز بوو یان پۆلیس یانیش هەر شتێکی دیکە بوو، بەڵام ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێت کە تەواوی یەکە سەربازییەکە یاخود فرقەکە یانیش هەموو حکومەت بەتەواوەتی تاوانبارە، بۆیە پێویستە تاوانبارەکان دەستنیشان بکەین، منیش لەو بڕوایەدانیم کە سەرکردایەتیی سوپا یان پۆلیس یان پارێزگا یان دەوڵەت یانیش حکومەت ئەم جۆرە شتانە قبووڵ بکات، ئەمە شتێکی زۆر ناپەسەندە، هاوکات دەتوانین تاوانباران دەستنیشان بکەین و بڵێین فلان و فیسار تاوانبارن و دەستیان لەو کردەوانە هەیە.))

## کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا
## بۆشایی ئەمنی زیاتر دروست دەکات

ئێستا هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق بوونیان هەیە، زۆر کێشەکان دەگەنە ئەو ئاستەی لە کۆنترۆڵ دەربچن، پرسیار ئەوەیە دوای ئەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق دەکشێنەوە چۆن ئەو کێشانە چارەسەر دەکرێن یان کۆنترۆڵی باردۆخەکە دەکرێتەوە؟ بۆ ئەم لایەنە و سەبارەت بە تێکچوونی باری ئاسایشی عێراق و هەڵکشانی کردووە تیرۆریستییەکان لە ڕۆژی دووشەمەی ڕابردووە و پەرلەمانتاری دەوڵەتی یاسا محەمەد سەیهود لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان بەمجۆرە باسی ئەم لایەنەی کرد و گووتی: (بۆ تێکچوونی ڕەوشی ئاسایشی ئەمڕۆ چەندین هۆکاری هەیە و من پێموایە یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکان ئەوەیە کە ئەم قۆناغە قۆناغێکی زۆر هەستیارە، قۆناغی وەرگرتنی دۆسیەی ئەمنی لەلایەن هێزەکانی «عێراق» و کشانەوەی هێزی بیانی و پێداگرتنی سەرکردە سیاسییەکانی «عێراق» بۆ




مانـــەوەی ئەو هێزانـــە. هەڵبەتە مانەوەی هێزەکان لــە «عێراق» هــۆکاری خۆی هەیــە، یەکەم: ویلایەتــە یەکگرتووەکانی ئەمریــکا دەیــەوێ بەرژەوەندییەکانــی لــە ناوچەکــە بپارێزێــت، دووەم: گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە، یاخود ئەوەی کە پێی دەگووترێت «بەهاری عەرەبی»، بۆیە پێموایــە ویلایەتــە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەیەوێت لــە نزیکەوە چاودێریی بــکات بــۆ مەبەســتی کۆنترۆڵکردنی ئاراستەکانی ئەو گۆڕانکارییانە بۆئەوەی لــە بەرژەوەندییەکانــی ئەمریــکا بێت و لەگــەڵ بەرژەوەندییەکانی بگونجێت، بەو مەبەســتەیە کە ئەو لایەنانە وا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکات بیربکەنەوە هەتــا پێیان بکرێت و بــۆ درێژترین ماوە لە «عێراق» بمێننەوە، لەهەمان کاتیشــدا بەشــێوەیەك یان بەشــێوەیەکی تر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەوڵدەدەن پاساو بخوڵقێنێت بۆ مانەوە، پاســاوەکانی مانەوە زۆرن و تەنیــا دۆســیەی ئەمنــی نییە، پێموایــە کە تەنانەت بڕینی ئاو و بەندەری «موبارەك» لە «کوێت» و تیرۆر ...و تاد. لەهەموو لایەنەکانی تر هەمووی پاساوە بۆ پیشاندنی هێزە ئەمنییەکان بەو شێوەیەی کە ئامادەنییە بۆ وەرگرتنی دۆسیەی ئەمنی و لەئاکامیشــدا بارەکە پێویست دەکات بە مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە «عێراق»، لەلایەنێکی ترەوە ئەجێندا و هێزی سیاسی هەن کە چارەنووسیان بەندە بە چارەنووسی هێزەکانی ئەمریکا، بۆیە ئەوان خوازیارن بۆ مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە «عێراق» و پشت بە ئەمریکا دەبەستن، هەر ئەمەیشە هۆکارەکان لە پشــت کێشــەکان کە تاکو ئەمڕۆیش مەسەلەی وەزارەتە ئەمنییەکان یەکلانەکراوەتــەوە و ســســتی و دواکەوتن و پێشکەشــکردنی کەســایەتیی ناشیاو.



ئەسکەندەر جەواد بۆ گوڵان:

## بۆچارەسەری کێشەی سەعدیەو جەلەولا، پێویستە لەنێوان حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێمی کوردستان دانوستان هەبێت بۆئەوەی سوپا ئەرکی ئەمنی لەو ناوچەیەدا راپەڕێنێت

لەبەرامبــەردا، پێموایە کە پێویســتە کار بکرێت بۆ بونیادنانی دەزگاکانی ئاسایش، لەگەڵ دانانی وەزارەتە ئەمنییەکان لەسەر بنەمایەکی پیشــەیی، هەر لەم بارەیەشەوە پێموایە هەڵبژاردنی «ســەعدون دلێمی» بۆ وەزارەتی بەرگری هەنگاوێکی گرنگە و بایەخەکەشــی لەوەدایــە کە لیســتی «عێراقییــە» دەخەینە پێــش «ئەمری واقع» و ئەگەر دواخستن هەیە ئەوە چیتر دواخستن نامێنێت.))

سەبارەت بەو بەشەی هێزەکانی ئەمریکا کە بەناوی راهێنەر لە عێراقدا دەمێنەوە، ئایا تاچەند ئەوانە کاریگەریان دەبێت ســەیهود بە گوڵانی راگەیاند: (بەو شــێوەیەی کە تێیگەیشــتووم، پێموایە بەشێك لە هێزەکان لەژێــر نــاوی «راهێنــەر» دەمێننەوە، لێژنەیــەك پێکهێنراوە و ئــەم لێژنەیە لە دانوستانە لەگەڵ لایەنی ئەمریکی لەسەر سرووشــتی راهێنەرەکان لە ئەرك و ژمارە و شــوێنی کارەکانیــان، بۆیە پاش ئەوەی لێژنەکــە کارەکانی تەواوبکات ئەم لایەنانە روون دەبێت و لە مەســەلەکان تێدەگەین و لەوانەیــە رێککەوتنێك واژۆبکرێت، منیش پێموایە کە ئەمەیــان رێککەوتنێکی نوێ دەبێت لەبەرئەوەی رێککەوتنەکەی پێشــوو رێگەنــادات بــە درێژەدان بــە مانەوەی هێزەکان، بۆیە مانەوەی بەشێك لە هێزەکان لەژێر ناونیشانی «راهێنەر» پێویستیی بە ئەنجامدانی رێککەوتنێکــی نوێیە و ئەو رێککەوتنەیش پێویســتیی بە پەسەندکردن هەیە لەلایەن پەرلەمانی عێراقییەوە)).

بابەکر زێباری سوپاسالاری عێراق بۆ گوڵان:

# ئەوەی ئێستا تیرۆریستانی ڕەگەزپەرست لە جەلەولا و سەعدیە دەیکەن، هیچ جیاوازی نییە لەگەڵ ئەو ئەنفال و کیمیا بارانەی سەدام دەیکرد



هاوکات لەگەڵ دەنگۆی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا، شارەکانی عێراق شاڵاوێکی تەقینەوەی خوێناوی بەخۆیەوە بینیووە، هەروەها لەهەندێ لەناوچە دابڕێنراوەکانیش هێرشێکی ڕەگەزپەرستانە دەکرێتە سەر کورد کە بۆتە هۆکاری ئەوەی چەندین کەس کۆمەڵکوژ بکرێن و چەندین خێزان ئاوارە بن، لەلایەکی دیکەشەوە تۆپبارانی دەوڵەتانی دراوسێ بۆ ناوچە سنوورییەکان بەردەوامە، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسانە و چۆنیەتی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، قسەمان لەگەڵ فەریقی یەکەمی ڕوکن بابەکر زێباری سوپاسالاری عێراق کرد و بەڕێزی بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.

*** بڕیاری حکومەتی عێراق بەو جۆرەیە کە دەبێت بەپێی ڕێککەوتنی (سۆفا) هەموو هێزەکانی ئەمریکا لەکاتی دیاریکراوی خۆی لەعێراق بکشێنەوەو تەنیا بەشێکی کەم بەناوی ڕاهێنەران بۆ مەشقپێدانی سوپای عێراق بمێننەوە، ئایا لەمبارەوە بەڕێزتان چی دەڵێن؟**

- ئەم بابەتە خراوەتە بەردەم سەرۆك وەزیرانی عێراق بۆ گفتوگۆکردن لەسەری، پێموایە هیچ ڕێگرییەك نابێت لە مانەوەی مەشقپێکەرو شارەزاو ڕاوێژکارو تەکنیکییەکان، چونکە لەسەردەمی ڕژێمی سەدامیشدا نزیکەی ٢٥ -٣٠ هەزار ڕاوێژکار و شارەزای ڕووسی بەشێوەیەکی بەردەوام لە عێراق هەبوون،

**لەسەردەمی ڕژێمی پێشوودا لەبەر ئەوەی چەکی ئەوکاتی عێراق زۆربەی ڕووسی بوو، نزیکەی ٢٥ -٣٠ هەزار ڕاوێژکار و شارەزای ڕووسی بەشێوەیەکی بەردەوام لە عێراق هەبوون**

ئەمەش لەبەر ئەوەی چەکی ئەوکاتی عێراق زۆربەی ڕووسی بوو، هەرچەندە سوپای ئێستای عێراق بە بەراورد لەگەڵ سوپاکەی سەردەمی سەدام زۆر بچووکە، بەڵام بەشی هەرە زۆری چەکەکانمان ئێستا ئەمریکییە، بۆیە پێویستە ئێمە لەگەڵیان دانیشین بۆ ئەوەی بزانین پێویستمان بە چەند تەکنیککارو شارەزاو پسپۆڕو ڕاوێژکاری سەربازی لەسوپای ئەمریکی دەبێت، ئەمەش بەپێی ژمارەی فڕۆکە و تانك و زرێپۆش و بەشەکانی دیکەی چەك، بەهەمان شێوە ساڵی داهاتووش لەگەڵیان دابنیشینەوەو بزانین ژمارەی پارچە چەکە جۆراوجۆرەکانمان چەندە و پێویستمان بە چەند پسپۆڕ و شارەزا و مەشقپێکاری ئەمریکی دەبێت بۆ ئەوەی بمێننەوە، بە ڕای من ئەمەش نابێتە گرفتێك کە شایەنی باس کردن بێت.

*** هەندێك لە شارەزایانی سەربازی باس لەوە دەکەن سوپاو هێزەکانی ئاسایشی عێراق هێشتا بەو شێوەیە ئامادەنین، تا بتوانن بەرپرسیاریەتی پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری بەتەواوی وەربگرن، بەڕێزت وەك سوپاسالاری عێراق لەمبارەوە چی دەڵێن؟**

- بەڕای من هێزەکانی پۆلیس تەنانەت سوپاکەی عێراقیش گەیشتۆتە ئاستێکی ئەوتۆ، کە لەسەر ئاستی ناوخۆدا هیچ گرفتێکی نەبێت، ئەو خروقاتانەی هەیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کەسانێك هەن یارمەتی تیرۆریستان دەدەن و لە سنوورەکانەوە دەیانهێننە ناو سنووری عێراق ئامادەییان بۆ دەکەن لە دانانی بۆمب و ئۆتۆمبێل و ئامانجەکانیشیان بۆ دەستنیشان دەکەن، جاران گشت ئەو ڕێگایانەی لە بەغداوە دەردەچوون لەژێر کۆنترۆڵی ئەواندابوون بەجۆرێك بەشەو ڕووبەڕوویان دەبووینەوە، ئێستا ئەو شێوەیە نەماوە تەنیا چەند گرووپێکی بچووکن لێرە و لەوێ بەپێی ڕێنمایی هەواڵگری چالاکیەکانیان ئەنجام دەدەن. هەربۆیە تا خەڵك بەتەواوی هەماهەنگی لەگەڵ دەزگا و هێزەکانی حکومەت نەکات و گوتاری سیاسی یەك نەخرێت، لەو باوەڕەدام ئەم جۆرە خروقاتانە لێرەولەوێ ڕوودەدەن کە بێگومان کاریگەرییان لەسەر ئاسایشی ناوخۆی وڵاتیش دەبێت.

*** لە هەفتەی ڕابردوودا کۆمەڵێك تەقینەوەی خوێناوی لە عێراق ڕوویاندا ئایا ئەمە هاندەرێك نییە کە لە دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا ئەم جۆرە کردارانە بەردەوام بن؟**

- ئاماژەکان هەموویان ئاشکران، کاتێك گوتاری سیاسی یەکگرتوو نەبێت و گفتوگۆ ئەنجام نەدرێت و هاوکاری یەکتر نەکرێت ئەم کردارانە بوونیان دەبێت، هەروەها لە کۆتایی ساڵدا هێزە شەڕکەرەکانی ئەمریکا دەکشێنەوە، هەرچەندە دەمێکە کشاونەتەوە و تەنیا لە بواری لۆجیستی هاوکار بوون ئەگینا پۆلیس و سوپا تەنیا ئەرکی پاراستنی ئەمن و ئاسایشیان و چاودێری سنوورەکانی و کۆکردنەوەی زانیاری لە ئەستۆ بووە.

*** کەواتە بەڕای جنابت ئەگەر هێزەکانی ئەمریکا بکشێنەوە تیرۆریستان هەڵمەتەکانیان زیاتر دەکەن لە عێراق؟**

**ئەو خروقاتانەی هەیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کەسانێك هەن یارمەتی تیرۆریستان دەدەن و لە سنوورەکانەوە دەیانهێننە ناو سنووری عێراق و ئامادەییان بۆ دەکەن لە دانانی بۆمب و ئۆتۆمبێل و ئامانجەکانیشیان بۆ دەستنیشان دەکەن**

- تیرۆریستان تا ئێستا بیانوویان ئەوەیە کە شەڕی داگیرکەر دەکەن و دژی مانەوەی ئەمریکان لە عێراق، ئەگەر ئەمریکا دەرچوو چ بیانوویەکیان دەمێنێ بۆ ئەنجامدانی کرداری تیرۆریستی؟ لەلایەکی دیکەوە ئەوانەی کە پێیان دەوترێت بەعسییەکان، ئەمانە هەر کاتێك بتوانن، ئەوا دریغی ناکەن لە تێکدانی بارودۆخی عێراق، بۆیە ئەگەر ئەمریکا بکشێتەوە لەوانەیە وا بیر بکەنەوە کە هێزەکانی عێراق وەك پێویست نین و دەست بە کردەوە تیرۆریستییەکانی خۆیان بکەنەوە.

*** تا ئێستا سەرۆك وەزیران بە وەکالەت وەزیری بەرگری عێراقییە، هەفتەی ڕابردوو لیستی ئەلعێراقییە جەواد پۆلانی دەستنیشان کرد بۆ ئەو پۆستە پێتوایە حکومەتی عێراق جەواد پۆلانی قبوڵ دەکات؟**

- عێراقییە نۆ کەسی دەستنیشانکردووە کە پێنجیان مەدەنین یەکێك لەو پێنج مەدەنیە جەواد پۆلانییە، لەگەڵ چوار کەسی دیکەی کە سەربازیشن، بەڵام دکتۆر سەعدون دلێمی کە ئەویش سەر بە لیستی ئەلعێراقییەیە بە ڕەسمی پۆستی وەزارەتی وەرگرت بە وەکالەت دەستنیشانکراوە.

*** ئێستا کێشەیەك هەیە لەسەر ناوچەکانی سەعدیە و جەلەولا و خەریکە ئالۆزتر دەبێت و ژمارەیەکی زۆری کورد کوژراو و دەربەدەر کراوە، ئێوە وەکو وەزارەتی بەرگری عێراقی هەڵوێستتان چییە بەرامبەر بەم مەسەلەیە؟**

- ئەم مەسەلانە لە ساڵی ٢٠٠٣ەوە تا ئێستا لە هەموو ناوچە دابڕێنراوەکان بەردەوامە، ئەگەر بیرتان بێت ئەوەی لە موسڵ روویدا لە هیچ شوێنێك رووی نەدا، لە موسڵ نەك کورد، بەڵکو ئەوەی (شیعە بوو یان شەبەك، تورکمان، کوردی ئێزدی، برایانی مەسیحی ) کاری کۆمەڵکوژی هەموویانی گرتەوەو بە هەزاران خێزان ئاوارە کران، شەهید کران، ماڵ و خانوویان وێران کران، بۆیە لە هەموو شوێنێك ئەم شتانە بوونیان هەیە تەنانەت لەناو خودی بەغداش بە هەزاران خێزان ئاوارە و دەربەدەر کراون. بۆیە من دیسان دووبارەی دەکەمەوە کە خروقات هەیە، بەڵام خەڵك دەبێ هاوکار بێ، چونکە ئەگەر هەموو شتێك هەر بۆ پۆلیس و سوپا بەجێ بهێڵرێت، زەحمەتە بارودۆخەکە ئارام بێت، بۆ نموونە سەیری هەرێمی کوردستان بکە، لەوێ بارودۆخەکە ئارامە، چونکە خەڵك هەمووی دەستت لەناو دەستی پۆلیس و

**بەعسییەکان هەر کاتێك بتوانن ئەوا دریغی لە تێکدانی بارودۆخی عێراق ناکەن. ئەگەر ئەمریکا بکشێتەوە لەوانەیە وا بیر بکەنەوە کە هێزەکانی عێراق وەك پێویست نین و دەست بە کردەوە تیرۆریستییەکانی خۆیان بکەنەوە**

ئاسایشەوە هاوکاری یەکتر دەکەن، بەڵام لەم ناوچانەی دیکەی عێراق خەڵك لە جیاتی ئەوەی هاوکاری سوپا و پۆلیس بکات، یارمەتی تیرۆریستان بە هەموو ناو و جۆرەکانییەوە دەدات.

ئەو لیوایەی لەو ناوچەیە (جەلەولا و سەعدیە) زۆر پێشکەوتوو و بە توانا و خاوەن ئەزموونی زۆریشە لەڕووی پراکتیکییەوە و ئەوەی بۆیان بکرێ کردوویانە بۆ پاراستنی ئەمن و ئاسایش و گیانی هاووڵاتیان، بەڵام هەندێك شت هەیە لە دەرەوەی دەسەڵاتی ئێمەیە، خۆشتان دەزانن شەڕی تیرۆر جیاوازە لەگەڵ رووبەڕووبوونەوە لە مەیدانی جەنگ.

*** بەڵام ئەوە شەڕی ناسنامەی کوردە و لەسەر ناسنامەکەی کورد دەکوژن، شەڕی تیرۆر تەنیا کورد کوشتن نییە، بەڵام ئەمەی ئێستا تەنیا کورد دەربەدەر دەکەن؟**

- یەکێك لە پیلانەکانی تیرۆریستان ئەوەیە ئەم کێشانە بکات بە شەڕی تائیفی، نەتەوەیی، نەژادی لە عێراق، ئەمانە رەگەزپەرستن ئەوەی ئێستا دەیکەن هیچ جیاوازی نییە لەگەڵ ئەنفال و کیمیاباران کە سەدام دەیکرد و ئەگەر بۆیان بکرێ یەك کەسی کورد لە ناوچەکە ناهێڵن و دەربەدەری دەکەن.

*** هەرێمی کوردستان لەسەر داوای ئەمریکا هێزەکانی لەو ناوچانەدا کشاندوە، بەڵام دیسان جارێکی تر هێزەکانمان گەڕاندەوە ئەو ناوچانە ئایا دەکرێ حکومەتی عێراق نەتوانێت هاووڵاتیانی عێراق بپارێزێت؟**

- بەر لە چەند رۆژێك هەرسێ لایەنی حکومەتی هەرێم و ئەمریکییەکان و حکومەتی ناوەندی لە کەرکوك دانیشتنیان هەبوو و دڵنیام دەگەنە چارەسەرێك کە زۆر پێویستە بۆ ئەوەی خەڵکیش دڵنیا بێت، بەڕای من پێویستە هێزی هاوبەش لەو ناوچانەدا بوونیان هەبێت کە هێزێکی بێلایەنە و هەموو لایەك وەك یەك دەپارێزێت.

*** ئێستا کوردێکی زۆری ئەو ناوچەیە لەژێر هەڕەشەدایە، حکومەتی هەرێم هێزەکانی خۆی ناردووە، ناکرێ جارێکی تریش هێزەکانی خۆمان بکشێنینەوە و ناکرێ چیتر رێگا بدەین میللەتی ئێمە قەتلوعام بکرێتەوە، رای جەنابت چییە لەسەر ئەو مەسەلەیە؟**

- من دەڵێم هەر هەنگاوێك بنرێت پێویستە بە رێککەوتن و رەزامەندی بێت لەگەڵ حکومەتی بەغدا بۆ ئەوەی بەیەکەوە جێبەجێی بکەن و ناوچە کێشە لەسەرەکان بپارێزن.

*** سەبارەت بە دەستدرێژی وڵاتانی دراوسێ بۆ سەر هەرێمی کوردستان تا ئێستا نەمانبینیوە حکومەتی عێراق هەڵوێستێکی روونی هەبێت، ئایا مەسەلەکە ئەوەیە کە سوپای عێراق سنوورەکانی پێ ناپارێزرێت؟**

- پاراستنی سنووری عێراق لە ئەستۆی وەزارەتی ناوخۆدایەو هێزەکانی پاسەوانی سنووریش ئەو هێزەی نییە کە بەرگری لە سنووری عێراق بکات لە هەر دەستدرێژییەکی دەرەکی، ئەگەر شەڕ روویدا ئەو کات سوپای عێراق دێتە

**لەهەندێك ناوچەی عێراق خەڵك لە جیاتی ئەوەی هاوکاری سوپا و پۆلیس بکات. یارمەتی تیرۆریستان بە هەموو ناو و جۆرەکانییەوە دەدەن**

ناو مەسەلەکەوە و دەستێوەردان دەکات، سوپای عێراقیش تا ئێستا ئەو هێزەی نییە بچی شەڕ بکات بۆیە هەوڵ دەدرێ بە رێگای گفتوگۆ ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێ، چونکە نە حکومەتی هەرێم و نەحکومەتی مەرکەزی و نە کۆماری ئیسلامی ئێرانیش پێیان خۆش نییە ئەو شەڕە روویدات. ناکرێ هەر کردارێك روویدا ئێمە پەرچە کرداری هاوشێوەمان هەبێت و بەهێز وەڵامیان بدەینەوە، چونکە بارودۆخی ناوچەکە بە گشتی تووشی شڵەژان دەبێت.

*** کەواتە بەڕای جەنابت سوپای عێراقی ناتوانێت عێراق بپارێزێت؟**

- ناڵێم ناتوانێت عێراق بپارێزێت، بەڵام لە بەرژەوەندی عێراقدا نییە هەر گرفتێك یان ئالۆزییەك هەبێت بەشەڕ چارەسەری بکات، ئەگەر دەستێوەردانی سەربازی تورکیا و ئێران بەهەمان شێوە وەڵام بدرێتەوە، بارودۆخی ناوخۆی عێراق زیاتر تێکدەچێت و نا ئارامی و نا سەقامگیری سەرتاسەری عێراق دەگرێتەوە، خۆتان دەزانن بارودۆخی ناوخۆ لە بنەڕەتەوە شڵەژاو نائارامە، بە هەمان شێوە بارودۆخی هەرێمیش تێکدەچێت.

شێخ جەعفەر شێخ مستەفا وەزیری پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان بۆ (گوڵان):

# لە سەردەمی ڕژێمی بەعس و سەدامدا کورد لە ناوچە دابڕاوەکان تەنیا دەردەکران، بەڵام ئێستا دەکوژرێن و دەریش دەکرێن

**سەبارەت بە گرفتی پاکتاوی ڕەگەزی کە لە ناوچە کێشە لەسەربووەکان بەرانبەر خەڵکی کورد ئەنجام دەدرێن و، ڕۆڵ و تواناو ئیمکانیاتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ پاراستنی سەروماڵی هاووڵاتیان و چەندین پرس و ڕای تری پێوەندیدار بە پێشمەرگەوە کە ڕۆژانە دەوروژێنرێن، بە تایبەتی مەسەلەی یەکخستنەوەی هێزی پێشمەرگەو دابینکردنی بودجەی پێویست بۆ پەرەپێدانیان و مەشق پێدانی بەردەوامیان و زۆر مەسەلەی گرنگی تریش، وەك گۆڤاری گوڵان سەردانی بەڕێز وەزیری پێشمەرگەمان کردو بەم شێوەیە لە نزیکەوە ڕاستەوخۆ وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.**

**دووبارە بوونەوەی هەوڵی تەرحیل پێکردنەوەی کورد**


*** ماوەیەکە لە ناوچە دابڕاوەکان بەتایبەتی لە سەعدیە و جەلەولا و قەرەتەپە و مەندەلی و چەند ناوچەیەکی تری دەوروبەری کەرکوك هێرشەکانی تیرۆریستان بۆ سەر کورد ڕووی لە زیادبوون کردووە، پێت وانییە ئەمە پلانێکی داڕێژراو بێت بۆ چۆڵکردن و دووبارە تەرحیلکردنەوەی کورد لەو ناوچانەدا؟**

- ئێستا بارودۆخی ناوچە دابراوەکان بەشێوەیەکی گشتی بۆ هەموو پێکهاتەکانی خراپە، بەڵام بەتایبەتی بۆ کورد خراپترە، واتە بۆ کورد و عەرەب و مەسیحی و تورکمان و ئاشووری وەك یەکە،لەبەر ئەوەی هەم تەقینەوە لەم ناوچانە دەکرێت هەم کردەوەی کوشتنی شەخسی، تەنانەت لە کەرکوك چەند جارێکە کەنیسەکان دەتەقێنرێنەوەو برا مەسیحیەکان تیرۆردەکرێن، لە شاری موسڵیش بە هەمان شێوە ئەم کارە تیرۆریستیانە ئەنجام دەدرێت، لەبەر ئەوە تیرۆریستان جیاوازی ناکەن لەگەڵ پێکهاتە ڕەسەنەکانی ئەم شار و ناوچانە کە زۆر لە کۆنەوە لەگەڵ یەکتر دەژین و دۆستایەتی و خزمایەتی بەهێز لە نێوانیاندا هەیە، بەڵام تیرۆریستان زیاتر جەخت لەسەر کوردەکان دەکەنەوە، بۆ ئەوەی لەو ناوچانەی کە کوردنشینن زۆرترین ژمارەی کورد دەربکەن و زۆرترین ژمارەی عەرەبی هاوردە بهێننە سەرماڵ و شوێنی کوردەکان و نیشتەجێیان بکەن، هەربۆیە ئەوەی ئەمڕۆ زیاتر بارودۆخەکەی تێکداوە، ئەوەیە لەلایەن تیرۆریستانەوە هێرش دەکرێتە سەر کوردەکانی ناوچەی دیالە کە بریتییە لە ناوچەکانی سەعدیە و جەلەولا و قەرەتەپە و مەندەلی کە ئەمانە سەر بە قەزای خانەقینن، لەوێ بە بەرنامەیەکی زۆر ڕێکوپێك هێرش دەکرێتە سەر هەموو پێکهاتەکان و بەتایبەتیش کوردەکان، ئەم هێرش و کارە تیرۆریستیانە لایەنێکی هاندانی پەرگیریی نەتەوەییە و لایەنێکی مەزهەبییە، چونکە ئەوانەی شیعە مەزهەبیشن لەوێ بەشی هەرە زۆریان ئاوارەو دەربەدەربوونە، هاوکات ژمارەیەك لە تورکمان و عەرەب تیرۆرکراون، واتە تیرۆریستان دەستیان نەپاراستووە لە هەموو پێکهاتە ڕەسەنەکانی ئەم ناوچانە کە لە کۆنەوە پێوەندی و دۆستایەتی بەهێزیان لەگەڵ یەکتری هەیە، لەلایەکی ترەوە دەیانەوێت پێکهاتەکانی ئەم شوێنانە لە نێوان یەکتر ناکۆك بن و پێوەندی و دۆستایەتیان لەگەڵ یەکتر نەمێنێت و بارودۆخەکە خراپ بکەن، ئەوانەی ئەو کارە تیرۆریستیانە دەکەن هەموو جۆرە گرووپێکی تیرۆریستی لە پشتیانە، ئێمە هەموومان دەڵێین هەموو ئەو گرووپە تیرۆریستیانەی لە ناوچەکەدا هەن و باڵادەستن ئەوە لە کارە تیرۆریستیەکانی ئەم شار وناوچانە بەشدارن، هەر لە ئەنجامی ئەم کارە تیرۆریستیانەوە زیاتر لە ١٥٠٠ بۆ ١٧٠٠ماڵە کورد لەسەر موڵك و ماڵ و شوێنی خۆیان ئاوارەبوون و زیاتر لە (٧٠٠) کەس لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا شەهیدبوون و ئێستاکەش ئەم ژمارەیە لە زیادبووندایە.

**تەنیا ئەوەی ئێمە چاودێریمان لەسەری بێت و ڕێگری لێ بکەین و نەهێڵین بێتە ناو هێزی پێشمەرگەی یەکگرتووی کوردستان ئەو گرووپ و کەس و لایەنانەن کە ئیسلامی توندڕەو و تیرۆریستن**

**چوونی پێشمەرگە بۆ پاراستنی هەموو پێکهاتەکانە**

*** دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستان داوای کردووە پێشمەرگە بۆ ئەو ناوچانە بچن، کە بەپێی دەستوور و ڕێکەوتننامەی ئەمنی نێوان هێزەکانی ئەمەریکا و عێراق و هێزی پێشمەرگە ئەمە مافێکی ڕەوایە، بەڵام بەغدا هیچ وەڵامێکیان نەداوەتەوە، ئایا پێتوانییە گەر بێت و هێزی پێشمەرگە هەنگاوێکی خێرا نەنێت دووبارە کورد ئەو ناوچانە چۆڵ دەکەنەوە؟**



- لە کاتی خۆیدا لەسەر داوای ئەمەریکیەکان و عێراقیەکان، هێزی پێشمەرگە لەم ناوچانەدا بوون، ئەوکات لیوایەکی پێشمەرگەمان ناردبوو کە بارودۆخی ئەو کاتی ئەو ناوچانە زۆر لە ئێستاکە خراپتربوو، بەڵام توانیمان هەموو ناوچەکە تا ناو چیای حەمرین لە تیرۆریستان و پیاو خراپان پاك بکەینەوە و ئەم ناوچەیە هەمووی بوو بە شوێنێکی هێمن و لەبار و ئاسایشی تێدا بەرقەراربوو، هەرچەند لەئەنجامی چالاکیەکانمان ژمارەیەکی زۆر لە پێشمەرگەمان شەهید و بریندار بوون، بەڵام پاش ئەوەی تا ڕادەیەك هێزی سوپای عێراقی خۆی گرتەوە لەسەر داوای هێزەکانی ئەمەریکا و باڵیۆزی ئەمەریکا لە عێراق و عێراقییەکان و دوای مشتومڕێکی زۆر لەسەر مانەوەی هێزی پێشمەرگە لەم شوێنانە گەیشتە ئەو حاڵەتەی کە هێزی تێدا بەکاربێت، بۆیە ئێمە بە باشمانزانی و لەو کاتەدا بۆ ئەوەی کێشە دروست نەبێت هێزەکانمان بۆ ناوچەی خانەقین کێشایەوە، گەرچی لەو کاتەوە کارە تیرۆریستییەکان دەستی پێکردۆتەوەو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە زیادبووندا بووە، بەتایبەتی ئێستاکە ئەو کارە تیرۆریستیانە زۆر زیادی کردووە، ئەمەش ئەوەی سەلماند کە ئێستاکە نە سوپای عێراقی نە هێزەکانی ناوخۆ و نە هێزەکانی ئەمەریکییەکان ناتوانن ئەو ناوچانە کۆنترۆڵ بکەن و هێمنی و ئاسایش بۆ خەڵکی ئەو شار و ناوچانە دابین بکەن، ئەو ناوچە دابڕاوانە دەبێت بۆ ئێمەو بۆ عێراقییەکان وەکو یەك وابێت، دەبێت بە هەردوولامان تاکو ئەو کاتەی مادەی (١٤٠) ی دەستووریی کە بەشی زۆری گەلی عێراق و ئێمەش دەنگمان پێداوە جێبەجێ دەکرێت، پارێزگاری لەم ناوچانە بکەین و هەردوولامان بەرپرسین لە پاراستنی هێمنی و ئاسایشی ناوچەکە، بۆ ئەم مەبەستەش لەگەڵ لایەنی عێراقییەکان وئەمریکییەکان لەگفتوگۆ ومشتومڕێکی زۆردایـن بۆ ئەوەی هێزی پێشمەرگە بنێرینە ئەو شوێنانە.

### چڕکردنەوەی هەوڵەکان بۆ دانانی هێزو بازگەی هاوبەش

*** هێزەکانی پێشمەرگە (لەشکری کوردستان) بوونیان لەناوچە دابڕاوەکان وەکو پێویست نییەو تەنانەت خاوەنی سەربازگەو چەك و تەقەمەنی باش نین؟ ئایا ژمارەی ئەو هێزانەی لەو ناوچانە جێگیرکراون پێش ڕووداوەکانی سەعدیەو جەلەولا چەندە؟**

**تا ئێستا هێزی پێشمەرگە تاکە یەك فیشەکی لەلایەن وەزارەتی بەرگری عێراقیەوە پێنەدراوەو بۆی نەکردراوە یا وەرمان نەگرتووە**

- کە باسی ناوچە دابڕاوەکان دەکەین ئێمە پەکمان لەسەر ژمارەی هێزی پێشمەرگە نەکەوتووە، دیارە ئێمە بۆ هەر شوێن و ناوچەیەك پێویستیمان بەوە هەیە کە ژمارەیەك لە پێشمەرگە و لەسەربازی عێراقی و لە پۆلیس و ئاسایش بەیەکگرتوویی لە ژێر سەرکردایەتیەکی توندوتۆڵ و بەهێز ئامادەبکەین، ئەوەش بۆ پاراستنی ئاسایش و ئارامی ناوچەکە، بۆنموونە ئێستا ئێمە بازگەی هاوبەشمان هەیە، بەڵام ئەم بازگانە کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نییە لەسەر پاراستنی ئاسایش و ئارامی ناوچەکە، چونکە بازگەکانمان بەلای سنووری هەرێمی کوردستان دانراوە کە هێمنی و ئاسایشی تێدا بەرقەرارە، لەکاتێکدا وا پێویست دەکرا لەو ناوچانە بازگە دانرێت کە ناوچە دابڕاوەکانە بەلای سنووری عێراقەوە نەك بەلای سنووری هەرێمی کوردستانەوە، واتا بازگەی هاوبەش لەو شوێنانە دانرێت کە ئارامی و ئاسایشی تێدا نییەو تیرۆریستان لەو شوێنانەوە دزە دەکەن و دێن کاری تیرۆرستی ئەنجام دەدەن، ئەم کەموکورتی و کەمتەرخەمییە هۆکارەکەی بەشی زۆری بۆ عێراقییەکان دەگەڕێتەوە کە کاتی خۆی نەیانهێشت و زۆر پێیان دادەگرت کە لەم سنوورانە بازگەی هاوبەشی پێویست نییەو پێویست بەوە ناکات هێزی پێشمەرگەو بازگەی هاوبەش لەو شوێنانە دانرێت، لەلایەکی ترەوە ئەمڕۆ لە ناوچەی دیالە پێویستیمان بەوە

هەیە هێزێکی هاوبەش دروست بکەین لە هێزی پێشمەرگەو سوپای عێراقی و پۆلیسی ناوچەکە، تاوەکو چیتر کوردەکان و پێکهاتەکانی تریش لەم ناوچانەدا رووبەڕووی پاکتاوکردنی نەتەوەیی نەبنەوە.

**بیرخستنەوەی ١٩ خاڵەکەی کاتی پێکهێنانی حکومەتی عیراقی**

*** ئایا بەرای بەرێزت وەك وەزیری پێشمەرگە تاچەند ناردنی هێزی پێشمەرگە کێشەکە چارەسەر دەکات؟ ئایا میکانیزمی ناردنی ئەم هێزانە چۆنە؟**

- لە دوو، سێ ڕۆژی ڕابردوو بۆ ئەم مەبەستە لەلایەن لیژنەی کارەکانی باڵا کە نوێنەرانی وەزارەتی پێشمەرگە و وەزارەتی بەرگری عێراق و وەزارەتی ناوخۆی عێراق و لەگەڵ نوێنەری هێزەکانی ئەمەریکا کە جێگری هێزی گشتی ئەمەریکییەکان لە عێراق هاوکات بەرپرسی گشتی هێزی (فیرقەی شیمالی ئەمەریکی) تێدا بەشدرابوون، لە شاری کەرکووك کۆبوونەوەیەك سازکرا، بابەت و مەبەستی کۆبوونەوەکە لەسەر چارەسەرکردنی ئەم کێشەو گرفتانەیە کە لە ناوچەکانی سەعدیە و جەلەولاو قەرەتەپەو مەندەلی ڕوودەدەن، هەروەها لەم کۆبوونەوەیەدا باس لەوەکرا کە دەبێ ڕێوشوێنی وا بگیرێنەبەر کە زەمانەتی پاراستنی ئەمنیەتی ئەو ناوچانەو خەڵکەکەی بکرێت، لە پاش ئەمەش لیژنەی وەزاری کە بریتییە لە وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزیری پێشمەرگەو وەزیری بەرگری عێراق و وەزیری ناوخۆی عێراق و بەرپرسی گشتی هێزەکانی ئەمریکی لە عێراقدا کۆبوونەوەیەك دەکرێت و گفتوگۆیەکی تیروتەسەل ئەنجام دەدرێت بۆ ئەوەی چارەسەرێکی کۆتایی بۆ ئەم ڕووداوو بارودۆخانە بدۆزرێنەوە، جگە لەمە هەر لەچەند ڕۆژی داهاتووشدا بەڕێز دکتۆر بەرهەم ساڵح سەرۆکی حکومەتی کوردستان و بەڕێز نێچیرڤان بارزانی هەردووکیان پێکەوە بەرەو بەغدا بەڕێدەکەون بۆ وتوێژکردن لەگەڵ دکتۆر مالیکی لەسەر ئەم(١٩) خاڵەی لەکاتی پێکهێنانی حکومەتی عێراقیدا لەسەری ڕێککەوتبوین.

**دیاریکردنی خەرجیی سیادی بۆ پێشمەرگە**

*** یەکێك لە کێشە گەورەکانی پێشمەرگە گرفتی بودجەو دابین نەکردنی مافەکانی ئەو هێزانەیە کە لەدەستووری عێراقیدا دانیان پێدانراوەو پێویست بەوە دەکات بودجەکەی بەشێوەیەك دابنرێت کە وەکو خەرجییەکی سیادی سەیری بکرێت، واتا خەرجی پێشمەرگە بکرێتە خەرجییەکی سیادی؟ ئایا ئەم کێشەیە بەکوێ گەیشت و بۆچی لەهەرێمی کوردستان وا لێی بێدەنگن؟**

- تا ئێستا ئەوکێشەیەو چەندین کێشەی تری نێوان حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێمی کوردستان بەهەڵواسراوی ماونەتەوە و چارەسەر نەکراون، دیارە بەپێی بەندەکانی دەستووری عێراقی هەر هەرێمێك کە لە عێراق دروست بووبێت، پێویستە بەناوی هێزی پاسەوانی هەرێم هێزێکی تایبەت بەخۆی هەبێت، هێزی پاسەوانی هەرێم بەشێکە لە سیستەمی بەرگری عێراق، واتا بودجەی ئەو هێزە پێویستە لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە بودجەیەکی سیادی بۆ دابین بکرێت، بۆ ئەم مەبەستە لەساڵی ٢٠٠٧ ەوە کە ماوەی ٥ ساڵە لە پەرلەمانی عێراق یاسای بودجە دەنگی لەسەردراوە، کە دەبێت بودجە لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە بۆ هێزی پێشمەرگە و وەزارەتی پێشمەرگە دابین بکرێت، بەڵام تا ئێستا چارەسەری ئەو کێشەیە نەکراوە.

***پێت وانییە سوپای عێراق بەبەردەوام بە ملیۆنەها دۆلار سەرقاڵی سەفقەی کڕینی چەك و تۆپ و فڕۆکەی جەنگی پێشکەوتووە، لەکاتێکدا هێزی پێشمەرگە بەو شێوەیە پڕ چەك نییەو لەلایەن عێراقەوە بێبەشکراوە لەو سەفقە سەربازییانە؟**

- وەزارەتی بەرگری عێراق بودجەی خۆی هەیە و لەو بودجەیە کە هەیەتی و لەو بودجەیەش

**لەناو سوپای عێراقی دژایەتی ئەفسەر و سەربازانی کورد بەگشتی دەکرێت و بە مامەڵەی خراپەوە ئەفسەر و پلەداران بێزاردەکەن و هەر بۆیە ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکان سوپای عێراق بەجێ دەهێڵن و دێنەوە هەرێمی کوردستان**

کە دادەنرێت بۆ کڕینی چەك و تەقەمەنی، خۆی پڕ چەك دەکات و چەندین چەکی سوك و قورس دەکڕێت بۆ سوپاو هێزەکانی، بەتەئکید ئێمەش وەکو هێزی پێشمەرگە مافی خۆمانە لەو بڕە چەکانە بەشی هەرێمی کوردستانیش دابین بکرێت و بەشمان بدرێت، چونکە ئەو چەك و تەقەمەنییانەی وەزارەتی بەرگری عێراقی دەیکڕێت لەسەر بودجەی سیادییەو بەشی هێزی پێشمەرگەو وەزارەتی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستانی تێدایە، بەڵام تا ئێستا هێزی پێشمەرگە تاکە یەك فیشەکی لەلایەن وەزارەتی بەرگری عێراقەوە پێنەدراوەو بۆی نەکڕدراوە یا وەرمان نەگرتووە.

**هەوڵەکانی چاککردنەوەی موچەی پێشمەرگە**

*** مەسەلەی کەمی مووچەی پێشمەرگە و چاککردنی مووچەی پێشمەرگە بە کوێ گەیشت؟**

- ئەو مووچەیەی دەدرێت بە پێشمەرگە کەسمان ناتوانین بڵێین ئەو مووچەیەیە کە لە ئاستی خەبات و ماندوبوون و خۆبەختکردنی پێشمەرگەدایە، ئەگەر باسی خەبات و گیانفیدایی و خۆبەختی و دڵسۆزی پێشمەرگە بەرامبەر بە مووچەکەی بکرێت ئەوە مووچەکەیان هیچ نییەو زۆر کەمە، بۆ ئەو پێشمەرگانەی کرێچین بەشی کرێی خانووەکەیان ناکات، بەڵام ئەمڕۆکە خەریکین و دەستمان کردووە بە یەکخستنەوەی هێزی پێشمەرگەو ئەو پێشمەرگانەی کە دێنە ناو وەزارەتی پێشمەرگەوە، ئەفسەرو پێشمەرگەکان مووچەکانیان وەکو مووچەی وەزارەتی بەرگری عێراقی لێ دێت، بەهەموو ئیمتیازاتەکانیانەوە، بەڵام دیارە ئەمە پرۆسەیەکی درێژخایەنە بەرۆژێك و دووان ناکرێت، چونکە پێداویستییەکانمان نییە، وەکو ئاماژەم پێکرد کێشەی بودجەمان هەیە، لەبەرئەوەی کارو ئیشەکانیش بەبودجە دەکرێت، دەبێ ئەوەش بزانین وەزارەتی پێشمەرگە تایبەتمەندی خۆی هەیە وەکو وەزارەتەکانی تر نییە، بەڵکو هێزی چەکدار پارە خەرج دەکات واتە بەکاربەرە، بەرهەمهێن نییە، بەڵام ئێستاکە لە گفتوگۆدایین بۆ ئەوەی بتوانین مووچەی ئەو پێشمەرگانە چاك بکەینەوە کە لە دەرەوەی وەزارەتی پێشمەرگەن، مەبەست لە دەرەوەی وەزارەت ئەوەیە لە ڕووی ئیدارییەوە، نەك وەکو ئۆپڕەت و هێزی پێشمەرگە، لەبەرئەوەی ئەمڕۆکە هەموو پێشمەرگە لەخزمەتی هێزو ئۆپڕەتی وەزارەتی پێشمەرگەدایە، هەر ئێستاکە وەزارەتی پێشمەرگە دەتوانێت هەرچی هێزی پێشمەرگەیە لەسەرتاسەری هەرێمی کوردستانە لە شوێنێك بۆ شوێنێکی تر بیانجوڵێنێت.

**ئامادەباشی بەردەوامی هێزی پێشمەرگە**

*** باس لەوە دەکرێت پێشمەرگەیەکی زۆرمان هەیە، بەڵام دەوام ناکەن یا بن دیوارن تا چەند ئەمە ڕاستە؟**

- هێزی پێشمەرگە دەوامی فەرمی خۆی هەیە و ئەرك و فەرمانی خۆیان بەجێ دەهێنن و مەشق و ڕاهێنان ئەنجام دەدەن.

هەر کاتێك ئەرکی لەسەر بێت ئامادەیەو چاودێری و لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێت، ئەوەی لە دەرەوەی هێزی پێشمەرگە قسە دەکات ئەوە نازانم ئەو قسەو زانیارییانە لە کوێ دەهێنن، بۆیە لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین ئەو قسەو وتانەی لە دەرەوەی هێزی پێشمەرگە باس دەکرێن دوورن لە ڕاستییەوە، بۆ تەئکیدی ئەمەش ئێستاکە ئەم بارودۆخەی لەناوچەکانی دیالە ڕوویداوەو داوامان کردووە کە هێزی پێشمەرگە ئامادەبن و بجووڵێن، لە(١٠٠٪)ی هێزی پێشمەرگە لە ئامادەباشی دابوون و بەرەو شاری خانەقین چوون.

**دابینکردنی پێداویستیەکانی یەکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە**

*** لەو کاتەی جەنابی سەرۆك هەرێمی کوردستان کە فەرماندەی گشتی هێزە**

**چەکدارەکانە تا چەند هەوڵەکان چڕکراونەتەوەو هەنگاوی عەمەلی نراوە بۆ دامەزرانی سوپایەکی یەکگرتوو؟**

- دیارە ئەمڕۆ جەنابی مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە لە هەمان کاتدا فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی کوردستانە، کە دەڵێین هێزە چەکدارەکان واتە هێزی ناوخۆ و هێزی پێشمەرگە دەگرێتەوە، ئەوەی کە چەکی پێ بێت و لەژێر سایەی یاساو نیزام بێت، جەنابی مسعودبارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەمڕۆ فەرماندەیەتی، هەروەها سەبارەت بە ئێمەش جەنابیان فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەشە، ئەمڕۆ ئێمە وەکو وەزارەتی پێشمەرگە فەرمان لە جەنابی مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان وەردەگرین وەکو فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، جەنابی مسعود بارزانی یەکێکە لەو سەرۆکانەی کە کارو ئیش بە دڵسۆزی و جددی دەکات و زۆر بەپەرۆشە بۆ یەکخستنەوەی هێزی پێشمەرگەو بەرنامەو پلانی داناوەو هەمیشە ئاراستەی وەزارەتی پێشمەرگەی دەکات و فەرمان دەدات بۆ پەلەکردن لە یەکگرتنەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و کاردەکات لەسەر دابینکردنی ئەو پێداویستیانەی کە پێویستن بۆ یەکخستنەوە و یەکگرتنی هێزی پێشمەرگە.

**مانەوەی عەقڵیەتێکی شۆڤێنی**

*** تا چ رادەیەك زانیاریتان هەیە لەسەرخۆ پڕ چەککردنەوەی سوپای عێراقی؟ کە چەندین فڕۆکە و تانك و چەکی قورسی کڕیوە یا گرێبەستی کردووە؟**

- وەکو ئەوەی کە پێوەندی یا پرسەمان پێ کرابێت، ئەوە هیچ زانیارییەکمان لەمبارەیەوە نییە کەچی دەکرێت و چی دەکەن، بەڵام لە رووەکەی ترەوە دەزانین و ئاگادارین عێراق چی دەکات، بێگومان دەزانین کە عێراق و وەزارەتی بەرگری عێراق جۆرەها چەك دەکرێت و سوپا پڕ چەك دەکات و دەیەوێت سوپایەکی وا ئامادە بکات کە بتوانێ بەرگری لەخۆی و ئەو دەسکەوتانە بکات کە هاتونەتە دی و بەرگری لەو ئازادی و دیموکراتییە بکات کە هەیە، بەڵام وەکو ئەوەی بەشی وەزارەتی پێشمەرگە دراپێت ئەوە لەپێشتر ئاماژەم پێکرد کە یەك فیشەکیش نەدراوە بە ئێمە، کە ئەمەش یەکێکە لە کێشەکان.

**کەمبوونەوەی رێژەی کورد لەناو سوپای عێراق**

*** هەست ناکەیت کەمتەرخەمیەك لە نوێنەرانی کورد لە ناو وەزارەتی بەرگری عێراق هەیە کە نەیتوانیوە بەشی هێزی پێشمەرگە زامن بکەن؟**

-ئەوە زۆر کەس باسی ئەوە دەکات کەمتەرخەمی هەیە، ئەوەی باسی ئەو کەمتەرخەمییە دەکات با خۆی بێت با بزانین ئەو گرفتە لە کوێیە بۆمان چارەسەر بکات کە ئێمەش هاوکاری تەواو جددی دەکەین، ئێمە لەگەڵ دەسەڵاتێك مامەڵەمان هەیە کەکارو مامەڵەکە قورس و زەحمەتەو ئەو عەقڵیەتەی کە ئەمڕۆ هەیە زۆربەی هەرکۆنەو نەگۆڕاوەو زۆر بەئاسانیش ناگۆڕدرێت، ئەگەر ئەم عەقڵیەتە بگۆڕابایە ئەوە ئەوکێشانەی ئێستاکە لەعێراقدا هەیەو لەو ناوچانە روودەدات ئەوە بە هیچ جۆرێك رووی نەدەدا، ئەمڕۆکە کە باسی ناوچە کێشە لەسەربووەکان دەکەین، ئەگەر ئەم عەقڵە بڕوای بەمە هەبوایە کەنەتەوەی کورد وتورکمان و...تاد. بەشێکن لە میللەتی عێراق ئەوە قەت ئەو کێشەو رووداوانە رووی نەدەدا، چونکە بە هاوکاری هەموو لایەکەوە پارێزگاریمان لە ناوچەکەو خەڵکەکە دەکرد، لەلایەکی ترەوە ئەگەر باوەڕو عەقڵیان وابوایە کە هێزی پێشمەرگە پشتیوانی و هاوکاری سوپای عێراقیە ئەوە ئەو کێشەو رووداوانەی هەیە بە هیچ جۆرێك نەدەهاتە پێشەوە، بەڵام ئەوان رازی نین هێزی پێشمەرگە بچێتە ئەو ناوچانەو پارێزگاری لێ بکات، گەرچی خۆشیان ناتوانن وەکو سوپای عێراقی پارێزگاری لەم شوێن و ناوچەو خەڵکە بکەن، بۆیە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو هەست و عەقڵە قورس و زەحمەتە، ئێمە دەمانەوێت چارەسەری کێشەکانمان لە رێگای دەستوورەوە بکەین، بەڵام ئەگەر چارەو دەسەڵاتێك نەما ئەوە ناچارین رێگای تر بگرینەبەر هەر لەبەر ئەو عەقڵیەتە خراپ و قورسەشە کە بەشەچەکی ئێمە نادەن و کێشەکان چارەسەر ناکەن و کێشەکانیش هەر هەموویان کێشەی سیاسین، ئەگەر کێشەیی سیاسی نییە ئەدی بۆچی ماوەی (٥) ساڵە لە پەرلەمانی عێراقی دەنگدراوە لەسەر بودجەی وەزارەتی پێشمەرگەو دەبێ لەلایەن حکومەتی بەغداو وەزارەتی بەرگری عێراقی دابین بکرێت، گەرچی میزانییەکەمان پێ نادەن. هەروەها رێککەوتین و بڕیار هەیە کە دوو فیرقەی سەربازی لە هێزی پێشمەرگە لە هەولێر و دهۆك و سلێمانی دروست بکرێت، گەرچی دێیتە سەر جێبەجێکردن بەربەست دروست دەکەن و بودجە نادەن و ناهێڵن فیرقەکان لە کوردستان دروست بێت، ئەمە بە تەئکید کێشەیەکی سیاسییە و هەر بە سیاسی چارەسەر دەکرێت، لەلایەکی ترەوە لەناو سوپای عێراقی دژایەتی ئەفسەر و سەربازانی کورد بەگشتی دەکرێت و بە مامەڵەی خراپەوە ئەفسەر و پلەداران بێزاردەکەن و هەر بۆیە ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکان سوپای عێراق بەجێ دەهێڵن و دێنەوە هەرێمی کوردستان و حاڵەتی دژایەتیکردنی کورد بەئاشکرا لەناو سوپای عێراقدا هەیە، هەر بۆیە رۆژ لە دوای رۆژ رێژەی کورد لەناو سوپای عێراق کەم دەبێتەوەو لە جیاتی ئەوەی ئەمڕۆکە رێژەی کورد لە ناو سوپای عێراق(٢٠٪ - ٢٥٪) بێت ئەوە بۆتە لە (٧٪ - ٦٪)، بە تەئکید کەمبوونەوەی رێژەی کورد لەناو سوپای عێراق مەترسیدارە بۆ کوردو کوردستان و رێژەی پلەدارەکانیش لەناو سوپای عێراق هەر بەرەو کەمبوونەوە دەچێت هەموو ئەمانەش هۆکاری سیاسی لە پشتەوەیە.

**جەنابی مسعود بارزانی یەکێکە لەو سەرۆکانەی کە کارو ئیش بەدڵسۆزی و جددی دەکات و زۆر بەپەرۆشە بۆ یەکخستنەوەی هێزی پێشمەرگەو بەرنامەو پلانی داناوەو هەمیشە ئاراستەی وەزارەتی پێشمەرگەی دەکات**

**بەشداربوونی هەموو بیروڕاو ئینتیمایەك لەناو هێزی پێشمەرگەدا**

*** ئایا جگە لە پارتی و یەکێتی لەناو هێزی پێشمەرگەی یەکگرتوو و حزب و لایەن و کەسانی تر هەیە؟**

- لەناو هێزی پێشمەرگەی یەکگرتووی کوردستان هەموو حزب و لایەنێك هەیەو دەتوانن تێدا بەشداربن، هەموو ئەو حزب و هێزانەی کە بەشداربووینە لە شۆڕشی رزگاریخوازی گەلی کوردستان و شەهید و قوربانییان هەیە ئەوە هەموو هێزەکانیان یا بەشێك لەهێزەکانیان لە هێزی پێشمەرگەی یەکگرتووی کوردستان وەرگیراون و بەشدارن و خەڵکی بێ لایەنیش دەتوانن بەرۆحێکی نەتەوەیی و دڵسۆزی بۆ نیشتمانەکەیان لەم سوپاو هێزەی کوردستان بەشدار بێت.هەروەها بە تەئکید ئۆپۆزسیۆنیش لەناو هێزی پێشمەرگەی یەکگرتووی کوردستان هەیە.

*** بەرنامە و پلانی وەزارەتی پێشمەرگە چییە و هەنگاوەکانتان بە کوێ گەیشتوون؟**

- ئێستا لەم قۆناغەدا کاری گرنگ و سەرەکیمان یەکخستنەوەی هێزی پێشمەرگەیە و تەجهیزکردن و مەشق پێکردنی هێزی پێشمەرگەیە، بۆیە کە بەردەوام کارو بەرنامەو پلانمان لەسەر ئەم کارو ئیشانەیە، لە داهاتووشدا پاش ئەوەی کە توانیمان هێزی پێشمەرگە یەکبخەین، بۆ وەرگرتن لە کۆلیژی سەربازی لە شارەکانی هەرێمی کوردستان ناوەندی خۆبەخش دەکەینەوە بۆ ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت لە ناوی هێزی پێشمەرگە ئیش بکەن و هەموو کەسێك بۆی هەیە داوای خۆی پێشکەش بکات و بێتە ئەو ناوەندانە و لەناو هێزی پێشمەرگەی یەکگرتووی کوردستان کار بکات، ئەو کەسانەی دێنە ناو هێزی پێشمەرگەی یەکگرتووی کوردستان هیچ لێپرسینەوەیەکیان لەگەڵ ناکرێت کە ئایا سەر بە چ حزب و لایەنێکن، تەنیاو تەنیا ئەوەی ئێمە چاودێریمان لەسەری بێت و رێگری لێ بکەین و نەهێڵین بێتە ناو هێزی پێشمەرگەی یەکگرتووی کوردستان ئەو گرووپ و کەس و لایەنانەن کە ئیسلامی توندڕەو و تیرۆریستن.

# کوردستان:مافی دیاریکردنی چارەنووس
# لەنێوان هەردوو ئیرادەی نێودەوڵەتی و نیشتمانیی نەتەوەییدا



د. تەیسیر عەبدولجەبار ئالووسی*

بۆ گوڵان نووسیویەتی

**بزاڤی رزگاریخوازی کورد ئەمڕۆ بۆ ئەم قۆناغە بایی هێندە پێگەیشتووەو تێگەیشتووشە کە بڕیارێکی دروستانە لەسەر چارەنووسی خۆیبدات**

### ١- دەسپێك:
### مافی (دیاریکردنی چارەنووس) لە (یاسای نێودەوڵەتی)دا

مافـــی دیاریکردنـــی چارەنـــووس لەشـــەرعیەتی نێودەوڵەتی و لەناو دووتوێی یاســـاکانیداو و هاوکات لەگەڵ بەندو بڕگەکانـــی پەیماننامەو ڕێککەوتنە جیهانییەکاندا ڕێگەو شـــوێنی تایبەتی خۆی هەیەو ڕێبازێکی بنەڕەتییە لەناو یاسای گشتی نێودەوڵەتیدا، کە دواتر بەشێوەیەکی نوێ و قووڵتر لەوەی بە تەنیا ڕێبازێك بێت پێناســـەی تازەتری بۆ داڕێژراوەتەوەو لە دۆســـییەکاندا وا دەستنیشان کراوە کە ئەم ڕێبازە تایبەتمەندی خۆی هەیە، ئەمەش بە پشـــت بەستن بـــەو کاروانە مێژووییەی گەلان کـــە وەك ڕێچکەو بنەمایەکی یاســـایی ئەم مافەی تێدا چەسپێنراوە، کاروانەکە لە سەدەی شانزیەمەوە دەستی پێکردووەو بە کۆمەڵێك بڕیاری نێو نەتەوەیی تەتویجکراوەو دواجار لەکۆبەنـــدو کۆبڕیارەکانەوە بڕیاری ژمارە ٢٦٢٥ ی ساڵی ١٩٧٠نەتەوەیەکگرتووەکانی تایبەت بە مافی دیاریکردنی چارەنووسی لێ گەڵاڵەکراوە، هەروەها بە سوود وەرگرتن لەو مێژووەی کە ڕەشنووسەکەی لەسەر ئامادەکـــراوەو، دواتر هەمەوو بابەتێك کە پێوەندی بەم مافـــەوە هەبێت لە ژێرناوی (جاڕنامەی جیهانی بۆ مافی گەلان لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان) بە دۆسییە پارێزراون، ئەمەش لە پێبەخشینی مافەکەدا بۆ میللەتانی ژێردەســـتەو چەوســـاوەو گەیشتنیان بە مافی ســـەربەخۆیی و ڕێزگرتنێکی جیهانی بۆ مافەکانی مرۆڤ کۆکراوەتەوە.

بەپێـــی بڕیـــاری ٣٠٧٠ ســـاڵی ١٩٧٣، نەتەوەیەکگرتووەکان داوای لە هەموو وڵاتانی ئەندام لەو ڕێکخراوەدا کردووە کە سەرەتا دان بنێن بە مافی گەلان لە دیاریکردنی چارەنووس و ســـەربەخۆییاندا، دوای ئەوەش جەختی کردۆتەوە لەســـەر پابەندبوونی وڵاتانی ئەندام تا بکارێن بۆ وەدیهێنانی ئەو ئامانجەو پشـــتگیری گەلان بکەن بۆجێبەجێ کردنی مافەکە لەسەر زەوینەی واقیع.

ئەمەش بەهەردوو شـــێوازە دەرەکی و ناوخۆییەکەی چ لەپێناوی وەدیهێنانی ســـەربەخۆیی یان یەکگرتن لەچوارچێوەی وڵاتێکدا یان دروستکردنی کانتۆنات بەو شـــێوازەی گەل بڕیاری لەســـەر دەدات چ لەناو بۆتەی کیانێکی ســـەربەخۆدا، یان بەهەر شـــێواز و داڕشتنێکی تر کە گەلی وڵاتەکە بەبێ دەستێوەردانی دەرەکـــی بڕیاری لەســـەربدەن، پێویســـتە ئیرادەی نێودەوڵەتی ڕێز لە هەر ئەنجامێکیان بگرێت..

لەلایەکی ترەوە هەرنەتەوەیەك چ لە گرووپێکی ئیتنی جیـــاواز بن، یان لە پێکهاتەیەکـــی ئاینیی بچکۆلە پێکهاتبـــن ئەوانە بـــە زۆرینەی دەنگـــەوە دەتوانن لەناوچوارچێوەی دەوڵەتێکدا، دەسەڵاتی خۆیان پیادە بکـــەن و، سیســـتەمی فەرمانڕەوایی بۆ حوکمڕانی خۆیان هەڵبژێرن، شێوازو سرووشی دامودەزگاکانیش دیـــاری بکەن، ئەمە لە کاتێکدا گەرێتو شـــێوازی مافی چارەی خۆنووســـینەکە بۆ ئەو گرووپە مافی جیابوونەوەو ســـەربەخۆیی تێدا دیـــاری نەکرابێت، بەم شێوەیە یاســـای نێودەوڵەتی هەندێك ماف فەرز دەکات بـــۆ ئـــەوەی زۆرینە ڕێزی لـــێ بگرن، و لە چوارچێوەی ڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤدا بیانپارێزن.

لێرەدا ئەم دەســـپێکە کورت دەکەینـــەوە بۆ ئاماژەدان بەوەی بەپێی بڕیارێکی مێژوویی کە لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دراوە، مەسەلەکە یەکلایی کراوەتەوەو بە ڕوون و ئاشـــکرایی و بەبێ گومان گوزارشت لەم مافە ڕەوایە کراوەتەوە، هەروەك چۆن بە دەق و تێکستەوە بەم شـــێوەیە ڕوونکراوەتەوە ((بەبێ جیاوازی، مافی هەموو گەلانی دنیایە کە بڕیار لەســـەر چارەنووسی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتووری خۆیان بدەن، بەمەرجێك بـــۆ وەدیهاتنی ڕەوایەتی ئەو مافە کۆمەڵێـــك هەنگاوی ڕێك و پێـــك بنێن، لە پێناوی ئەوەی ئەو گەلانەی کە تا ئێســـتاش سەربەخۆ نین یان سەربەخۆیی تەواویان بەدەست نەهێناوە ئەم مافە بە دەست بهێنن، هیچ هۆکارێك /چەندە بە بیانووش بێت/ نابێت لەمپەردروســـت بکات بۆ دواخســـتنی بڕیاری چارەنووســـی گەلێك لە ناو گەلان، چونکە ملکەچ پێکردنی گەلان لـــە پێناوی ئەوەی بکرێنە کۆیلـــەی بێگانە، کارێکی نابەجێیـــەو دژ بە مافە بنەڕەتییەکانـــی مرۆڤە، هەروەها لەگەڵ جاڕنامەی جیهانی بۆ مافەکانی مرۆڤ وێکنایەتەوەو ڕێگەش لە ئاشتی و هاوکاری نێودەوڵەتی دەگرێت)).

لەژێر تیشـــکی ئەم وتـــەزا یەکلاکەرەوەیەدا دەتوانین جەخت بکەینەوە لەسەر ئەوەی کە لەناو چوارچێوەی عێراقدا، گشـــت پێکهاتەو نەتەوەکان دەتوانن مافی چارەنووســـی خۆیان دیاری بکەن و لەســـەر ئاستی دەرەوە و نـــاوەوەش پشـــتگیری بـــۆ وەدیهێنانی ئەم مافەیان وەربگرن، ئەوەش بەپێی پرەنســـیپ ویاسای نێودەوڵەتیـــی لە دیاریکردنی چارەنووســـی گەلاندا کارێکی سروشتییە، چ جای بۆ تاوتوێ کردنی ئەو کێشـــەیەی پێوەندی بە گەلی کوردستانەوە هەیە یان بۆ چارەســـەرکردنی ئەو گرفتانەی کە پێوەندی بە ئایین و نەتەوەکانـــی دیکەی عێراقەوە هەیە، هەوڵ دەدەین لە بەشـــی دووەمی ئەم خوێندنەوەیەدا بێینە سەریان.

## ٢- کوردســتان و مافــی چارەی خۆنووســین لەناو کاروبارە ناوخۆیی و نێونەتەوەییەکاندا

کێشەی کورد وەك هەر کێشەیەکی تری زۆربەی گەلانی دنیا لە ڕووی مێژوویی و سیاسییەوە دەستێوەردانێکی دەرەکیانــەی ئاڵۆزی بەرکەوتووە، بەو دەســتلێوەردانە جەستەی نیشــتمانی کوردان هەلاهەلا بووە، چونکە کۆمەڵێك ڕێککەوتن کراوەو لە چوارچێوەی سەرختستنی خیتابی سەرکەوتووەکانی جەنگ بەسەر ژێرکەوتووەکاندا ئەو ڕێککەوتنانە بەزۆری زۆردارەکی فەرزکراون، هەر لەو کاتانەوەی کــە ململانێیەکی نێودەوڵەتی لە نێوان فارسەکان و عوســمانییەکاندا هەبووە هەر بەو شێوەیە مامەڵەیــان لەگەڵ کورددا کــردووە، واتە بەلۆژێکی سەرکەوتوو و ژێرکەوتوو خاکی ئەو گەلەیان دابەشیوە، هەر بۆیە لەژێر سایەی دەوڵەتی عوسمانیدا لە سەدەی شانزەیەمەوە بەشێکی گەورەی کوردستان لە بەشەکەی تری دابڕێندراوە..

بەڵام بۆیەکەمین جار لەســەر ئاستی نێودەوڵەتی کە دان نراوە بە کێشــەی کورددا لە ســاڵی ١٩٢٠ بوو کاتێك پەیماننامەی ســیڤەر مۆرکرا، دواتر هەر زوو بە ڕێککەوتننامەی لۆزان لە ساڵی ١٩٢٣ مافەکانی گەلی کوردیان تێدا ڕەتکرانەوە، هەرچی لە دەقەکانی سیڤەردا هاتبوون بۆ مافدان بەکورد تا دەوڵەتێك لەسەر خاکــی مێژوویی خۆیان دابمەزرێنـــن، هەر هەمووی ڕەتکرانەوە، گەرچی زنجیرەیەك شــۆڕش لە مێژووی کــۆن و نوێدا لە لایەن گەلی کــوردەوە بەرپا کران و وێڕای دەرکەوتنی چەند میرنشــینێکی ســەربەخۆ و نیمچــە ســەربەخۆ بەڵام بە درێژایــی ئەو مێژووە کاروبارەکان هەر وەك خۆیان مانەوە..

گەلــی کــورد بــۆ یەکەمیــن جــار لەمێــژوودا هەندێك لەمافەکانــی خۆیان وەدیهێنــا ئەویش وەك وەڵامدانەوەیەك بۆ ئیرادەی پتەویان، کاتێك لەســاڵی ٢٠٠٣ لە دەستووری عیراقدا مافی فیدراڵی بوونیان لــە چوارچێــوەی عێراقێکــی فیدراڵدا چەســپاند. ئەمڕۆش لە چوارچێوەی ئەم کاروانەدا کێشەی کورد کەوتۆتە بەر ڕاکێشــان و بێنە و بەردەی بەرژەوەندییە دوفاقییەکانــی ناوچەکــەوە، زوڵــم و زۆرێکی زۆر دەرهەق بە کوردانی هەریەك لە وڵاتانی سوریا و ئێران و تورکیا دەکرێت، لە وڵاتی ســوریادا تەنانەت مافی هاووڵاتی بوون و وەرگرتنی ڕەگەزنامەشــیان بەپێی یاسا لێ قەدەغەکراوە، کە ئەمەش بەپێچەوانەی یاسا نێودەوڵەتییەکانەوەیە، بەتایبەتی لەو بەند و بڕگانەیدا کەباس لە بەمولکایەتی کــردن و پیادەکردنی ژیانی سروشــتی مرۆڤ بە یەکســانی و تەماشــاکردنی هەمووان وەك یەك دەکرێــت. لە وڵاتی ئێراندا مافی گەلی کورد ئاڵۆزکاوتر بووە، لەوێش ڕژێمێك هەیە کە بزاڤی ڕزگاریخــوازی نەتەوەیی کوردی دەرپەڕاندۆتە دەرەوەی ســنووری خۆیەوە، بەو بیانووەوە ئێران تەعدا لە سەروەریتی وڵاتانی دراوسێی خۆی دەکات، خاکی دراوســێکەی خۆی کە بەشــێکی لە خاکی هەرێمی کوردستانی فیدراڵ پێکهاتووە ناو بە ناو خستۆتە ژێر مەرحەمەتی ئاگر و ئاســنی خۆیەوە، لەتورکیاش بە بەردەوامی فەلســەفەی بە تورکی کردنێکی ئاشکرا پیادە دەکرێت، کە هەر وەکو سیاســەتی بە عارەبکردنە کە هەوڵێکی شــۆڤینییەکان بوو بۆ توانەوەی گەلی کورد و بەردەوامیــش هەوڵ دەدرێت تا نەتەوەی کورد لەناو نەتەوەی تورکدا بزر بکرێن، لە تورکیا سوپایەکی چەکدار کە بەشــێك لە فەرمانڕەوایی بە دەســتە بە ئامێری ســەربازی و بەکە جەنگیەکانــی خۆیانەوە هەروەها لە ڕێگەی هێزە داپلۆســێنەرە تایبەتەکانیەوە بەرێگەیەکی خوێناوی شارو دێهاتەکان دەکێڵن..

ئەمــەش دەچێتە قاڵبی بەکارهێنانی ئەو سیاســەتی جینۆســایدەی کە لە کوردســتاندا پیادە دەکرێت، بە بەردەوامــی پلان و پیلانــی زۆرو زەبەند لە وڵاتانی دەوروبەری کوردســتانەوە دادەڕێژرێــن، زۆربەیان لە هەوڵی ئەوەدان کە ســەقامگیری لەم ناوچە ئارامەدا نەهێڵــن. هەمــوو ڕێگەچــارەکان بــۆ دیاریکردنی چارەنووســی ئەم گەلە بە بنبەســت بگەیەنن و زۆر لایەنــی تریش هەن لە ناوخــۆو دەرەوەدا کە خەریکی پیلانگێڕانــن بۆ ڕاگرتنــی کاروانی پێشــکەوتنی کوردستانی عێراق، ئەمانەش هەمووی بەپێچەوانەی ئەو دەقە یاســایی و ڕێکەوتنــە نێودەوڵەتیانەیە کە لە دەسپێکدا ئاماژەمان پێیاندا، بە بەردەوامی لە زۆر لاوە ڕێگە لە مافی چارەی خۆنووســینی کورد دەگیرێت، بەم ڕێگە گرتنانە ناهاوســەنگییەك لە دادپەروەری و یەکسانی جیهانیدا دروســت دەبێت، چونکە بەئاشکرا هەموو شێوازو ئاستەکانی سەرکوتکردن دژ بە گەلێك لەســەر ڕووی زەوی بەکاردەهێنرێت، ڕێگە لە مافی سروشتی ئەندامانی ئەو گەلە دەگیرێت..

لە زۆرلاوە دەســتدراوەتە بیناقاقای کێشەی کوردەوە، ئەو ڕاستییانە ژێرلێودەخرێن کە گەلی کورد میللەتێکن مافــی ژیانی ئازادانەیــان هەیە و پێویســتییان بە سەربەخۆییە، ئەگەر بزاڤەکانی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی بەم پەرش و بڵاوییەی ئێستایان لەسەر ئاستی نەتەوەیی بەبێ پلانی ســتراتیژی بمێننەوە ئەوا کاریگەرییەکی خراپ لەســەر زمــان و کەلەپــوور و کەلتووری ئەم میللەتە دروســت دەکات و ئــەو فاکتەرەش بۆ خۆی ناهێڵێت کەسایەتییەکی سەربەخۆیان لێ دروست بێت، بۆیە پێویســتیان بە کەلتوورێکی یاســایی سیاسی هەیە لەسەر بناغەی جۆرایەتی تا زەمینەی یاساییان بۆ ســازدا. لە ناو ئەو زەمینە سازییەشــدا هاوکوف لەگــەڵ گۆڕانکارییە نێو دەوڵەتییەکاندا پێویســتیان بە وەبەرهێنان و گەشــانەوەی هەندێ دەســتەواژەی تایبەتمەند هەیە بە مەرجێــك هاوگونجاو بن لەگەڵ ســتراتیژیەتی نەتەوەیی کوردیدا، بۆ نموونە بەرپرسی نووســینگەی وەزارەتی دەرەوە لە حکومەتی بەریتانیا ڕاپرســییەکی بۆ کوردەکان ئەنجامــدا تا ئەو ڕێژەیە بزانن داخۆ چەندیان داوای دەوڵەتی سەربەخۆ دەکەن، چەندیشــیان ئومێد دەکەن لە چوارچێوەی حکومەتی فیدراڵیدا و لە چوارچێوەی ئەو وڵاتانەدا بمێننەوە کە کوردستانیان لەسەر دابەش بوون، لەو ڕاپرسییەدا

**هەرنەتەوەیەك چ لە گرووپێکی ئیتنی جیاواز بن، یان لە پێکهاتەیەکی ئایینی بچکۆلە پێکهاتبن ئەوانە بە زۆرینەی دەنگەوە دەتوانن لەناوچوارچێوەی دەوڵەتێکدا، دەسەڵاتی خۆیان پیادە بکەن**

**لەناو چوارچێوەی عێراقدا، گشت پێکهاتەو نەتەوەکان دەتوانن مافی چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن**

داخوازی نامەیەك هەبوو کە بەگشتی خەڵکی کوردستان دەوڵەتی سەربەخۆیان هەڵبژاردبوو، نەك مانەوە لە چوارچێوەی وڵاتانێکی نادیموکرات و وێرانە.

زۆر سروشتییە کە لێرەوە هەمان گەمەی وڵاتانی گەورە بخەینەوەڕوو کە هەر لە لۆزانەوە هەتاکو ئێستا چ نەهامەتییەکیان بۆ کوردەکان دروست کردووە، هەروەها سروشتییە شێوازی گۆڕانکارییەکانی ئێستا لە وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست باس بکەین کە چ پیلانێکی خراپ لەدژی بەرژەوەندی کورد لە گۆڕێدایە. بە دڵنیاییەوە هەر کاروانێك بۆ بەرژەوەندی گەلان بێتە پێشەوە چارەنووسی ئەو گەلە یەکلا دەکاتەوە، هەر کاروانێك سەرکردەو بزاڤی رزگاریخوازو دامودەزگا بونیادییەکانی بە پلانی ستراتیژی و تەکتیکی گونجاوەوە پارێزراو بن ئەوا لەبەرژەوەندی داهاتووی گەلدا دەبێت.

ئەم هاوبارگە بوونە لەگەڵ بابەتی ڕاپرسیداو بەجێنەهێشتنی میکانیزم و ئاکامەکانی راپرسییەکە بۆ ئەو لایەنانەی لە پیلان و بۆسەدان کارێکی ئاساییە، گەرچی گەلی کورد لە باشووریدا مافی خۆی لەچوارچێوەی عێراقێکی فیدراڵیدا دیاریکردووە، جەختی کردۆتەوە لەسەر یەکڕیزی و یەکبوونی میزوپۆتامیا، بەسەر ئەم خاك و ئاوەوە کە بێ ئیستیسنا پێکەوە ژیانی ئەم گەلەی بە درێژایی هەزاران ساڵ لە ئامێزگرتووە، ئەم هەڵبژاردنەشیان لە عەبەسییەت و لە هیچەوە سەرچاوە ناگرێت، بەڵکو بڕیارەکەیان دوای ئەوە هاتووە کە کەشوهەوایەکی جیوسیاسی و فشارێکی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتیی و هاوبارگە بوون بە بارودۆخی لۆکاڵییانەی بەشەکانی کوردستانەوە.

بزاڤی رزگاریخوازی کورد ئەمڕۆ بۆ ئەم قۆناغە بایی هێندە پێگەیشتووەو تێگەیشتووشە کە بڕیارێکی دروستانە لەسەر چارەنووسی خۆیبدات. لە کاتێکدا هەڵبژاردنی مافی بە فیدراڵی بوون شمشێرێکی تیژ نییە بەسەر گەردنی کەسەوە دانرابێت. رەنگە بارودۆخەکە وا لەم گەلە بکات بەرەو کۆنفیدراڵی بڕۆن، یا هەر چارەنووسێکی تر کە ئیرادەی گەلی کوردستان بەرجەستە بکاتەوە، بۆیە ئەمڕۆ لە هەموو کات زیاتر کوردستان پێویستی بە سەنتەرەکانی توێژینەوەو زانکۆکان و پلان و بەرنامەی حزبی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هەیە، بەشێوەیەك کە بگونجێن لەگەڵ پەرەپێدان و پێشکەوتنەکانی کێشەی کورد، تا سەرەداوەکانی ئەو کێشەیە نەبنە نێچیری بەر دەستی پیلانە دەرەکییەکان، ئەو پیلانانەی لەناخەوەی خۆیاندا دژ بە رەوایەتی ستراتیژی کوردستانین، بۆیە پێویستە بۆ بەرژەوەندی گەلی کورد تەنیا خۆی سەرکردایەتییەکەی خۆی ئاڕاستە بکات، هەروەها ئیرادەی گەلی کورد خۆی بڕیاری یەکلاکەرەوە لە هەمبەر چارەنووسی خۆی بدات، بۆ جەخت کردنەوە لەسەر ئەم بابەتە بیرۆکەی ئامار و سەرژمێری و راپرسی بە هیچ شێوەیەك نابێ لە چوارچێوەی تەسك و تروسکی چەند گرووپێك و ڕێکخراوێکی لابەلادا ئەنجام بدرێت، بەڵکو پێویستە سەمتێکی هەمیشەیی بەخۆوە بگرێت و راوەرگرتن و راپرسی بەشێوازێکی وەرزییانە بوونیان هەبێت و لە هەر ساڵێکدا دوو جار ئەنجام بدرێن، هەروەها راپرسی وەك پاشبەند بە هاوشانی هەڵبژاردنەکان ئەنجام بدرێن، ئەوانەش بۆ کارئاسانی بکرێن و هەروەها بۆ کۆکردنەوەی تواناکانی هاووڵاتییان و نەکوشتنی کاتەکانیان لە پرس و کاری لابەلای بێسوود ئەنجام بدرێن، لەو سەرژمێرییانەدا هەموو گۆڕانکارییەکانی کە بەسەر ناوچەکەدا هاتوون دیاری دەکرێن، هەروەها پەرەسەندنی گوزەرانی خەڵکی و بەرژەوەندی باڵای گەل و مافی ئازادانەی بڕیاردانیان لەوەی سەربە چ نەتەوەو ئایین و ناوچەیەکن ئاکامەکانی هەمووی دەردەکەوێ.

ئەم ئاڕاستەیە لەلای هەندێك لە مەرجەعییەتە فیکرییە شۆڤینییەکان بەلارێدا دەبرێت بەتایبەتی لای ئەو کەسانەی کە شتەکان بە تێڕوانینێکی ڕەهاگەری تەماشا دەکەن، پێیانوایە هیچ یەك لەڕاستییەکان قابیل نیین بە گۆڕین، بۆیە هەموو ئەو دەروازانە دادەخەن کەوا لەهاووڵاتییان دەکات ژیانێکی ئارام و دڵنەوا بەپێی ڕەوابوونی ئازادی و مافە سروشتییەکانی خۆی ببات بەڕێوە. لە هەر قۆناغێکی مێژوویی و سروشتیدا کە دەرفەت هاتبێتە پێشەوە بۆ گوزارشت کردن لە مافی چارەی خۆنووسینی کورد ئەم جۆرە گرووپ و مەرجەعییەتانەی دژایەتیی ئەو مافەیان کردووە لە جارانیان بەهێزتر بوون.

لە مێژوودا هەندێ دەوڵەت دامەزراون، هەندێکیشیان لەناوچوون، هەموو جارێکیش چەندین وەرچەرخانی مێژوویی هەبووە کە گۆڕانکارییەکانی لە واقیعدا تێدا فەرز کراوە، لەناو دەستەواژەی ئەو گۆڕانکارییانەدا حاڵەتی تۆڵەکردنەوەو ڕق و بوغز دەربڕین دروست دەبێت، لەبەرئەوەش تاکو کاروانی مرۆڤایەتی بە ڕێگە دروستەکەی خۆیدا نەچێت، واتاکانی پێکەوە ژیان بەپێی بەرژەوەندی گشتی لە نێوان میللەتان ناچەسپێت، رەنگە سبەینێیەکی نزیك لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا بەڕێوە بێت، کە کەینونەی دەوڵەت و پێکهاتەی هەڵبژێردراوی گەلێکی ستەمدیدەی تێدا سەرهەڵبدات، گەلێك ئازادانە بەدوای دیاریکردنی چارەنووسیەوە هەنگاو بنێت، ئەمەش کارێکی سروشتییە و رەنگدانەوەی دروستی واقیعەکەیە. پێویستە لەسەر هەر مرۆڤێك وانە و پەند لە ڕابردوو وەربگرێت تا باشترین ئامراز و کورتترین ڕێگاکان بۆ گەیشتن بەئامانجێکی مرۆڤدۆستانە هەڵبژێرێت، هەروەها لەگەڵ گۆڕانکارییەکاندا بەشێوازێك مامەڵە بکات کە خزمەت بە بەرژەوەندی مرۆڤ و مافی تاك تاکەی کەسەکان بگەیەنێت، واتە خزمەت بە بەرژەوەندی هەر مرۆڤێك بگەیەنێت کە مافی چارەی خۆنووسین وەك مافێکی سروشتی و وەك خۆی دەیبینێت کە مافێکی سروشتیشە بۆ هەموو گەلێك لەسەر ڕووی زەوی..

***سەرۆکی کۆبەندی ئیبن ڕوشد لە هۆڵەندا**

**کێشەی کورد وەك هەر کێشەیەکی تری زۆربەی گەلانی دنیا لە ڕووی مێژوویی و سیاسییەوە دەستێوەردانێکی دەرەکیانەی ئاڵۆزی بەرکەوتووە. بەو دەستلێوەردانە جەستەی نیشتمانی کوردان هەلاهەلا بووە**

**گەلی کورد بۆ یەکەمین جار لەمێژوودا هەندێك لەمافەکانی خۆیان وەدیهێنا ئەوەش وەك وەڵامدانەوەیەك بۆ ئیرادەی پتەویان. کاتێك لەساڵی ٢٠٠٣ لە دەستووری عێراقدا مافی فیدراڵی بوونیان لە چوارچێوەی عێراقێکی فیدراڵدا چەسپاند**


# ڕێگایەکی دوور و درێژ لەبەردەم یاسای ئەنجومەنی نیشتمانیی سیاسەتە باڵاکان

خوێندنــەوەی یەکەمی پڕۆژەی یاســای ئەنجومەنی نیشتمانیی سیاســەتە باڵاکان لەئەنجومەنی نوێنەران لە ١١ی ئەم مانگە، نیشــانیدا کەهێشــتا لایەنەکان دیدی جیاوازیان لەبارەیەوە هەیە، بەڵام بەشــێوەیەکی گشــتی، دانیشــتنەکەی ئەنجومەنی نوێنەران سێ بۆچوونی لێ کەوتەوە. یەکەمیان دامەزراندنی ئەنجومەنەکە بەپێویســت دەزانــێ و پێیوایــە بەبێ دامەزراندنی ئــەم ئەنجومەنە، دەربازکردنی پرۆسەی سیاسی لەو قەیرانەی تێی کەوتووە نایەتە دی. بۆچوونی دووەم وای بۆ دەچێ کەئەم ئەنجومەنە زیادەو پێویســت بەدامەزراندنی ناکاو پرۆژە یاســاکەش کەموکوریــی زۆر تێدایــە. بۆچوونی ســێیەم، هەردوو بۆچوونی پێشــوو کۆ دەکاتەوەو پشتگیریی دامەزراندنی ئەنجومەنەکە دەکاو بەپێویســتی دەزانێ، بەڵام لەهەمان کاتدا دان بەوەدا دەنــێ کەپرۆژەکە هەندێ کەموکوریی تێدایە کەپێویستی بەچارەسەر کردنە.

گەورەترین بەرهەڵســتکاری ئەنجومەنەکە، لیســتی دەوڵەتی یاسایە، بەڵام لەبەر ئەوەی لیستی دەوڵەتی یاسا لەڕێککەوتنــی هەولێر ڕەزامەندیی لەســەر دامەزراندنی نیشــان داوە، شێوەی بەرهەڵســتکاری کردنەکە راشکاو و راســتەوخۆ نییە. مالیکــی لەچاوپێکەوتنەکەیدا لەگەڵ کەناڵی سۆمەریە نیوز وای دەربڕی کەئەم ئەنجومەنە هیچ رۆڵێکی لەچارەسەرکردنی گرفتەکانی پرۆسەی سیاسیدا نییەو وەك زیادە وایە، جگە لەوەی کەئەگەر داشبمەزرێ، دەبــێ ئەرکێکی راوێژکارانەی هەبــێ. بەم پێیە، ئەوەی مالیکی دەیەوێ، ئەنجومەنێکی بێ دەســەڵاتە. جەمال گەیلانی، پەرلەمانتار لەسەر لیستی دەوڵەتی یاسا، روونتر بۆچوونەکە دەردەبڕێ و دەڵێ ((لیستی دەوڵەتی یاسا هەر لەبنەڕەتدا پشتگیریی ئەم یاســایەی نەکردووە، تەنانەت لەکۆبوونەوەی سەرانی فراکسیۆنە سیاسییەکانیش لەماڵی سەرۆك تاڵەبانی پشــتگیریی نەکردووە. لەو کۆبوونەوەیە تەنیا لەســەر ئەوە ڕێککەوتین کەمەسەلەکە بەئەنجومەنی نوێنەران بسپێردرێ)).

پرۆژەی یاسای ئەنجومەنی نیشتمانیی سیاسەتە باڵاکان سێ دەقی هەیە. یەکێکیان لیستی عیراقیە خۆی دایناوەو تێیدا زۆرترین دەســەڵاتی بەئەنجومەنەکە داوە. دەقەکەی تر زۆربەی دەســەڵاتەکانی لێ داماڵیوەو ئەنجومەنەکەی وەك ئەنجومەنێکی راوێژکار هێشتۆتەوە، بەڵام ئەو دەقەی کەسەرۆك تاڵەبانی بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی ناردووە، ئەو دەقەیە کە دکتۆر رۆژ نوری شــاویش جێگری ســەرەك وەزیران بۆی ناردووەو لایەنەکان پێکەوە دایانڕشــتووە. ئەم دەقە بە بەراورد لەگەڵ دوو دەقەکەی تر، مامناوەنجیترەو هەوڵــی داوە بۆچوونە دژەکان لێك نزیــك بکاتەوە، بەڵام تەنانەت ئەم دەقەش کەموکوریی تێدایەو تێبینییەکی زۆر لەســەر ئەوە هەیە کەبەشێکی گرنگی ماددەکانی لەگەڵ دەستوور و یاساکاندا وێك نایەنەوە.

بەرهەڵســتکارانی پرۆژەکە بۆ چڕکردنی هێرشەکانیان بۆ ســەر پرۆژەکە، زۆر جەخت دەکەنە سەر ئەو ماددانەی کەپێیانوایە لەگەڵ دەســتوور و یاســاکاندا وێك نایەنەوە. پەرلەمانتار عەبدولئیلاە نائلی دەڵێ ماددە پێشنیارکراوەکان دەســت لەکاروباری هەر سێ دەسەڵات دەدەن. پەرلەمانتار عەباس بەیاتی پێیوایە ئەنجومەنی پێشنیارکراو دامودەزگا دەستوورییەکان لاواز دەکاو خۆی لەقەدەری دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی وەزیران دەدا. بەمجۆرە، دەردەکەوێ کەبەشێکی زۆری شــیعەکان دەترســن ئەنجومەنەکــە ببێتە مایەی کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی سەرەك وەزیران و ئەنجومەنی وەزیران.



فەرید ئەسەسەرد

لەگەڵ ئەوەشدا میانڕەوەکان، تەنانەت لەناو شیعەکانیش، رۆڵێکی کارایــان لەهێورکردنەوەی ئاڵۆزییەکان هەیەو لەم رووەوە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کەئەم ئەنجومەنە تەنیا بــۆ یەك خولــەو زۆرتر بۆ دۆزینــەوەی ڕێگەچارەیەکی گونجاو بۆ فریاکەوتنی پرۆســەی سیاســی هانای بۆ دەبرێ. ئەوانە نایشارنەوە کەئامانجی سەرەکیی پێکهێنانی ئەنجومەنەکە، رازی کردنی ســوننەکانە. بەڵام لەم رووەوە ئەوە بەپاساو دێننەوە کەبەبێ رازیکردنی سوننە، پرۆسەی سیاسی بەشێوەیەکی ئاسایی بەڕێوە ناچێ.

بۆ کورد، لەم هەلومەرجەی ئێستادا، رەنگە پێکهێنانی ئەم ئەنجومەنە شتێکی سوودبەخش بێ، چونکە دەشێ ببێ بەمایەی دابین کردنی میکانیزمێکی تر بۆ کەم کردنەوەی تاکــڕەوی لەبڕیارداناو زیادکردنی هەلی بەشــداربوونی هەموو لایەنەکان لەدارشتنی سیاسەتە باڵاکاندا.

بەڵام هێشــتا زۆر خــاڵ دەربارەی ئــەم ئەنجومەنە بەتەمومژی ماوەتەوە لەوانە دەسەڵاتەکانی، میکانیزمی هەڵبژاردنی سەرۆکەکەی، شــێوەی پێکهێنانی، ئاستی نوێنەرایەتــی کردن تێیداو میکانیزمی دەنگدان لەســەر بڕیارەکانی. جگە لەوەی کە لەم دواییەدا هەندێ کێشەی تریش هاتە ئاراوە، لەوانە ئەو پێشــنیارەی کەپارێزگاری بەغدا ســەلاح عەبدولڕەزاق پێشکەشــی کردووەو داوای کردووە پارێزگاکانیش نوێنەریان لەئەنجومەنەکەدا هەبێ.

شــیعەکان، زۆرتــر بەهــەوڵ و کۆششــی ئیبراهیم جەعفــەری و عەممار حەکیم، نەرمییەکی باشــیان لەم رووەوە نواند. پاش ســێ رۆژ لەخوێندنــەوەی یەکەمی پرۆژەی یاســاکە، هاوپەیمانیی نیشــتمانیی شیعەکان لەبەیاننامەیەکدا ڕەزامەندیی لەســەر دەرکردنی یاســای ئەنجومەنی نیشــتمانیی سیاســەتە باڵاکان دەربڕی بەو مەرجــەی کەماددەکانی دژی دەســتوور نەبن. ئەمەش یەکــەم هەنــگاوی کارایە بــەرەو کۆتایــی هاتنی ئەم مەسەلەیە. پاش جەژنیش نیاز وایە خوێندنەوەی دووەم بۆ پرۆژە یاساکە بکرێ.

# کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی رژێمی سوریا گۆشەگیر دەکات

## نەبوونی هێزی دیموکراتی رێکخراو.. رەشبینی لەسەر گۆڕانکارییەکان دروستکردووە

(نەبوونی هێزی دیموکراتی و لیبرالی رێکخراو بارودۆخێکی زۆر دژواری لە زۆربەی وڵاتە عەرەبیەکاندا دروست کردووە، ئەمە لەکاتێکدا پارتە ئیسلامیەکان و گرووپە ئیسلامیەکان زۆر باش رێکخراون، بەڵام لایەنە عەلمانیەکان یاخود لیبراڵیەکان توانای خۆرێکخستنیان نییە، بە دڵنیاییەوە ئەمە دۆخەکەیە لە میسر، کە بێتوانان لەوەی لە پارتێک یان دوو پارتی سیاسی گەورەدا یەکبگرن، بەڵکو بەسەر خۆشیاندا دابەشبوون، ئەمەش بەو مانایە دێت دەرفەتی نوێنەرایەتیکردنیان لە هەڵبژاردنەکاندا سنوورداردەبێت، کەواتە بەشێک لە کێشەکە خودی لیبراڵیەکان خۆیانن، بێتواناییان لە رێککەوتن لەگەڵ یەکدا و بێتواناییان لە خۆرێکخستنیان، بەشێکی ئەم کێشەیەش ئەو راستیەیە کە ئەوان نەیانتوانی لە سایەی رژێمەکانی پێشووشدا حزب پێکبهێنن، لەبەر ئەوە زۆر کەوتنە دوای ئیسلامیەکانەوە.)

گریگۆری گۆس بۆ گوڵان


Freedom
To
Syria

**چارەنووسی رژێمی ئەسەد چارەنووسێكی باش نییە و، ئەگەر رژێمی سوریا لەرووی سەربازیشەوە باڵادەست بێت ئەوا لەرووی سیاسیەوە تەواو بەرەو گۆشەگیری دەڕوات**

رۆژی پێنج شەمەی (٢٠١١/٨/١٨) رابردوو باراك ئۆباماى سەرۆكی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا لە لێدوانێكی نووسراودا رایگەیاند: (كاتی ئەوە هاتووە بەشار ئەسەد دەسەڵات بەجێ نهێڵێت)، ئەم لیدوانەی ئوباما هاوكات بوو لەگەڵ لێدوانەكەی وەزیری دەرەوەی ئەمریكا كە بەشێوەیەكی زۆر ورد هەڵوێستی ئەمریكای بەرامبەر سوریا یەكلایی كردەوە، راستەوخۆش دوای لێدوانەكەی ئۆباما، هەریەك لە بەریتانیا و ئەڵمانیا و فەرەنسا بەیانێكیان دەركردوو تیایدا داوایان كرد كە پێویستە سەرۆكی سوریا (ئەو واقیعە قبوڵ بكات و بڕوات و دەسەڵات بەجێ بهێڵێت)، ئەم گۆڕانكاریانە پێمان دەڵێت چارەنووسی رژێمی ئەسەد چارەنووسێكی باش نییە و، ئەگەر رژێمی سوریا لەرووی سەربازیشەوە باڵادەست بێت ئەوا لەرووی سیاسیەوە تەواو بەرەو گۆشەگیری دەڕوات، هەربۆیە ئەم بارودۆخە دڕدۆنگییەی لە ئاكامی هەڵوێستی رژێمی سوریا بەرامبەر بە گەلەكەی و هەڵوێستی نێودەوڵەتی بە داواكردن لە ئەسەد بۆ ئەوەی دەسەڵات بەجێ بهێڵێ كەشێكی سری دروستكردووە و هیچ ئاماژەیەك بەدی ناكرێت بۆ ئەوەی سەرۆكی سوریا ئەو هەنگاوە هەڵبگرێت، هەربۆیە مەزندەكان بەو ئاراستەیەن كە شكاندنی ئەم مەنگی و سرپییەی باری سوریا پێویستی بەوە هەیە چاوەڕێی گۆڕنكاری لە هەڵوێستی فەرماندەكانی هێزەكانی سوپا و ئەمنی سوریا بكرێت، ئەویش یان هەندێك لەسەركردەكانی سوپا و ئەمن پەنا بۆ كودەتایەكی سەربازی بەرن، یاخود لێكترازێك لەنێوان سەركردەكانی سوپا رووبدات و كێشەكە یەكلایی بكرێتەوە، بێجگە لەم دوو رێگەچارەیە هەمموو بۆچوونەكان بەو ئاراستەیەن، كە سەرۆكی سوریا رێگەی خوێنڕشتنی زیاتر دەگرێتە بەر و هەتا مردن لەگەڵ گەلەكەی خۆی دەجەنگێت.




ئەوەشی ئەم بۆچوونە پشتراستدەكاتەوە ئەوەیە كە سەركردەكانی وڵاتانی عەرەبی لەدوای رۆشتنی موبارەك و بن عەلیەوە بە شێوەیەكی ئاشتیانە، گەیشتوونە ئەو ئەنجامەی دەستبەرداربوونیان بە شێوەیەكی ئاشتیانە لەدەسەڵات نابێتە هۆكاری ئەوەی دواتر بەسەلامەتی لەبارۆدۆخەكە رزگاریان بێت، بۆیە گەیشتوونە ئەوەی بەوجۆرە رەفتار بكەن، یان هەمووی بەرنەوە یان هەمووی بدۆڕێنن، ئەمەش وادەكات كە سەرۆكی سوریا رێگەی دووەم كە شەڕكردنە لەگەڵ گەلەكەی خۆی هەڵبژێرێت.

## رژێمی سوریای دوای پەیامەكەی ئۆباما

**ئەم راپەڕینانە پەیوەندیەكی كەمیان بە ئایدۆلۆجیاكانی رابردووە هەیە (ناسیۆنالیزم و ئیسلامیزم)، بەڵكو زیاتر پەیوەندیان بە كێشەكانی وەك عەدالەتی كۆمەڵایەتی و ئابووریەوە هەیە**

لەگەڵ ئەوەی حافز ئەسەدی باوكی بەشار ئەسەد لە ساڵی ١٩٧١ بۆتە سەرۆك كۆماری سوریا، بەڵام حزبی بەعس لە ساڵی ١٩٦٣ وە، حزبی حاكمە لەسوریا، ئەمەش مانای ئەوەیە ماوەی ٤٨ ساڵە یەك حزب لەسوریا دەسەڵاتدارە و ئەو حزبەش حزبی قائید بووە تەنانەت لەو كاتانەشی بەرەی سیاسیی هەبووە وەك جەبهەی وەتەنی تەقدومی، بەڵام دیسان لەو كاتانەشدا حزبی بەعس هەرخۆی حزبی باڵادەست بووە و لە ماددەی هەشتەمی پرۆگرامی حزبی بەعسیشدا بە دەق هاتووە كە(حزبی بەعس حیزبی قائیدە لە دەوڵەت و كۆمەڵگە و سەركردایەتی جەبهەی وەتەنی تەقدومی دەكات)، ئەمە بە بەراورد لەگەڵ حزبی بەعسی عێراقدا كە ئەو ماوەی ٣٥ ساڵ لە حكومدا بوو، ئەو راستیەمان بۆ ئاشكرا دەكات، هەڵتەكاندن و رووخانی رژێمێكی وەك حزبی بەعس كە ماوەی ٤٨ ساڵە لەسەر بنەمای سەركوتكاری و میلیتاری و هەواڵگری خۆی بونیادناوە، كاریكی ئاسان نییە، هەر ئەمەش هۆكاری ئەوەیە



دوای تێپەڕبوونی نزیکەی ٦ مانگ بەسەر خۆپیشاندانەکان و ڕووبەڕووبوونەوەی ڕژێمی سوریا بەشێوەیەکی زۆر دڕندانە، هەتا ئێستا هیچ لێکترازانێك لەنێو سوپا و هێزەکانی ئەمن و ئیستخباراتی عەسکەی و ئیستخباراتی قوەی جەوی ڕووینەداوە، سەبارەت بەم لایەنە باڵیۆز جیفری وایت لە تازەترین وتاریدا کە ڕۆژی ١٦ی ئاب نووسیوویەتی، تیایدا وێڕای ئەوەی ئاماژە بەوەدەکات ئەو ڕێوشوێنەی ڕژێمی ئەسەد لەگەڵ خۆپیشاندەران گرتویەتەبەر لەگەڵ ئەوەی دەکەوێتە چوارچێوەی پێناسەکانی تاوانەکانی شەڕ.. بەڵام هێشتا ڕژێمی سوریا خاوەنی کۆمەڵێك هۆکاری سەرکوتکردنە کە بریتین لە(دەزگا ئەمنییەکان، هێزەکانی پۆلیس، ئەم دوو لایەنە چ بەرگی سەربازییان لەبەردا بێت یان بەرگی مەدەنی، بەکارهێنراون بۆ بلاوەپێکردنی خۆپیشاندەران، بەڵام بێجگە لەمانەش چەند لایەنێکی دیکەش هەن کە ڕژێمی سوریا بۆ سەرکوتکردنی خۆپیشاندەران بەکاریان دەهێنێت، وەك دەزگاکانی ئیستیخباراتی عەسکەری، ئیستخباراتی قوەی جەوی، بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی سیاسیی، ئەمانە بوونیان لەهەموو شار و شارۆچکە و گوندێکی سوریا هەیە و بەشدار بوون لەسەرکوتکردنی خۆپیشاندەران، لەسەر ئاستی سوپاش، ڕژێمی سوریا تا ئێستا ٩ فیرقەی هەیە کە بە دڵسۆزترین هێز بۆ ڕژێمی سوریا هەژمار دەکرێن، ئەوانیش، فیرقەی حەرەس جمهوری، فیرقەی ٤ی مودەرەع، دوو فیرقەی قوات خاسە، هەروەها فیرقەکانی ١٥ و ١٦ و ٥ و ٩ و ١١)، ئەم لایەنەی باڵیۆز جیفری وایت ئاماژەی پێکردووە بەرەنجامی ئاستی وردبینییەتی و ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئاسان نییە تەنیا

**مێژوو بۆمانی سەلماندووە کە توندوتیژی هیچ شتێك چارەسەرناکات. بۆیە. من لەگەڵ گۆڕانکاریم. بەڵام گۆڕانکاری لەڕێگەی پرۆسەی ناتوندوتیژ**

**چەند ڕژێمی سوریا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی گۆشەگیر بکرێت. بەڵام لەسەر ئاستی ناوخۆ ڕژێمەکە توانای هێندەی دەمێنێتەوە کە بتوانێت گەلەکەی زیاتر سەرکوت بکات**

بە پەیامێك ڕژێمێکی وەك ڕژێمی سوریا لەدەسەڵات نەمێنێ، بۆیە هەروەك چۆن سزا سەپێنراوەکانی سەر عێراق لەماوەی ١٩٩٠-٢٠٠٣ نەیانتوانی ڕژێمی بەعس لە عێراقدا بڕوخێنن، مەزندەکان بەوجۆرەن کە گەمارۆی ئابوریش نەتوانێت ڕژێمی ئەسەدیش بڕوخێنێت، بۆیە ئەگەر ڕێگەچارەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەگشتی و ئەمریکا بەتایبەتی پەنابردن بێت بۆ سەپاندنی گەمارۆی ئابوری زیاتر لەسەر سوریا ئەوا چەند گەمارۆکان زیاتر بن، چەند ڕژێمی سوریا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی گۆشەگیر بکرێت، بەڵام لەسەر ئاستی ناوخۆ ڕژێمەکە توانای هێندەی دەمێنێتەوە کە بتوانێت گەلەکەی زیاتر سەرکوت بکات، ئەم بۆچوونە لەگەڵ ئەوەی بۆچوونێکی ڕەشبینانەیە، بەڵام لەو بۆچوونە گەشبینانە زیاتر واقیعی ترە کە لە ئێستاوە باس لە دوای ڕژێمی ئەسەد دەکەن، هۆکاری ئەمەش چەند خاڵێکە کە دەکرێت لێرەدا ئاماژەی پێبکەین:

١- ئەو سزا ئابورییانەی دوای ساڵی ١٩٩٠ لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە بەسەر ڕژێمی بەعس لە عێراقدا سەپێنران، لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە سەخترین گەمارۆی ئابوری بووە، ئەمەش نەك هەر گەمارۆ بوو بەسەر ڕژێمەکە بەڵکو گەمارۆ بوو بۆ سەر گەلی عێراقیش، تەنانەت هەندێك لەو کەلوپەلانەی بەکارهێنانی دوولایەنەی مەدەنی و سەربازییان هەبووە، بۆ نموونە کلۆر بۆ خاوێنکردنەوەی ئاو، قەدەغەکرابوو بێتە ناو عێراقەوە. کە زەحمەتە بتوانرێت گەمارۆی هاوشێوە بخرێتە سەر ڕژێمی بەعس لە سوریا.

٢- لە عێراقدا لەدوای ساڵی ١٩٩١ ناوای ئارام دروستکرابوو بۆ کورد، لەم ناوچەیە حکومەتێك و پەرلەمانیکی هەبوو کە توانی بووی بەشێکی عێراق

و هەنگاو بۆ دیموکراتی هەڵبگرێت، لەژێر سایەی حکومەت و پەرلەمانی هەرێمی کوردستان کەشوهەوایەك بۆ گردبوونەوەی موعارەزەی عێراق و کۆبوونەوەکانیان خۆ ڕێکخستنیان دابین کرابوو، ئێستا ئەم حاڵەتە لە سوریا بوونی نییە.

٣- موعارزەی عێراقی (بێجگە لەدەسەڵاتی هەرێمی کوردستان) بەهەموو کەموکورتیەکانیانەوە لە موعارزەی ئێستای سوریا یەکگرتوو تر و ناسراو تر و کاریگەر تر بوون، بێجگە لەوەی هەرێمی کوردستان خاوەنی هێزێکی نیزامی پێشمەرگە بوو، هێزەکانی عەرەبی شیعەش بە تایبەتی خاوەنی فەیلەقی بەدر بوون، کە مەشقی باشیان پێکرابوو، دەتوانرا لەکاتی پێویست سوودیان لێوەربگیرێت، هەروەها بۆ ئاستی ناوخۆی عێراقیش کاریگەریان هەبوو، بەڵام موعارزەی سوری بە عەلمانی و لیبرالی و قەومی و کوردیشەوە، هەتا ئێستا کاریگەری ئەوتۆیان لەسەر ناوخۆی سوریا نییە، بۆیە ناکرێت پشت بە موعارەزەش ببەسترێت بۆ ڕووخانی ڕژێمی سوریا.

### ئایندەی سوریا و وڵاتانی عەرەبی دوای ڕووخانی ڕژێمەکان

هەموو شارەزایانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەر ئەو ڕاستییە کۆکن کە دوای ڕووخانی ڕژێمەکان دیار نییە ئاراستەی گۆڕانکارییەکان بەرەو کوێ دەچن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەو هێزانەی وەك بەرەی موعارزە دەردەکەون هێزێکی تێکەڵاون و زیاتر ئەو لایەنانە ڕێکخراون کەسەر بە تەیاری ئیسلامی ئوسولین نەك هێزی عەلمانی و دیموکراتی خوازەکان، سەبارەت بەم لایەنە پرسیارمان لە پرۆفیسۆر دینا خوری ئوستادی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان لە زانکۆی جۆرج واشنتۆن کرد و لە وەڵامدا بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی و وتی: (گومان لەوەدا نییە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گۆڕانێکی بونیادی بەخۆوە دەبینێت. زەحمەتە بتوانین پێشبینی ئاراستەی ئەم گۆڕانە بکەین. لە کاتێکدا میسر و تونس کۆبوونەوەی جەماوەری ڕێکخراو و هەوڵدان بۆ هێنانەدی بە دیموکراتیکردنیان بەخۆوەببینن، بەڵام هێشتا ڕوون نییە ئەم



دینا خوری بۆ گوڵان:

**ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گۆڕانێکی بونیادی بەخۆوە دەبینێت. زەحمەتە بتوانین پێشبینی ئاراستەی ئەم گۆڕانە بکەین، هێشتا ڕوون نیە بزانین ئایا بەدیلەکە سیستمێکی دیموکراتی دەبێت یان نەء**

هەوڵە سەردەکێشێت بۆ دامەزراندنی فۆرمگەلێکی حکومەت کە لە مەودای دووردا لێبوردە و فرەیی پیادە بکات. لە لیبیا و سوریا ڕژێمە خۆسەپێنەکان دووچاری هەژانێکی توند بوونەوە، بەڵام هێشتا ڕوون نییە ئایا بەدیلەکە سیستمێکی دیموکراتی دەبێت. تاکە شتێك بتوانین بە دڵنیاییەوە بیڵێین ئەوەیە ڕاپەڕینەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەسەڵاتی خەڵکیان هێنایە پێشەوە و ئەم ڕاپەڕینانە پەیوەندیەکی کەمیان بە ئایدۆلۆجیاکانی ڕابردووە هەیە (ناسیۆنالیزم و ئیسلامیزم)، بەڵکو زیاتر پەیوەندیان بە کێشەکانی وەك عەدالەتی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە هەیە (خۆراك، پەروەردە، دامەزراندن). لە زۆر ڕووەوە ئەمانە یاخیبوونن لە دژی سیاسەتە ئابوورییانەی کە لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردودا پیادە کراون.. ئەگەرچی پارتە ئیسلامیەکان لە چەند وڵاتێکی دیاری کراودا چالاك بوونە (میسر و سوریا)، بەڵام چیتر ئەوان ئیحتیکاری سیاسەتی گشتی ناکەن. من گومانم هەیە لەوەی ڕژێمێکی تیوکراتی لە هەر یەکێك لەم وڵاتانەدا بێتەئاراوە. . لە سوریا و لیبیا موعارەزە لە گەڵاڵبوندایە و تەواو دابەشبووە. لە زۆر ڕووەوە بارودۆخی ئەم وڵاتانە هاوشێوەی بارودۆخی عێراقە ساڵانی نەوەتەکانە. لە تونس و میسر، گروپگەلێکی موعارەزە هەن کە ڕێکخراوگەلێکی کاران. ئێستا کۆشش بۆ ئەوە دەکرێت ئەم ڕێکخراوانە ببنە هێزێکی گەورە، لە حکومەتەکانی دوای شۆڕشدا. بارودۆخی ئەم وڵاتانە لێکچوونی هەیە لەگەڵ بارودۆخی ئێران و هەندێ لە وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات دوای ڕوخانی یەکێتی سۆڤیەت.)

سەبارەت بە گۆڕانکارییەکان ئاستی توندوتیژی ڕژێمەکان و هەروەها بەکارهێنانی هێز لە لایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیەوە بۆ ڕووخانی ڕژێمەکان، پرسیارمان لەپرۆ فیسۆر ئەڤلین ئەکاد کرد کە پێشتر ئوستادی دیراساتی نێودەوڵەتی بووە لە زانکۆی بیروت ئێستا ئوستادی دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لەزانکۆی ئیلینوز دەبارەی هەڵکشانی توندوتیژی لە گۆڕانگارییەکانی وڵاتانی عەرەبی لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان بەمجۆرە رای خۆی دەربڕی و وتی: (من لەگەڵ توندوتیژی نیم، لەو بڕوایەدانیم بتوانرێت هیچ گۆڕانکارییەك وەدیبهێنرێت لەرێگەی جەنگ و توندوتیژی. وابزانم مێژوو بۆمانی سەلماندووە کە توندوتیژی هیچ شتێك چارەسەرناکات. بۆیە، من لەگەڵ گۆڕانکاریم، بەڵام گۆڕانکاری لەرێگەی پرۆسەی ناتوندوتیژ. ئەوەی کە بینیم تاکە وڵات وابزانم تەنیا «تونس» بوو کە کەمترین توندوتیژیی تیا ڕوویدا. بەڵام بەداخەوە هەتا جەنگ و کوشتن و خوێن ڕشتن هەبێت ئەوە هەمیشە خۆی دووبارە دەکاتەوە، بۆیە من لەگەڵ ڕوودانی ئەو هەموو توندوتیژییە هەست بە ئارامی ناکەم. لێرەدا گرنگە جیاوازی لەنێوان قوربانیدان لە پێناوی ئازادی و گۆڕانکاری و پیادەکردنی توندوتیژی بکەین،قوربانیدان جیاوازە لە توندوتیژی، قوربانیدان وەکو چالاکییەکی ناتوندوتیژە. «عیسا» ژیانی لەسەر خاچ بەخشی لەپێناو ڕزگارکردنی



سەید گرەیوود بۆ گوڵان:

# هەرگیز لەو بڕوایەدا نیم کۆمەڵگەیەکی وەک کۆمەڵگەی میسر قبوڵ بکات دوای دیکتاتۆریەتی سیاسی، بەدیکتاتۆریەتی عەسکەری یان ئیسلامی سیاسیی رازی بێت

مرۆڤایەتی، بۆیە ئەوەیان خۆ فیداکردن بوو نەك پیادەکردنی توندوتیژی بۆ کوشتنی هاووڵاتیان. ئەمەش هاوشێوەیە لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەی کە «غاندی» لە «هندیستان» ئەنجامیدان، لەگەڵ «مارتن لوتەر کینگ» لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. گۆڕانکاری بەم جۆرە شێوازانە وەدیدەهێنرێت. بەڵام هاوکات پێموایە گۆڕانکاری پێویستە لەبەرئەوەی ئاستەکانی سەرکوتکردن زۆرن..سەبارەت بەهەوڵەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش لەم گۆڕانکاریانەدا بەڕای من رۆژئاوا لەم بارەیەوە زۆر دووفاقی یە لەبەرئەوەی لەلایەنێکەوە شتێك دەڵێن و لەلایەنێکی دیکەشەوە شتێکی دیکە دەکەن. بۆیە من بەهیچ شێوەیەك متمانەم بە رۆژئاوا نییە، هەڵبەتە من لێرەدا باس لە سیاسەتوانەکانی رۆژئاوا دەکەم، من متمانەم بە رۆژئاوا و سیاسەتوانەکانیان نییە. لەوانەیە رۆژئاوا بێت و بڵێت وا دەکەین و ئەمە دەکەین ...و تاد. بەڵام رۆژئاوا چ مەبەستێکی لە «لیبیا» هەیە؟ ئەگەر لەبەر نەوتەکە نەبوایە ئەوە هەرگیز لە «لیبیا» نەدەبوو، ئەگەر «عێراق» نەوتی نەبوایە ئەوە رۆژئاوا رووی لێ نەدەکرد. بۆیە من متمانەم بە قسە و رەفتارەکانیان نییە.. بەڕای من پێویستە چارەسەرەکان لەلایەن خودی هاووڵاتیەکانەوە بدۆزرێتەوە، پێموایە پێویستە لەسەر وڵاتانی عەرەبی پشتگیری لە وڵاتە هاوتاکانیان بکەن لەگەڵ ئەو خەڵکانەی کە داوای ئازادی و دیموکراسییەت دەکەن، پێویستە پشتگیری لەهەموو وڵاتەکانی دیکە بکەن. بەڵام ئەمڕۆ دەنگەکە دەنگی توندوتیژی و کوشتن و مردن و دوژمنایەتییە،پێویستە وازبێنن لە کوشتنی هاووڵاتیان و گوێ لە ویژدانیان بگرن، ئەویش لەکاتێك ئەگەر هات و ویژدانیان مابوو، ئەوان هاووڵاتیان تۆپباران دەکەن و نازانم شەوانە چۆن دەخەون و چۆن بیر دەکەنەوە لەبارەی ئەو کردەوانەی ئەنجامیانداوە، ئەمە بێجگە لە گەندەڵی و رەفتارەکانی تر. پێویستە ئەمە بگۆڕێت، ناکرێ بەم شێوەیە بەردەوام بن ئەم شتەیش تووشی خەمۆکیی کردووم، هەست بە خەمناکییەکی زۆر دەکەم بۆیەیش ناتوانم زیاتر لەسەر ئەم مەسەلەیە بدوێم))

## نەبوونی دەستوورێك زامنی مافی تاکەکان بکات

لە وڵاتانی عەرەبی هەتا ئێستاش دەستوورێکی مەدەنی ئەوتۆ نییە کە زامنی مافی هاووڵاتیان بکات، هەرچەندە ئێستا پرۆسەی هەمواركردنی دەستوور لە چەند وڵاتێکی وەك مەغریب و ئوردن دەستی پێکراوە، بەڵام کێشەی سەرەکی وڵاتانی دیکە نووسینەوەی دەستوور یان دارشتنی دەستوورێکی نوێیە، دەربارەی ئەم پرسە پرسیارمان لە پرۆفیسۆر سەید گرەیوود بەرێوەبەری سەنتەری دیراساتی ئەفریقی و رۆژهەڵاتی ناوەراست لە زانکۆی مەلیك محەمەد لە ریبات، سەبارەت بەم لایەنە لە لێدوانێکی تایبەتدا بە گوڵانی راگەیاند: (بەڕای من مەسەلەکە چیتر پەیوەست بەوە نییە کە ئایا گۆڕانکاری روودەدات یان نا، پێموایە کە گۆڕانکاری لە حاڵی حازر لە روودانداية. بۆیە ئێستا مەسەلەکە بریتیە لەوەی بڕوانین بزانین چ جۆرە گۆڕانکارییەك لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە روودانە. بەش بە حاڵی خۆم، من زۆر رەشبین نیم و بیر لە ئەگەرە نێگەتیڤەکان ناکەمەوە، بەڵکو زیاتر هەوڵدەدەم جەخت بکەمە سەر لایەنە پۆزەتیڤەکان، هەربۆیەیش هەوڵدەدەم جەختبکەمە سەر گۆڕانکارییە پۆزەتیڤەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بەڕای من ئەوەی کە ئەمڕۆ دەیبینین زیاتر بریتیە لە جموجۆڵی گۆڕانکاری یان هەنگاونان بەرەو ئاڕاستەی کۆمەڵگەیەکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کە رەواتر بێت و بە پەرۆشتر بێت بۆ ئازادی و حوکمڕانیی باش و دادی کۆمەڵایەتی. هەڵبەتە وێڕای ئەمەیش، هەروەك هەمووشمان دەزانین، بێگومان ئەمڕۆ چەندین نموونە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیە کە






بەدبەختە. بەڵام ئامانجی سەرەکیمان بریتیە لەوەی لەکۆتاییدا بگەینە کۆمەڵگەیەکی رەواتر و دیموکراسیتر لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.. هەڵبەتە مەترسییەك هەیە کە باسدەکرێت لەبارەی «ئێران»، بەڵام من لەگەڵ ئەو بۆچوونە هاوڕانیم. ئەوەی کە ئەگەری روودانی هەیە، پێموایە بریتیە لە جۆرە گفتوگۆیەك، بۆنمونە ئەوەی کە ئەمڕۆ دەیبینین لە «میسر» بەتایبەتی لەنێوان «ئیخوانی موسلمین» و ئەو دوای بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و پارتە سیاسییەکانی دیکەی «میسر»، بەڵام نازانم ئەنجامەکانی چی دەبن، هاوکات رای من وایە کە «ئێران»ێکی دیکە دێتەکایەوە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پێموایە جموجۆڵەکە بەرەو دادی کۆمەڵایەتیی زیاتر هەنگاودەنێن. لەوانەیە پارتە سیاسییەکان پلەیەك مۆرکی ئایینییان پێوە دیاربێت، وەکو «ئیخوانی موسلمین»ی «میسر»، بەڵام هەرگیز لەو بڕوایەدا نیم کۆمەڵگەیەك، بەتایبەتی کۆمەڵگەی «میسر»، ئامادەبێت لەوبارەیەی دەستبکات بە هەنگاونان لە رژێمێکی دیکتاتۆری، یاخود دیکتاتۆرییەتێکی عەسکەرتاری، یانیش لە دیکتاتۆرییەتێکی سیاسییەوە بۆ رژێمێکی هاوشێوە وەك دیکتاتۆرییەتێکی «تیۆکراسی».))

دەربارەی هەوڵەکانیش بۆ گۆڕینی دەستوور یان نووسینەوەی دەستوور پرۆفیسۆر سەید لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان وتی: ((ئەمڕۆ زۆربەی وڵاتان لە پڕۆسەی گۆڕینی دەستوورەکانیانن، بۆنمونە «مەغریب» دەستووری گۆڕی، «تونس» لە پڕۆسەی گۆڕینی دەستوورە، «میسر»یش تاڕادەیەك دەستی پێکردووە، لە «ئوردن» داواکاریی زۆر هەیە بۆ گۆڕینی دەستوور. بەڕای من بێجگە لە گۆڕینی دەستوور، لەوە گرنگتر پڕۆسەی گۆڕینی دەستووره، «مونازەڕەکان» لەبارەی پێویستیی گۆڕینی دەستوور لە ژینگەیەکی تەندروست لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بێگومان دەستوور بریتیە لە کۆنتێکستێکی «مەفاهیمی» و «تیۆکراسی» و یاسایی و چوارچێوەی کارە بۆ بونیادنانی دامەزراوەکان، بەڵام لەهەمان کاتیشدا گوزارشتێکی «ئستراتیژی»ی نموونەییە لەسەر سیستەمێکی کۆمەڵگەیی، لەسەر پڕۆژەیەکی کۆمەڵگەیی. بۆیە لەکۆتاییدا، جێبەجێکردنی ئەو چەمکە بۆ راستی لێرە و لەوێ دەگمەنە، بەڵام پێموایە کە ئەمڕۆ هیچ ئەگەرێك لەئارادا نییە لەبارەی گەڕانەوە بۆ رژێمێکی دیکتاتۆر و ستەمدار. سەبارەت بە گۆڕانکارییەکان، ئێمە ئەمڕۆ مامەڵە لەگەڵ کۆمەڵگەیەکی مرۆیی دەکەین، بۆیە بەو ئاسانییە ناتوانین پێشبینیی بۆ بکەین. بەڵام کە سەیرێکی تەواوی ناوچەکە دەکەم، لەهەموو حاڵەتەکاندا، دەبینم کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بانگەشە دەکات بۆ دادی کۆمەڵایەتی و ئازادی و یەکسانی لە هەلەکان، ئەمەیش کۆمەڵگەیەکە کە بە پێداگرتنێکی زۆرەوە هەنگاودەنێت بەرەو ئاڕاستەکانی ئەو ئامانجە، ئەم شتەیش بەچەندین شێوە وەدیدەهێنرێت بۆنمونە لەشێوەی گۆڕینی دەستوورەوە بۆ بزاوە کۆمەڵایەتییەکان بۆ پرۆتستۆ لە شەقامەکان، تا دەگاتە حاڵەتێك هاوشێوە لەگەڵ هەندێك لە کەیسەکان وەکو «لیبیا» و «سوریا» کە ئەمڕۆ زیاتر و زیاتر هەنگاویان ناوە بەرەو ئاڕاستەکانی پێکدادانی سەربازی.))



ئەڤلین ئەکاد بۆ گوڵان:

**ئەمڕۆ دەنگ دەنگی توندوتیژی و کوشتن و مردن و دوژمنایەتییە، پێویستە وازبێنن لە کوشتنی هاوڵاتیان و گوێ لە ویژدانیان بگرن، ئەگەر هات و ویژدانیان مابوو**




# گرێ کوێرەی سوریا

پرۆفیسۆر مایکل گەنتەر
تایبەت بۆ گوڵانی نووسیووە

نزیکەی شەش مانگە، بەشار ئەسەد بەهۆی ئەنجامدانی کوشت و کوشتارەوە لە هەوڵی پاراستنی دەسەڵاتەکەیدایە لە سوریا، ئەمە هەمان ڕەفتاری سەرکردە هاوشێوە لیبیاکەیەتی، موعەممەر قەزافی، کە کەسێکی ستەمکار و دڵڕەقە و دووچاری شەڕو ناکۆکی بۆتەوە. دەبێت چەند کەسی دیکە بکوژرێن پێش ئەوەی ئەم دوو ستەمکارە بڕووخێنرێن؟ ئەمە قسەی سەرکردەی ناسراوی ئینگلیز «ئولیڤەر کرۆمویڵ»مان بیردەخاتەوە کە بە لوتبەرزییەوە لە بەردەم پەرلەمانداو لەسەردەمی شەڕی ناوخۆیی نێوان ئینگلیزەکان لە ساڵانی چلەکانی سەدەی حەڤدەدا کردی. «ئێوە بۆ ماوەیەکی زۆر لێرە دانیشتوون بێ ئەوەی هیچ کارێکی باش ئەنجام بدەن، من پێتان دەڵێم بڕۆن، با ڕزگارمان بێت لە ئێوە، بۆ خاتری خوا بڕۆن!»

بە دڵنیاییەوە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئەتوانێت لە ڕێی بەکارهێنانی هێزی ئۆپەراسیۆنە تایبەتیەکانیەوە بۆ ڕێکخستن و چەکدارکردنی موعارەزەی سوری و خولقاندنی زۆرترین گرفت و سەرئێشە بۆ ئەسەد، ئەسەد ناچار بکات لە دەسەڵات دووربکەوێتەوە. ڕۆژگاری ئەمەریکا بە کوێ دەگەیشت ئەگەر فەڕەنسیەکان هاوکاری شۆڕشی ئەمەریکیان نەکردایە؟ تەنانەت نموونەیەکی نزیکتر هەیە لەم ڕووەوە، پێدەچێت تورکیا ئامادەبێت پشت لە ئەسەد بکات و تەنانەت نزیك بۆوە لەوەی هەڕەشەی دەستێوەردان بکات بۆ لادانی لە دەسەڵات. لەگەڵ ئەوەشدا، مەسەلەکان ئەوەندە سادە نین وەك ئەوەی دەردەکەون، بە تایبەتی بۆ کورد!

پێش ئەوەی سەددام حوسێن بڕووخێنرێت و لە ساڵانی هەشتاکاندا، حافز ئەسەد، بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ ئەندامانی موعارەزەی عێراق داڵدەدا، لە نێویاندا گرووپە کوردییەکان.

هەروەها لە ساڵی ١٩٧٩-١٩٩٨ سوریا پەناگەیەکی ئارامی بۆ پەکەکە دابین کرد.

بێ ئەم هاوکارییە ڕەنگە هەرگیز بێداربوونەوە و هۆشیاربوونەوەی کوردەکانی تورکیا ڕووی نەدایە. ڕەنگە بتوانرێت هەمان شت لەبارەی کوردەکانی عێراقیشەوە بووترێت، بەڵام بە ڕاددەیەکی کەمتر. بە هەمان شێوە، سەرۆك وەزیرانی ئێستای عێراق نوری مالیکی چەندین ساڵی مەنفای لەسوریا بەسەربرد. هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە سەرکردە کوردەکان ئەوەندە بەلایانەوە زەحمەتە بە تەواوی پێوەندییەکانیان لەگەڵ ئەسەدا کۆتای پێبهێنن.

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر ئەم کارە بکەن و ئەگەر ئەسەدیش بڕووخێت، ئەمە بە زەرورەت نابێتە زامنی بەدیهێنانی دیموکراسی لە سوریادا. ڕەنگە زۆر بە ئاسانی ڕژێمێکی دیکەی سەرکوتکار جێی حکومەتەکەی ئەسەد بگرێتەوە. لە کۆتاییدا، ئەگەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و ناتۆ نەیانتوانیبێت کەسێکی لاوازتری وەك قەزافی لە لیبیا بڕووخێنن دوای ئەوەی بۆ نزیکەی شەش مانگە لە هەوڵدان، ئەوا دەبێت بیر لەوە بکەینەوە ئایا دەکرێت ئەسەد کە بەهێزترە لە دەسەڵات دووربخرێتەوە؟ لە ڕاستیدا هێنانەدی ئەم ئامانجە زیاتر پێویستی بە خەباتی ناوخۆییە بەچەشنی ئەوەی لە میسردا ڕوویدا کاتێك لە ١١ی شوباتدا بارگەیان بە حوسنی موبارەك پێچایەوە. تونسیش، کە شوێنی لەدایك بوونی بەهاری عەرەبە، هەمان ڕێگەی گرتەبەر.

ئەوەی پێوەندی بە قەزافی لە لیبیاوە هەبێت، زۆربەی کورد ئەو ڕاستییە دەزانن ئەو تاکە سەرکردەی عەرەبە بە بەردەوامی داوای پێدانی مافی بڕیاردانی چارەنووس و تەنانەت سەربەخۆییشی بۆ کورد کردووە. هیچ سەرکردەیەکی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەم دڵسۆزییەوە داکۆکی لە مافی کوردەکان نەکردووە. لەم ڕوانگەیەوە قورسە لەم ساتەوەختەدا کوردەکان دژی قەزافی بوەستنەوە کە دووچاری گیروگرفت بۆتەوە.

سیاسەت ئاڵۆزە. بەهاری عەرەب بەشێوەیەکی گشتی و ڕووداوەکانی سوریا و لیبیا نمونەگەلێکی تایبەتن. هەرچۆنێك بێت، نووسەری ئەم دێڕانە باوەڕی وایە ڕەوتی ڕووداوەکان سنوورێکی ئەوەندە دووریان بڕیوە کە ناکرێت بگەڕێینەوە بۆ ڕابردوو. ڕۆژەکانی ئەسەدو قەزافی دیاری کراون. بەلەبەرچاوگرتنی نزیکیی سوریا لە هەرێمی کوردستانەوە، دەبێت کوردەکان پلانیان هەبێت بۆ جیهانی دوای ئەسەد.



گریگۆری گۆس بۆ گوڵان:

# بارودۆخی دژوار لە میسرو وڵاتانی عەرەبی لەوەدایە هێزە ئیسلامییەکان ڕێکخراون و عەلمانی و لیبرالییەکان پەرت و بڵاون و خۆیان بۆ کۆناکرێتەوە

پرۆفیسۆر گریگۆری گۆس ئوستادی زانستی سیاسەتە لەزانکۆی ڤێرمۆنت و تایبەتمەندە لەسەر پێوەندییە نێودەوڵەتیەکان و سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەروەها سیاسەتی نێودەوڵەتی نیمچە دورگەی عەرەبی و دەوڵەتانی کەنداو، لەساڵی ٢٠٠٨ – ٢٠١٠ ئوستادی پێوەندییە نێو دەوڵەتیەکان بووە لە زانکۆی هارڤاردو ئێستاش یەکێکە لە توێژەرە باڵاکانی دیراساتی عەرەبی و ئیسلامی لە ئامۆژگای بەناوبانگی ئەنجومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوە، نووسینەکانی لە گۆڤارە بەناوبانگە جیهانیەکان وەك فۆرین ئەفێرز و فۆرین پۆلیسی و چەند جارێکیش لەسەر پرسەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەوڵەتانی کەنداو بانگهێشتی کۆنگرێس کراوە بۆ دانیشتنی گوێگرتن لە بۆچوونەکانی، ئەمە بێجگە لەوەی بەردەوام لەسەر شاشەی کەناڵە جیهانیەکان وەك BBC، CNN، هەروەها جەزیرەی عەرەبی و ئینگلیزی و کەناڵی ئەلعەرەبیە بۆ شرۆڤەی باردۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بانگهێشت دەکرێت، بۆ قسەکردن لەسەر ڕەوشی ئەمڕۆی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و سوریا بەتایبەتی پێوەندیمان بە پرۆفیسۆر گریگۆری گەوس کردو بەڕێزی بەسوپاسەوە بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.

### کاتێك توندوتیژی دەبێتە بەشێك لە گۆڕانی سیاسی

*** هەموو بۆچوونەکان پێشبینی شەپۆلێکی گۆڕانکاری لە تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتە عەرەبییەکاندا دەکەن، بە دڵنیاییەوە هیچ گۆڕانکارییەکیش بێ توندوتیژی و قوربانیدان نایەتەدی، تەواو بە وێنەی ئەوەی ئەورووپای ناوەندو ئەورووپای ڕۆژهەڵات لە سەرەتای نەوەدەکان و لە کۆتایی سەدەی ڕابردوودا ڕووبەڕووی بوونەوە، کەواتە پێشبینیەکانی ئێوە چییە بۆ گۆڕانکاری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا؟**

- دەرئەنجامەکە لە هەر وڵاتێکدا جیاواز دەبێت، ئەویش بە پێی ئەو بارودۆخەی وڵاتەکەی تێدایە. ئەوەی ڕوونە هەستێکی گشتی نارازیبوون هەیە لە جیهانی عەرەبیدا، کە گوڕوتین بەخۆی دەدات لە دوای دەستپێکردن و بەرپاکردنی شۆڕش و ڕاپەرینەکانەوە، بەڵام ئەنجام و ئاکامی هەر یەك لەم شۆڕش و ڕاپەرینانە جیاواز دەبێت، بەهۆی بارودۆخی تایبەتی هەر وڵاتێکەوە. ئاشکرایە لیبیا جیاوازە لە میسر و میسریش جیاوازە لە بەحرەین. بەڵام ئەوەی ئێوە ئاماژەی پێدەکەن ڕاستە، ئێمە ناتوانین ئەگەری ڕوودانی توندوتیژی بە دووربگرین، کە دەبینین توندوتیژی بۆتە بەشێك لە پرۆسەی گۆڕانی سیاسی، ئەمەش تەنیا پەیوەست نییە بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، ئەمە هەروەك ئێوە ئاماژەتان پێکرد، شتێکی باوە لە هەر پرۆسەیەکی گۆڕانی سیاسی لە هەر شوێنێکدا، نوخبەی کۆن بە ئاسانی دەستبەرداری دەسەڵات نابێت. دەکرێت هەندێ شوێن هەبێت کە بتوانرێت بێ توندوتیژی چاکسازی تێدائەنجام بدرێت، بەڵام ئەمە پێویستی بە بڕیاری نوخبەکان هەیە بۆ ئەوەی ئامادەبن دەست لە بەشێك لە دەسەڵاتی خۆیان هەڵگرن و سەرکێشی بکەن بۆ ئەوەی دەسەڵاتەکانی دیکەیان بپارێزن. بۆ نموونە ئەگەر لە مەغریب و ئەردەن بڕوانین، ئەوا ڕەنگە ئەوە بەدی بکەین پاشاکانی ئەم وڵاتانە ئامادەبن بەشێك لە دەسەڵاتی خۆیان بدەن بە دەسەڵاتێکی یاسادانانی هەڵبژێردراو وەك هەولێك بۆ پاراستنی پاشایەتیەکەیان.

**ئەگەر سەیری مەغریب و ئەردەن بکەین، ڕەنگە ئەوە بەدی بکەین پاشاکانی ئەم وڵاتانە ئامادەبن بەشێك لە دەسەڵاتی خۆیان بدەن بە دەسەڵاتێکی یاسادانانی هەڵبژێردراو وەك هەوڵێك بۆ پاراستنی پاشایەتییەکەیان**

بەڵام لە شوێنێکی وەك لیبیادا بێ شکستهێنان بە نوخبەی دەسەڵات گۆڕانکاری ڕوونادات، بە هەمان شێوە لە سووریاش گۆڕانکاری ڕوونادات، ئەگەر شکست بە نوخبەی دەسەڵات نەهێنرێت.

### ترس لە دروست بوونی حوکمی تیۆکراتی و ئایینی لە ناوچەکەدا

*** ئەوەی ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕوودەدات بریتیە لە ڕووخاندنی ڕژێمە دیکتاتۆرییەکان، هەموو کەسێك لە جیهاندا پەرۆشی گۆڕانکارییە لە دیکتاتۆرییەتەوە بۆ دیموکراسی. بەڵام ئێمە دەمانەوێت بپرسین تا چ ڕادەیەك ئێوە پێتان وایە مەترسی ئەوە هەیە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە دیکتاتۆرییەتەوە بگۆڕدرێت بۆ دەوڵەتی تیۆکراتی و ئایینی؟**

- تا ئێستا هیچ دیموکراسیەتێکمان نییە، تەنانەت لە وڵاتێکی وەك تونسیش کە ڕەنگە باشترین دەرفەتی هەبێت، یان میسر کە پێم وایە دەرفەتی باشتری هەیە لەم وڵاتەدا بە بەراورد بە شوێنەکانی دیکە، ئەوا هێشتا دەنگدانێکی دیموکراتیمان نەبینیوە، هێشتا حکومەتێکمان نەبینیوە دیموکراتیانە هەڵبژێردرابێت. کەواتە دەبێت چاوەڕێ بکەین بۆ ئەوەی بزانین ئەم دوو حاڵەتە چۆن بەرەوپێشدەوەدەچن. زەحمەتە بتوانێت ببێتە خاوەنی حکومڕانێتیەکی دیموکراسی لە تونس یان میسر و لە شوێنەکانی دیکەش، ئەویش بەهۆی دابەشبوونە کۆمەڵایەتیەکان و دابەشبوونە مەزهەبیەکانی ئەم وڵاتانەوە. ئەوەی پێوەندی بە تیوکراتیەوە هەبێت، ئەوا بەلەبەرچاوگرتنی تۆماری حکومەتی ئێرانی، من پێم وایە دامەزراندنی ڕژێمی تیوکراتی ڕاستەوخۆ ئەگەرێکی کەمتری لێدەکرێت، من دڵنیانیم لەوەی خەڵکی دەنگی بۆ بدەن، بە ڕەوچاوکردنی ئەوەی وترا، ئەوا پێم وایە خۆنمایشکردنێکی بەهێزی ئیسلامییەکان دەبینین لە کاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئازاددا لە جیهانی عەرەبیدا. پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئامادە دەبن کار لەگەڵ گرووپە عەلمیانیەکاندا بکەن بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانێتی و بۆ بەردەوامیدان بە حکومەتێکی دیموکراسی، ئەگەر ئەو حکومەتە هاتەئاراوە، یان جیاوازییەکانی نێوان ئیسلامییەکان و عەلمانییەکان ئەوەندە گەورەن کە سەردەکێشن بۆ لەبەریەکهەڵوەشانەوەی سیستەمەکەو گەڕانەوە بۆ حکومەتی سەربازی.

### پرسی گۆڕینی دەستوور

*** لەم قۆناغە ئینتیقالیەدا بۆ ئەوەی وڵاتە عەرەبییەکان بتوانن هەنگاو بەرەو دیموکراسی هەڵبگرن، ئەوا پێویستیان بە گۆڕین و هەمووارکردنی دەستوور هەیە، کە ئەمەش کارێکی ئاسان نییە، هەروەها لەم بەشەی جیهاندا تورکیا، کە چەندین ساڵە پاڵێوراوە بۆ ئەندامێتی یەکێتی ئەورووپا، هێشتا نەیتوانیوە دەستووری وڵاتەکەی بگۆڕێت، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەگەرێکی دەستوورێکی باش و مەدەنیانەت نەبێت، چۆن ئەتوانیت هەنگاو بەرەو دیموکراسی و هەنگاو بەرەو دەوڵەتی دامەزراوەیی هەڵبگریت؟**

**تۆ ئەتوانیت دیموکراسیت هەبێت، بەڵام ئەگەر دیموکراسیەك بێت کە گرووپی ئیتنی زۆرینە یان گرووپێکی ئاینی زۆرینە دژی کەمینەکان دەنگیاندا، ئەوا ئەمە نابێتەهۆی دروستبوونی سیستەمێکی سیاسی سەقامگیر**

- پێم وایە پرسی دەستوور پرسێکی گرنگە، بەڵام پێم وانییە گرنگتر بێت لەو سیاسەتەی لە پشت نووسینی دەستوورەکەوەیە، ئەکرێت تۆ دەستوورێکی باشت هەبێت، بەڵام ئەگەر پیادەی نەکەیت، ئەوا چ نرخ و کاریگەرییەکی دەبێت، ئێمە ئەمەمان لە زۆر حاڵەتدا



لە سەرتاسەری جیهاندا بینیوە. بەلای منەوە ئەوەی پێویستە ئەوەیە هەموولایەنە جیاوازەکان ئیرادەی سیاسییان هەبێت بۆ ئەوەی ڕێکبکەون لەسەرئەوەی دەستوور سنووری ئامانجەکانیان دیاری بکات، پێش ئەوەی دەستوور خۆی هیچ لە مەسەلەکان بگۆڕێت، کەواتە بەلای منەوە مەسەلەکە زیاتر پەیوەستە بەم سیاسەتەوە نەك بە وشە و دەقەکانی دەستوورەوە.

**بێ توانایی لایەنە عیلمانییەکان لە خۆڕێکخستندا**

*** حاڵی حازر لە وڵاتە عەرەبیەکاندا هێزێك هەیە ڕژاوەتە سەر شەقام و خوازیاری ڕووخانی ڕژێمەکەیە، بەڵام هێزێکی موعارەزەی ڕێکخراو نییە، لە هەمان کاتدا، هیچ موعارەزەیەکی سیاسی لە ئارادانییە کە بە شێوەیەکی دیموکراتی یان لیبراڵی ڕێکخرابێت، بە بۆچوونی ئێوە**

**زەحمەتە بتوانرێت حکومڕانیێتیەکی دیموکراسی لە تونس یان میسر و شوێنەکانی دیکەش دابمەزرێت**

**بارودۆخەکە تا چ ڕاددەیەك مەترسیدارە بۆ سەر ئایندەی وڵاتەکە؟**

- پێم وایە ئەمە بارودۆخێکی زۆر دژوارە لە زۆرێك لە وڵاتە عەرەبیەکاندا، کە پارتە ئیسلامییەکان و گرووپە ئیسلامییەکان زۆر باش ڕێکخراون، بەڵام لایەنە عەلمانیەکان یاخود لیبراڵیەکان توانای خۆڕێکخستنیان نییە، بە دڵنیاییەوە ئەمە دۆخەکەیە لە میسر، کە بێتوانان لەوەی لە پارتێك یان دوو پارتی سیاسی گەورەدا یەکبگرن، بەڵکو بەسەر خۆشیاندا دابەشبوونە، ئەمەش بەو مانایە دێت دەرفەتی نوێنەرایەتیکردنیان لە هەڵبژاردنەکاندا سنورداردەبێت، کەواتە بەشێك لە کێشەکە خودی لیبراڵیەکان خۆیانن، بێتواناییان لە ڕێککەوتن لەگەڵ یەکدا و بێتواناییان لە خۆڕێکخستنیان، بەشێکی ئەم کێشەیەش ئەو ڕاستیەیە کە ئەوان نەیانتوانی لە سایەی ڕژێمەکانی پێشووشدا حزب پێکبهێنن، لەبەر ئەوە زۆر کەوتنە دوای ئیسلامییەکانەوە.

**ئەگەری دابەشبوونی سنوورەکان**

*** لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کەمینەکان، کێشەو گرفتە ئیتنی و ئاینیەکان هەن. دەمانەوێت ئەو پرسیارە بکەین ئەگەر شکستیان هێنا لە چارەسەرکردنی ئەم کێشانەدا، ئایا تا چەند مەترسی دابەشبوونی ئەم وڵاتانە دەکرێت بە چەشنی ئەوەی لە باشووری سوودان ڕوویدا؟**

- پێم وانییە کێشەی دابەشبوونی ڕاستەقینەی وڵاتەکە بە چەشنی باشووری سوودان بەو شێوەیە مەترسیدار بێت، زەحمەتە بۆ من ببینم دابەشبوون لە کوێدا ڕوودەدات. ئەوەی ئاشکرایە لە وڵاتەکەی ئێوەدا، لە عێراق، سیستمێکی فیدراڵی هەیە کە ڕاددەیەکی باش لە ئۆتۆنۆمی هەیە لەناوچە کوردییەکاندا، لە لیبیا ئەگەری ئەوە هەیە حکومەتێك لە بنغازی و حکومەتێك لە تەرابلوس هەبێت، نەك دابەشبوونی ڕەسمی وڵاتەکە، بەڵام لە وڵاتانی دیکەی وەك سوریا،

**لە کاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئازاددا لە جیهانی عەرەبیدا، خۆنمایشکردنێکی بەهێزی ئیسلامیەکان دەبینین**




سعودیه و میسر و یەمەن، ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە دابەشبوون لە یەمەن رووبدات، بەڵام تەنانەت لەم وڵاتەشدا پێناچێت رەوتی رووداوەکان بەو ئاڕاستەیەدا بڕوات. بەلای منەوە گرنگترین مەسەلە بریتی نییە لە دابەشبوونی ڕاستەقینەی سنوورەکان، بەڵکو کێشەی گرنگتر هەروەك ئێوە ئاماژەتان پێکرد بریتیە لە ئاوێتەکردنی گرووپە کەمینەکان، کەمینە ئاینی و ئیتنی و ناوچەییەکان و پێدانی زەمانەتی دەستووری و سیاسی لە سیستمە سیاسیە نوێیەکەدا. تۆ ئەتوانیت دیموکراسیت هەبێت، بەڵام ئەگەر دیموکراسیەك بێت کە گرووپی ئیتنی زۆرینە یان گرووپێکی ئاینی زۆرینە دژی کەمینەکان دەنگیاندا، ئەوا ئەمە نابێتەهۆی دروستبوونی سیستمێکی سیاسی سەقامگیر.

**پێویستە هەموولایەنە جیاوازەکان ئیرادەی سیاسییان هەبێت بۆ ئەوەی ڕێکبکەون لەسەرئەوەی دەستوور سنووری ئامانجەکانیان دیاری بکات**

## دەستێوەردانی سەربازی

*** ئەگەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی شکست بهێنێت لە چارەسەرکردنی ئاشتیانەی توندوتیژی لە سوریا و لیبیا، ئەوا تا چ رادەیەك هەوڵەکانی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە لە ڕێی سەربازییەوە دەبێتەهۆی قووڵترکردنەوەی و کێشەکانی نێوان ئیسلام و ڕۆژئاوا؟**

- پێم وایە بارودۆخی لیبیا ئەوەندە پشێوە، کە ئەگەری ئەوەنییە دەستێوەردانی سەربازی ڕۆژئاوا لە وڵاتێکی دیکەدا ببینین، وەك سوریا، لەبەر ئەوە من باوەڕم وانییە هەوڵەکان بەم ئاڕاستەیەدا بەرەو زیادبوون بچن. بۆچوونی شەخسی منیش ئەوەیە پێویستە ئەمەریکاو وڵاتە ئەوروپییەکان خۆیان لەم کاروبارانە بەدوور بگرن، چونکە هەروەك لە سەرەتادا ئاماژەتان پێکرد، بە زۆری گۆڕانی سیاسی هاوشانە بە توندوتیژی.

کەواتە باوەڕم وایە دەبێت هێزە دەرەکییەکان ڕێگە بدەن ئەم سیستمە سیاسیانە چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن، من دڵنیانیم لەوەی دەستێوەردان لە لیبیادا شتێکی ئیجابی بووە و بە دڵنیاییەوە باوەڕم وایە نەدەبوو ئەمەریکا ئەم کارەی بکردایە. شەخسیەن من پێم وانییە سیناریۆی لیبیا بەم زووانە لە هەر وڵاتێکی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دووبارە ببێتەوە.

*** ئایا ئەگەری ئەوە هەیە کە ئێمە لە سەدەی بیست و یەکداین ڕێگە بدرێت بە ڕۆژی ڕووناك جینۆساید ئەنجام بدرێت؟**

- بەڵێ بە دڵنیاییەوە ئەوە مومکینە، نزیکەی ١٥ ساڵ پێش ئێستا ئەمە لە ڕواندا ڕوویدا، بەلای منەوە بە دڵنیاییەوە ئەمە مومکینە. توندوتیژیەکی بەربڵاو لە کۆنگۆ ڕوودەدات کە دەستێوەردانی نێودەوڵەتیش نەکراوە، بەڵێ بە دڵنیاییەوە پێم وایە ئەمە مومکینە.

- هێشتا ئەو ڕووداوانە بەردەوامن، لەبەر ئەوە زۆر زووە بگەینە دەرئەنجامی دیاریکراو لەبارەیانەوە.

**کۆمەڵگەی عەرەبی لەڕووی کۆمەڵایەتی و مەزهەبییەوە دابەش بووە**

# نزیک بوونەوەی وادەی کشانەوەی ئەمەریکا نیگەرانی بە دوای خۆیدا دەهێنێت



دەیڤید ڕۆمانۆ*

مانگی جارێک
تایبەت بە گوڵان دەینووسێت

وا بڕیارە ئەو ٤٦،٠٠٠ سەربازەی ئەمەریکا کە لە عێراقدا ماونەتەوە، لە ٣١ کانونی یەکەمی ساڵی ٢٠١١دا بە تەواوەتی بکشێنەوە. گەرچی واشنتۆن ئامادەیی دەربڕیوە بۆ درێژکردنەوەی ماوەی مانەوەی بەشێك لە سەربازەکانی، ئەگەر بەغدا داوایەکی لەم چەشنەی لێبکات، بەڵام هێشتا داوایەکی لەم شێوەیە نەکراوە. سەرکردە کوردەکان ڕاشکاوانە ڕایانگەیاندوە وڵاتەکە زۆر پێویستی بەوە هەیە هێزەکانی ئەمەریکا بۆ ماوەیەکی زیاتر بمێننەوە، کە لەم مەسەلەیەدا زۆربەی سەرکردە سیاسیە عێراقیەکان بە نهێنی لەگەڵ هەولێردا هاوڕان.

بێ خستنەڕووی ئەم داواکارییە لە لایەن حکومەتی عێراقەوە، کە دەبێت ڕێککەوتنێکی هەموارکراوی باری هێزەکان(سۆفا) لە خۆبگرێت کە حەسانەی دیبلۆماسی بۆ هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا دابین بکات، ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە ئەمەریکا پرۆسەی کشانەوەکە تەواو بکات هەروەك ئەوەی پلانی بۆ دانراوە. هەروەها وادەی کۆتای داواکردنی درێژکردنەوەی ماوەی مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا زۆر نزیکترە لە مانگی کانونی یەکەم: بەهۆی ئاڵۆزی و دژواری پێداویستیە لۆجستیکیەکانی دابینکردنی کەلوپەل و کۆکردنەوەو ڕەوانەکردنەوەی (تسریح) ژمارەیەکی گەورەی هێزەکان، ئەوا زۆر زەحمەت دەبێت بتوانیت لە دوای مانگی ئابەوە پلانەکان بگۆڕیت.

لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین بڵێین نزیکبوونەوەی وادەی کۆتایی بۆ داواکردنی درێژکردنەوەی مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا، بۆتەهۆی هەڵکشانی نیگەرانیەکان لە عێراقدا. لە کاتێکدا لە ساڵی ٢٠٠٣ەوە هێزە ئەمنیەکانی عێراق بە شێوەیەکی بەرچاو بەرەوپێشچوونە، بەڵام هێشتا نەیانتوانیوە کۆنترۆڵی سنوورەکانی عێراق بکەن و نەیان سەلماندووە کە توانای ئیدارەکردنی ئەو یاخیبوونەیان هەیە کە لە کاتی دروستبوونی پشێوی و نائارامبوونی خەڵکەکەدا دێتەئاراوە. هەروەها ئەوەی گرنگە ئەوەیە سوپای عێراق پێویستی بە کاتی زیاترە بۆ ئەوەی ببێتە سوپایەکی نیشتمانی کە زاڵبێت بەسەر دابەشبوونە تائیفی و مەزهەبیەکاندا. ڕەنگە ئەمە ڕووداوات ئەگەر زۆرێك لە سەرکردەکانی بەغدا بەردەوام وەك شیعە، سوننەو و کورد ڕەفتار بکەن، تەنانەت ئەو کاتەی وەك عێراقیەکیش قسە دەکەن.

لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٦ و ٢٠١١دا، ئەمەریکیەکان و ئەو سەرکردە عێراقیانەی کاریان لەگەڵدا دەکردن بۆ کەمکردنەوەی ناسەقامگیری و توندوتیژی پەرەیان بە چەند ستراتیژیەتێك دا.

سەرکردە عەرەبە خێڵەکییە سوننیەکان قایلکران، پارەیان پێدراو پێدوایستیان بۆ دابین کرا بۆ ئەوەی پشت لە یاخیبووە جیهادیەکان بکەن و ببنە بەشێك لەو هەوڵانەی لە عێراقدا بە سەرکردایەتی ئەمەریکا خرابوونەگەڕ (ئەنجومەنەکانی سەحوە)، زیادکردنی خێرای ژمارەی هێزەکانی ئەمەریکا لە ٢٠٠٦-٢٠٠٨دا زیاتر هاوکاربوون بۆ ئەوەی باروودۆخەکە لە وڵاتەکەدا کۆنتڕۆڵ بکرێت، ئەو هێرشە گەورەیەی بە سەرۆکایەتی نوری ئەل مالیکی و بە پاڵپشتی ئەمەریکا کرایەسەر میلیشیای مەهدی کە لەلایەن سەرکردەی پۆپۆلیستی شیعەوە، موقتەدا ئەل سەدر سەرکردایەتی دەکرا، بووەهۆی ئەوەی دەست لە ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی چەکداری هەڵگرێت، هەروەها تەرکیزکردن لەسەر پاراستنی هێمنی و ئارامی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان لە دوای ساڵی ٢٠٠٩ەوە (کە لەلایەن هێزە هاوبەشە ئەمەریکی-عەرەب و کوردەکانەوە ئەنجام دران) سەرکەوتوو

بوو لە هێورکردنەوەی و کەمکردنەوەی گرژی نێوان کورد و عەرەبدا.

هیچ یەکێك لەم دەستپێشخەریانە بێ بوونێکی سەربازی گەورەی ئەمەریکا لە عێراقدا سەرکەوتوو نەدەبوون. کەواتە ئێستا ئەو پرسیارە دروست دەبێت، ئایا ئەو دەستکەوتانەی ئەمەریکیەکان و سەرکردە عێراقیە هاوپەیمانەکانیان لە ساڵی ٢٠٠٣وە تاوەکو ئێستا بەدەستیان هێناوە بەسن؟ ئەگەر هێزە زەمینیەکانی ئەمەریکا بکشێنەوە، ئەوا تەنانەت پاڵپشتی ئاسمانی ئەمەریکاش بۆ عێراق وەك پێویست نابێت، لەبەر ئەوەی هیچ ئەمەریکیەك لە عێراقدا نامێنێت تاوەکو ئامانجەکان دیاری بکات و پەیوەندی بکات بۆ ئەوەی هەماهەنگی لەگەڵ فرۆکەکاندا بکات. ئایا سوپای ئێستای عێراق، کە پاڵپشتیەکی ئاسمانی کەمتری هەیە بە بەراورد بە ڕابردوو، دەتوانێت کارێکی لێهاتوو و بوێرانەی چەشنی شەڕەکەی بەسرە لە ٢٠٠٧دا دووبارە بکاتەوە؟ ئایا دەتوانن هەمان ئاستی کارایی خۆیان بپارێزن لە پەلامارەکانیاندا بۆ سەر ئەلقاعیدە و گرووپە هاوشێوەکانیان لە عێراق؟

پێدەچێت زۆربەی سەرکردە عێراقییەکان پێیان وابێت وەڵامی ئەم پرسیارە "نەخێرە" لە ئێستادا. لەگەڵ ئەوەشدا، دوو ئاستەنگی سەرەکی هەن لە بەردەم هەر کەسێکدا، جگە لە کوردەکان، کە ڕێگرن لەوەی داوای درێژکردنەوەی ماوەی مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا بکرێت: ئێران و هەستی جەماوەری نێو عەرەبەکانی عێراق.

بە دڵنیاییەوە، ئێران، خوازیاری ئەوەیە بە زووترین کات ئەمەریکا پاشەکشە بکات، پێشی باشە ئەم پاشەکشەیە بە سەرشۆڕی و لە ئەنجامی شکستهێنانەوە بێت. لە ئێستادا هیچ وڵاتێك بە وێنەی ئێران لە عێراقدا دەستڕۆیشتوو نییە، هەروەها ئێرانییەکان دەتوانن ژیانی هەر عێراقیەك تاڵ بکەن کە داوای مانەوەی ئەمەریکا بکات. زۆربەی گرووپە سیاسییەکانی عێراق، جا عەرەب بن، شیعە یا سوونە بن، کورد یان تورکمان بن، بە شێوەیەك لە شێوەکان پاڵپشتی دارایی لە ئێران وەردەگرن. کۆتایی هێنان بەم پاڵپشتیە دەبێتەهۆی ئاوابوونی خۆری گرووپەکە لەسەر دەستی ئەو ڕکابەرەی بەردەوام ئەم پاڵپشتیەی ئێرانی پێدەگات. سەرکردەکانی دیکە ترسیان لە ئیغتیالکردن یان چارەنووسێکی پڕ لە دژوار هەیە ئەگەر داواکارییەکانی تاران پشتگوێ بخەن. ئەو گرووپە سیاسیانەش کە ئێران دەستڕۆیشتوییەکی کەمتری هەیە بەسەریانەوە، وەك کوردەکان، ئەوا تاران-دەتوانێت لە بەرامبەریاندا فشاری دیکە بکات- دەتوانێت ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی، تۆپبارانکردن و تەنانەت سنووربەزاندنی لەشکریش بۆ سنوورە هاوبەشەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا زیاد بکات-ئەویش لە ژێر پەردەو بە بیانوی هێرشکردنە سەر پژاکەوە، کە تەوقیتەکەی جێی گومانەو گونجێنراوە لەگەڵ داواکاریی کوردەکان بۆ ئەوەی هێزەکانی ئەمەریکا ماوەیەکی زیاتر لە عێراقدا بمێننەوە.

هەروەها هەستی جەماوەری نێو عەرەبەکانی عێراقیش ڕۆڵی خۆی هەیە. هەستیاری ناسیۆنالیستی عەرەب بۆ بوونی سەربازە دەرەکییەکان و کاریگەری کەناڵی ئەلجەزیرە کە بە بەردەوام باس لە داگیرکارە ئەمەریکیەکان دەکات و بەم شێوەیە وەسفیان دەکات پێکەوە لەگەڵ ئەو هەوڵانەی ئەمەریکا لە پێنج ساڵی یەکەمی دوای ڕووخانی سەددام حوسێندا کردی، دۆخێکیان خوڵقاند خەڵکە ئاساییەکە لە عەرەبەکانی عێراق خوازیاری ئەوەبن زووتر نەك درەنگتر — ئەمەریکا- بە تەواوەتی وڵاتەکە جێبهێڵێت.

بە دڵنیاییەوە، خەڵکە ئاساییەکە لە عەرەبەکانی عێراق بێئاگان لەوەی ئەمەریکا لە پشت پەردەوە چی کردووە بۆ ڕێگرتن لە شەڕی ناوخۆ لە وڵاتەکەدا، لە کۆبوونەوەی بەردەوام لەگەڵ سەرکردەی تێکڕای گرووپەکان و بڵاوکردنەوەی هێز هەر کاتێك گرژی و ئاڵۆزییەکان بەرەو دۆخی تەقینەوە دەچوون، بۆ بەکارهێنانی ژمارەیەکی گەورەی ڕاوێژکار و وەبەرهێنانی ژمارەیەکی گەورەی سەرچاوە لە گرنگترین کەرتەکانی وڵاتەکەدا. هەر سەرکردەیەکی عەرەبی عێراقی، تەنانەت ئەگەر لای خۆشییەوە لەو ڕاستیە تێبگات کە پێویست بەوە دەکات ئەمەریکا بۆ ماوەیەکی زیاتر بمێنێتەوە، ئەوا دەبێت هەستە جەماوەرییەکە فەرامۆش نەکات. ئەمە تەواو ڕاستە بە تایبەتی بەهۆی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانەوە، کە ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانیش گۆڕانکارییەکی دیکەیە لە وڵاتەکەدا و بەهۆی ئەمەریکاوە هاتەدی.


ئەگەر شتێك بووبێتە ڕەمزی ڕۆڵی دوانەیی ئێران و هەستی جەماوەری عەرەب لە پێشگرتن لە درێژکردنەوەی مانەوەی سەربازییانەی ئەمەریکا، ئەوا دەبێت ئەو ڕەمزە موقتەدا بێت. کە خیتابێکی سەرسەختانەو جەماوەرییانەی عەرەبی و ناسیۆنالیستی عێراقی هەیە، سەدر کە کەسێکی گەنجەو لە هەمان کاتدا هاوپەیمانێکی نزیکی ئێرانەو پشت بە هاوکاری و یارمەتی ئەم وڵاتە-ئێران- دەبەستێت، ناسیۆنالیزمی عەرەبی و پشتیوانی ئێرانی بەکاردەهێنێت بۆ ئەوەی پەرە بە بزووتنەوەکەی بدات تاوەکو ببێتە هێزێکی گەورە لە عێراقدا، لەنێویاندا میلیشیایەکی چەکدار کە دەکرێت لەچەند ساتەوەختێکدا سازبدرێتەوە. بەو پێیە، سەدر بەشێك لە هێزی خۆی لە هەڵوێستی دژ بە ئەمریکابوونەوە بەدەست دەهێنێت و بزووتنەوەکەشی سەرسەختانە بەرهەڵستی درێژکردنەوەی مانەوەی سەربازە ئەمەریکیەکان دەکات.

کەواتە ئەرکەکە دەکەوێتە ئەستۆی، کوردەکان، سوننەکان و زۆرێك لە گرووپەکانی دیکەی شیعە، ئەوانەی درك بەو ڕاستییە دەکەن کە پێویستیان بەوە هەیە بۆ ماوەیەکی درێژتر ئەمەریکا بمێنێتەوە، ئەرکی ئەوانە ڕێگایەك بدۆزنەوە بۆ خۆدەربازکردن لە هەڕەشەی دوانەیی ئێران و هەستی ناسیونالیستی عەرەبی، بۆ ئەوەی داوای مانەوە لە ئەمەریکیەکان بکەن.

**• پرۆفیسۆرە لە سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی میزۆری و مانگانە بابەتێك بۆ گوڵان دەنووسێت**

# خورماڵ خانووەکانی بێ تاپۆن و











# گەڕاوەکەشی فەرامۆشکراوە

* پێویستی بە سایلۆو کارگەی قوتوبەندو ساردکەرەوەو عەلوەیەکە.
* قەسابخانەیەکی هاوچەرخی نییە
* گرێبەستی زەوییە کشتوکاڵییەکان نوێ نەکراونەتەوە.
* بەپێی پێویست سوود لە پێشینەی قەرزی کشتوکاڵی وەرنەگیراوە
* هیچ پرۆژەیەکی کشتوکاڵی لە سنوورەکەدا ئەنجام نەدراوە
* زێدەڕۆییەکی زۆر لەو شارۆچکەیەدا هەیە

خورماڵ لە ساڵی ١٩٢٥ بۆتە ناحیەو یەکێکە لە ناحیە دێرینەکانی سەر بە قەزای هەڵەبجەی شەهیدو بەپێی ئەو شوێنەوارانەی لە سنووری ناحیەی خۆرماڵ هەیە، مێژووەکەی بۆ شارستانیەتی سەردەمی میرنشینەکانی ئەردەڵانیی و بابانییەکان دەگەڕێتەوە، لەساڵی ١٩٤٠ەوە ئەو کاتەی مامۆستا شاکر فەتاح بەڕێوەبەری ناحیەی خۆرماڵ بووە بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا قوتابخانەی لێکراوەتەوە، خورماڵ ناوێکی تری هەیە کە پێی دەڵێن (شاری گوڵ عەنبەر). لەمێژووی هاوچەرخی گەلەکەماندا و لە بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردستاندا، مێژوویەکی پڕ لەسەروەریی تۆمارکردووە، هەربۆیە ئەم ناحیەیە وەکو تەواوی ناوچەی شارەزوورو سنووری هەورامان و هەڵەبجە بەدرێژایی حوکمڕانی حکومەتەکانی عێراق رووبەڕووی هێرش و تاوانی دڕندانە بۆتەوە کە دەرهەق خاك و خەڵکەکەی ئەنجام دراون، لە ٥/١٤ ی ساڵی ١٩٨٨ تاوانێکی قێزەونی بەرامبەر ئەنجامدرا کاتێك (٢٨) هاووڵاتی خورماڵیی لەلایەن حزبی بەعسەوە زیندە بەچاڵ کران، دواتر رژێمی بەعس هەموو گوندەکانی ناحیەکەی خاپوورو وێرانکردوو خەڵکەکەی بۆ کۆمەڵگا زۆرەملێیەکان ڕاگواستەوە، لەدوای ساڵی ١٩٩١ گەرچی زۆر لەگوندنشینەکان گەڕانەوە بۆ سەر زێدی باوك و باپیرانیان، بەڵام سەرجەم سنووری خورماڵ بەپێی پێویست ئاوەدان نەکرایەوە، ئێستاکە ٤٥گوند لەسنوورەکە هەیەو پێویستییان بەپرۆژەی خزمەتگوزارییەو تەنانەت ٤ گوندی هەر ئاوەدان نەکراونەتەوە.

ناوچەی شارەزوورو بەتایبەتی خورماڵ ڕێژەیەکی زۆری ئاوی ژێر زەوی هەیەو بەناوچەیەکی کشتوکاڵی و باخ و بێستان بەناوبانگەو کەوتۆتە ناوجەرگەی دەشتی شارەزوورەوە، بەڵام ئەم دەرامەتە سروشتیە دەوڵەمەندە بەپێی پێویست نەیتوانیوە ناحیەکە پێش بخات لەلایەکەوە هۆکارەکەی بۆ ناسەقامگیری بارودۆخی ناوچەکە دەگەڕێتەوە کە تا ٢٠٠٣ گرووپە سەلەفییە ئیسلامییە توندڕەوەکان لەخورماڵ حوکمیان کردووەو ڕێگایان نەداوە گرنگی بەگەشتیاری بدرێت، کە دەکرا گەشتیاری ببێتە داهاتێکی گەورە بۆ خێزانەکانی ناحیەو دەوروبەری، هاوکات بوونی ئەو گرووپانە لە ناوچەکە ڕێگر بوون لە ئەنجامدانی پرۆژەو کاری وەبەرهێنان، لەو بەروارەشەوە بەپێی پێویست ئاوڕ لەم ناوچە گرنگە نەدراوەتەوە، ئەوەتا لێرەو لەوێ هاووڵاتیانی خورماڵ گلەییان لەحکومەتی هەرێمی کوردستان هەیەو چەندین پێداویستی خزمەتگوزاری گرنگیان بۆ نەکراوە. لەسەردانێکی تیمی (گۆڤاری گوڵان) بۆ خورماڵ کەموکوڕی و گلەیی خەڵکەکەمان ئاڕاستەی (سمکۆ سالار) بەڕێوەبەری ناحیەی خۆرماڵ کرد، کە لەدووتوێی ئەم راپۆرتەدا بڵاوی دەکەینەوە..



سمكۆ سالار بەڕێوەبەری ناحیەی خۆرماڵ بۆ ( گوڵان ):

# كێشەی خانوو نەبوونی شوێنی نیشتەجێبوون یەكێكە لەو گرفتانەی بەدەستیەوە دەناڵێنین

**گرفتی كەم ئاوی و پیسبوونی ئاوی (ئەحمەد ئاوا)**

ماوەیەكــە دەنگۆی ئــەوە هەیە كــە هەردوو ســەرچاوەی ئاوی ئەحمــەد ئاواو زەڵــم كەمیان كــردووەو تەنانــەت بەهۆی گەشــتیارییەوە ئاوی ئەحمەد ئاوا پیس بووە، هاوكات گرفتی كەمئاوی كەوتۆتەوەو ئەو بــڕە ئاوەی لەزەڵم و ئەحمەد ئاوایە بەشــی جوتیــارەكان و هاووڵاتیان نــاكات، ئەمە جگە لەوەی ســەرچاوەی ئاوی خورماڵ پرۆژەی ئاوی هەڵەبجەشی لەســەرە، بەڕێوەبەری ناحیەی خورماڵ وتی: لەســنووری ناوچەكەمان هەر كاتێك وشكەســاڵی نەبێت و باران بــاش بێت گرفتی كەم ئاویمان نابێت، ئێســتا ئێمە گرفتــی كەمئاویمان هەیە، چونكە هەردوو ســەرچاوەی ئاوەكە لە زەڵم و ئەحمەد ئاوا پشتیان بە ڕێژەی باران بارین بەستووە. ســەرچاوەی گەنجــان كە پشــكێكی جوتیارانیان تێدایەو هەركاتێك جوتیارەكان ئاوی زیادە بەكاربهێنن و پێویستییەكانیان زیاد بكات ئەو كات كاریگەری لەسەر ئاوی خواردنەوەی هاووڵاتیان دەبێت، گرفتی كەمئــاوی زیاتر لە مانگەكانی حوزەیران و تەموزو ئاب دایە كە ســەرچاوەی ئاوەكان كــەم دەكات و پێداویســتی جووتیارو هاووڵاتیانیش زیاد دەكات، لەلایەكی ترەوە سەرچاوەی ئاوەكەمان پرۆژەی ئاوی هەڵەبجەی شــەهیدی لەسەرە، ئەمەش كاریگەری خۆی هەیە بۆ كەمبوونی ئاوەكە، گەربێتوو پرۆژەی ئاوی ڕێكخراوی (جایكا)ی ژاپۆنی تەواو بێت كە بڕیارە بۆ شــاری هەڵەبجە جێبەجــێ بكرێت ئەوا ئەو كات ئەو بەشــە ئاوەی بۆ هەڵەبجە دەچێت بۆ خورمــاڵ دەگەڕێتەوەو تارادەیەكــی باش گرفتی كەمئاویمان نامێنێت.

پیسبوونی ئاوی ئەحمەد ئاواش بۆ ئەو گەشتیارانە دەگەڕێتەوە كــە ڕوویان لە هاوینەهەوارەكە كردووەو پابەندی ڕێنماییەكانی پاكوخاوێنی نابن، گەرچی ئەو كێشەیە تا ڕادەیەك ڕووەو چارەسەركردن چووە، لــە ڕێــگای ئەنجامدانی تۆڕێــك و ئەمبارێكی گــەورەی ئاوەوە كــە بڕی ١٠٠ ملیــۆن دیناری بۆ تەرخانكراوەو چارەســەری ئــەو گرفتە دەكات، هەروەهــا ئاوی ئەحمەدئاوامان بەســتەوە بە بۆری ئاوی خواردنەوەی خورماڵەوەو لە ئایندەیەكی نزیكدا لە ڕێگای ئەو كۆمپانیانەی لە خورماڵ كار دەكەن كێشەی ئاوی خواردنەوەكە چارەسەر دەبێت.

**پێویستە گرێبەستی زەوییە كشتوكاڵییەكان نوێ بكرێنەوە**

ســەبارەت بــەوەی خورمــاڵ و ســنوورەكەی تاچەند لەڕووی كشــتوكاڵییەوە گرنگییان پێدراوە، چونكە ئــەم ناوچەیە بە ناوچەیەكی كشــتوكاڵی بەناوبانــگ دادەنرێــت، بەڕێوەبــەری ناحیــەی خورماڵ وتــی: خورماڵ ســنوورێكی بەرفراوانی كشتوكاڵی بەناوبانگی هەیە، بەڵام بوونی كێشەی گرێبەستی زەوی كشتوكاڵی یەكێكە لەو كێشانەی ڕووبەڕوومان بۆتەوە، بۆ نموونە گرێبەســتی زەوییە كشتوكاڵییەكان نوێ نەكراونەتەوە، ئەو جووتیارانەی ئەو زەوییانەشــیان بەناوەوەیــە بەتەواوەتی نایەن تا كاری كشــتوكاڵی ئەنجام بــدەن، چونكە ڕوویان لەكاروكاســبی تر كردووە، یا ئەوەتــا لەحكومەت دامەزراون، بۆیە زۆر پێویســتە گرێبەستی زەوییە كشتوكاڵییەكان نوێ بكرێنەوە. لەبواری ئاودێریشدا لەبەر ئەوەی ســەرچاوەی ئاوێكی زۆر لە ناوچەكە هەیە بەتایبەتی ســەرچاوەی هەردوو ئاوی ئەحمەد ئاواو زەڵم و بوونــی ئەمبارێكی ئاوی زۆری ژێر زەوی هەر بۆیە پرۆژەی ئاودێری باش لە سنوورەكە هەیە، لەلایەكی تر جووتیارەكانی سنووری خورماڵ بەپێی ڕێنماییەكانی وەزارەتی كشــتوكاڵ زۆر كەم سودیان لە پێشــینەی زەوی كشتوكاڵی وەرگرتووە، ئەمە جگە لەوەی هیچ پرۆژەیەكی كشــتوكاڵی لە سنوورەكە دروست نەكراوە.

لەسنووری خۆرماڵدا خەڵکێکی زۆر سەرقاڵی باخ و بێستانن، بەڵام خەڵکەکە لەم کارانە ساردبوونەتەوە، چونکە لەهیچ رووبەکەوە هاوکاری نەکراون، هەروەها بۆ ئەوەی پاڵپشتی و هاوکاری بەرووبوومی جووتیاران بکرێت، پێویستە ساردکەرەوە کارگەیەکی قوتوبەندی تەماتە دروست بکرێت، لە سنوورەکەمان بەرووبوومی دانەوێڵە بەتایبەتیش بەرووبوومی گەنم و جۆ زۆرە بۆیە پێویستیمان بەسایلۆیەك هەیە، هاوکات بوونی عەلوەیەکی هاوچەرخ و قەسابخانەیەك بۆ خورماڵ زۆر پێویستە.

**خورماڵ بێ ماستەرپلانە**

ماستەر پلان وەکو نەخشەی رێگا وایە بۆ فراوانبوونی شاروشارۆچکەکان، بێ بوونی ماستەر پلانێکی ریکوپێك و شارستانی ناکرێت پلان بۆ گەورەبوونی شار دابنرێت، جێی داخیشە زۆربەی ناحیەو قەزاو شارەکانمان ماستەر پلانیان نییە، لەمبارەیەوە بەڕێوەبەری ناحیەی خۆرماڵ وتی: ماستەرپلانێك بۆ شارۆچکەی خورماڵ کراوە ئێستا لە قۆناغی پەسەندکردندایەوەو تەواو نەبووە، بەڵام خۆمان لەسەر نەخشەی بنەڕەتی کارو پرۆژەکانمان ئەنجامداوە. بۆنموونە ژمارەیەك خانووی زێدەڕۆیی هەبوو کە رێگر بوون لەبەردەم فراوانبوونی شارو کارو پرۆژەکان دواتر توانیمان لە رێگای نەخشەی

## جووتیارەکانی سنووری خورماڵ بەپێی رێنماییەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ زۆر کەم سودیان لە پێشینەی زەوی کشتوکاڵی وەرگرتووە

بنەڕەتییەوە چارەسەری بۆ بدۆزینەوە.

زێدەڕۆیی لەسنووری ناوچەکەماندا بەرێژەیەکی بەرچاو بوونی زۆرە. هەندێك لە زێدەڕۆیش ماوە ئەویش بە تەواوبوونی ماستەر پلانەکە چارەسەر دەکرێت، بەڵام کێشەی کۆڕانەوەی زەوی و تاپۆی خانووی هاووڵاتیانمان هەیە، تەنانەت تاکە خانوویەك لە خورماڵ تاپۆی نییەو پێویستە ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێت، بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە شارەوانی لەگەڵ فەرمانگەی تاپۆی هەڵەبجەو شارەوانی خورماڵ پێکەوە هەوڵماندا کێشەی تاپۆی خانووەکان چارەسەر بکەین، بەڵام بە بڕیارێکی تایبەت لە پێشینەی خانووبەرە توانراوە هاووڵاتیان سوودمەند بن، لە پێشینەی خانووبەرەدا نزیکەی ٧٠٠ کەس سوودمەند بوون و ١٠٠٠ مامەڵەی تری پێشینەی خانووبەرەمان لەژێر دەستدایە بۆ جێبەجێکردنی، بەڵام نەبوونی تاپۆی خانووەکان بۆ هاووڵاتیان چەندین کێشەی تری هەیە بۆ نموونە لەبواری هێنانی ئۆتۆمبێل بە قیست و کاری میراتی و دابەشکردنی و چەندین بواری تری کۆمەڵایەتی و ئابووری. داوا لە وەزیری داد دەکەین بەبڕیارێکی تایبەت فریای سنووری خورماڵ بکەون بۆ تاپۆکردنی خانووەکان،

## گرفتی کەمئاویمان هەیە، چونکە هەردوو سەرچاوەی ئاوەکە لە زەڵم و ئەحمەد ئاوا پشتیان بە رێژەی باران بارین بەستووە

چونکە ئەگەر بەپێی رێنمایی ئێستاو رۆتینی مامەڵەکردنی تاپۆ کارەکان بەڕێوەببرێت بە بیست ساڵی تر خورماڵ تاپۆ ناکرێت.

کێشەی خانوو نەبوونی شوێنی نیشتەجێبوون یەکێکە لەو گرفتانەی بەدەستیەوە دەناڵێنین، گەر بێتوو خەڵکی بۆ شاری سلێمانی کۆچیان نەکردایە ئەو کات گەورەترین گرفت لە خورماڵ کێشەی نیشتەجێبوون دەبوو، ئەو هەمموو دانیشتووانە زیاد دەکات کەچی یەك پارچە زەوی دابەش نەکراوەو تەنیا لەچەند ساڵێکدا ٣٠٠پارچە زەوی دابەشکراوەو فەرمانبەرمان هەیە خانەنشینکراوە یا مردووە رووبەرێك زەوی نیشتەجێبوونی نەدراوەتێ .

**گرفتی قیرتاوکردنی گەڕەك و کۆڵانەکان**

سەبارەت بەرێگاوبانی سەرەکی و تۆڕی رێگاوبانی گوندەکان کە زۆر خراپەو قیرتاو نەکراوە، تەنانەت پرۆژەی رێگا قیرتاوکردن هەیە دوو ساڵە تەواو نەبووە، بەڕێوەبەری ناحیەی خورماڵ وتی: بودجەی ئێمە تەنیا بۆ ناو سەنتەری خورماڵ نییە بەڵکو بۆ ٤٦ گوندو سنوورێکی فراوانە، هەر بۆیە لەم بودجەیەشدا دەبێت هاوسەنگییەك لە نێوان گوندەکان و سەنتەری ناحیە دروست بکەین، لە لایەکی ترەوە ریزبەندی بۆ ئەنجامدانی پرۆژەکان دانرێت، بۆ نموونە هەندێك پرۆژەی ئاوو ئاوەڕۆ هەیە کە بە پرۆژەکانی ژێر زەوی دادەنرێت تا ئێستا ئەنجام نەدراوە، ناکرێت بێ ئەنجامدانی ئەم پرۆژانەی ژێر زەوی راستەوخۆ پرۆژەی قیرتاو کردن و کۆنکرێت کردن دەست پێ بکەین و دواتر دووبارە ئەم پرۆژەیە تێك بدەینەوە، لە خورماڵ هێشتا پرۆژەی ئاوو ئاوەڕۆ ماوە جێبەجێ بکرێت، لەگەڵ ئەمەشدا چەندین گەڕەك و کۆڵان قیرتاوو کۆنکرێت کراون. سەبارەت بە ئەنجامدانی پرۆژەکان بەشێوەیەکی خێراو لەسەر ئاستێکی کوالێتی بەرز چەندین رێگا دەگرینەبەر لەوانە راستەوخۆ قسە لەگەڵ کۆمپانیاکە دەکەین و لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتییەکانی وەزارەتەکانیش پەیوەندی و هەماهەنگیمان هەیە، تاوەکو چاودێری وردی ئەو پرۆژانە بکەین و رێگا نەدەین بەشێوەیەکی دوور لە مواسەفات و رێنمایی پرۆژەو کار ئەنجام بدرێت و

## جووتیارانی گوندەکانی خورماڵ گلەیی و رەخنەیان لەنەبوونی رێگاوبانەکانی هاتوچوون هەیە

بەئەدایەکی باشتر کارەکان بەڕێوەبڕوات.

**نەبوونی بودجە رێگرە لەبەردەم قیرتاوکردنی رێگای گوندەکان**

سەبارەت بە تۆڕی رێگاوبانی گوندەکانیش کە زۆربەی هەرە زۆری رێگاکان خۆڵ و چەو رێژ کراون، تەنانەت زۆر گوندی خورماڵ هەیە چەورڕێژیش نەکراوە هەر بۆیە جووتیارانی گوندەکانی خورماڵ گلەیی و رەخنەیان لەنەبوونی رێگاوبانەکانی هاتوچوون هەیە، بەڕێوەبەری ناحیە پێی وایە نەبوونی بودجەو ئیمکانیات رێگرە لەبەردەم قیرتاوکردنی رێگاوبانەکانی گوندەکان کە بەشی هەرە زۆری چەورێژ کراون و قیرتاو نەکراون ئەمەش گرفتی بۆ گوندنشینەکان دروست کردووە.

**نەبوونی پزیشکی پسپۆڕو ئافرەت**

سەبارەت بەبواری تەندروستی و نەبوونی پزیشکی پسپۆڕو ئافرەت لەسەنتەری شارۆچکەکە بەڕێوەبەری ناحیەی خورماڵ وتی: لە رێگای رێکخراوی سیماکی ئەمەریکییەوە مەڵبەندێکی تەندروستی باشی مۆدێرن و دوو نهۆمی بۆ خورماڵ دروستکراوە، گەر بێتوو پزیشکی پسپۆڕی نەشتەرگەری هەبێت ئەوا دەتوانرێت نەشتەرگەریشی تێدا ئەنجام بدرێت، بەڵام کێشەی ئێمە ئەوەیە کە پزیشکەکان دێن زیاتر گرفتی نیشتەجێبوونیان هەیە،

## داوا لە وەزیری داد دەکەین بەبڕیارێکی تایبەت فریای سنووری خورماڵ بکەون بۆ تاپۆکردنی خانووەکان

هەرچەندە ئێستاکە لە خانووی فەرمانگەکان (دوو) خانوومان بۆ دابین کردوون، خۆشیان بینایەکیان هەیە کە شوێنی (سێ) ماڵی تێدایە. سەبارەت بە پزیشکیش تەنیا گرفتمان لە بواری پزیشکی پسپۆڕایەتی ئافرەتاندا هەیە، چونکە ئێمە پزیشکی ئافرەتمان هەیە بەڵام کار لە بواری ئافرەت و لە دایکبوون ناکات، بەڵکو لە نەخۆشییە گشتییەکانی ئافرەتان و پشکنینی گشتی ئەنجام دەدات. لەلایەکی ترەوە لە هەندێك لە گوندەکان بنکەی تەندروستی هەیەو زۆرجاریش چەند گوندێك پێکەوە بنکەیەکی تەندروستیان هەیە، بەڵام بنکە تەندروستییەکانی گوندەکان تەنیا بۆ فریاکەوتنی سەرەتایی و چارەسەرکردنی پەتایەکە گەر بڵاو بێتەوە، بنکەکانی گوندەکان یاریدەدەرێکی پزیشکی یا برینپێچ کاری تێدا دەکەن و دەرمانی گشتی و فریاکەوتنی سەرەتایمان هەیە کە زۆر لە پێداویستی خەڵکەکە دابین دەکات.

داوا لە وەزارەتی تەندروستی و بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی دەکەم چاوخشاندنەوەیەك بە مەڵبەندو بنکەکانی تەندروستی ناحیەکاندا بکەن بەتایبەتی لە بواری دابینکردنی پزیشك و کارمەندوو فراوانکردنی بنکەکان .

## پزیشکی ئافرەتمان هەیە بەڵام کار لە بواری ئافرەتان و لە دایکبوون ناکات

### چەند گوندێك قوتابخانەیان نییە

سەبارەت بەبواری پەروەردەو گرفتی کەمی مامۆستای پسپۆر بەڕێوەبەری ناحیەکە وتی:

چەند ساڵێك پێش ئێستا لە قوتابخانەی گوندەکان کێشەمان زۆر بوو، لەبەر ئەوەی زۆر گوند قوتابخانەی نەبوو، ئەو گوندانەی قوتابخانەشیان هەبوو لە خانووی خراپدا بوون و بەدەگمەن دەمانتوانی مامۆستایان بۆ دابین بکەین، ئێستاکە ئەم گرفتە ڕووی لە چارەسەرکردن کردووەو زۆربەی گوندەکان قوتابخانەی هاوچەرخ و شیاویان بۆ دروست کراوە و بەپێی پێویستی خۆیان مامۆستایان بۆ دابین کراوە، ئەو گوندانەی لە سنوورەکەی ئێمە قوتابخانەیان نییە ساڵانە ٣ گوند دەخرێتە بەرنامەوەو قوتابخانەیان بۆ دروست دەکرێت. بەڵام ئەو سیستەمی خوێندنەی نوێ لە ناو سەنتەری ناحیەکان لە ڕووی بینایەوە کێشەی لێکەوتۆتەوە، چونکە پێشتر لەناو یەك بینایەی قوتابخانەدا لە ١ ی سەرەتایی تا ٦ ی سەرەتایی قوتابی دەیخوێند بەڵام ئێستاکە بە پێی سیستەمی نوێ قوتابخانەکان خوێندکاری لە ١ی بنەڕەتی تا ٩ی بنەڕەتی تێدایە، ئەمەش وایکردووە گرفتمان بۆ دروست بێت و دەوامی قوتابخانەکە ببێتە ٢ دەوامی. بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتەش سەردانی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزای هەڵەبجەمان کردووە بۆ ئەوەی بینایەی تری قوتابخانە دروست بکرێت، بەتایبەتی بڕیارە کە ئامادەییەکان یەك دەوامی بن، ئێستاکە قوتابخانەیەکی ١٨ پۆلی لە خورماڵ لە ژێر جێبەجێکردندایە کە قۆناغی باشی بڕیوە، هەروەها دوو قوتابخانەی تریشمان خستۆتە بەرنامەی نۆژەنکردنەوەو بینایەیەکی باخچەی ساوایانیش بودجەی بۆ تەرخان کراوە. سەرەڕای ئەمانەش کێشەمان لە بواری نەبوونی هەندێك مامۆستای پسپۆر هەیە. من ناتوانم بڵێم لەماوەی ساڵێکدا تا ٢ ساڵی تر بەپێی ئەو بەرنامەیەی کە هەیە گرفتەکانی بواری پەروەردە چارەسەر دەبێت، بەڵام ئەگەر لەسەر ئەو شێوەو پلانەی ئێستا هەیە بەرەو پێشەوە بچین بۆ چەند ساڵێکی تر کێشەکانمان نامێنێت.

### گەڕاوی خورماڵ فەرامۆشکراوە

سەبارەت بەبواری گەشتوگوزارو بوونی

**پاك ڕانەگرتنی هاوینەهەواری ئەحمەد ئاوا گرفتێکی گەورەیە، بەتایبەتی ئەو هەموو زبڵ و خاشاکەی فڕێدەدرێتە ناو سەرچاوەی ئاوەکەوە**

(گەڕاوی خۆرماڵ) کە بۆ گەشتوگوزاری تەندروستی زۆر پێویستە، بەڵام فەرامۆشکراوەو کاتێك سەردانمان کرد بەشێوەیەکی زۆر وێران بەپەراوێز خرابوو، ئەمە جگە لەوەی یەکێك لە دێرینترین گەشتوگوزارەکانی کوردستانی لێیە ئەویش ئەحمەدئاوایە کە بەشێوەیەکی زۆرخراپ زبڵ و خاشاکی تێدا بڵاوبۆتەوەو شوێنە گشتییەکانی وەکو WC پیس و وێرانەن، بەڕێوەبەری ناحیەی خورماڵ وتی: پێشتر گرنگییەکی زۆر بەبواری گەشتوگوزاری نەدراوەو تەنانەت ماوەیەکی زۆر لەم سنوورە بەهۆی گرووپە ئیسلامییە توندڕەوەکانەوە گەشتوگوزاری قەدەغە کرابوو، بۆیە زۆربەی شوێنە گەشتیارییەکانمان وێرانکرا، تەنانەت زۆر ناوچەی گەشتیاری موحەرەمە بوون. ئێستاکە ماوەی دوو سێ ساڵە پڕۆژەیەکی گەشتیاریی گرنگ چ لە دروستکردنی خانوو یان کابینە یان ڕێگاوبان و دروستکردنی دیواری پاڵپشت لە هاوینەهەواری ئەحمەد ئاوا لە ژێر جێبەجێکردندایە کە زیاتر لە ١٣ ملیار دینار تەرخان کراوە، لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین لە دەرئەنجامی ئەو بارودۆخەی پێشوو کە لە سنوورەکەدا هەبووە وایکردووە کەرتی تایبەت نەیەوێت بێتە ئەم سنوورەو کارو پرۆژەی گەشتیاری ئەنجام بدەن، لەلایەکی ترەوە بەهۆی بوونی ژینگەیەکی لەبارەوە بەتایبەتی لە هاوینەهەواری ئەحمەد ئاوا گەشتیارێکی زۆر ڕووی لەم ناوچەیە کردووە، خراپی پاك ڕاگرتنی هاوینەهەواری ئەحمەد ئاوا گرفتێکی گەورەیە، بەتایبەتی ئەو هەموو زبڵ و خاشاکەی فڕێدەدرێتە ناو سەرچاوەی ئاوەکەوە، لەگەڵ ئەمەشدا هەوڵەکانمان بەردەوامە بۆ پاك ڕاگرتنی هاوینەهەوارەکەو داوا لەهاووڵاتیانیش دەکەین لەکاتی سەردانی ئەو هاوینەهەوارەدا پێویستە ڕەچاوی پاك وخاوێنی بکەن.

لەبەرنامەدا بوو پرۆژەیەکی تەواو بۆ گەڕاوی خورماڵ ئەنجام بدرێت بەڵام ئەمە دوا خرا ئێستاکە لەلایەن هاووڵاتییەکەوە ئاوەکە هێنراوەتە ناو حەوزێکەوەو لەنزیك حەوزەکە دوو گەرماوی بۆ ئافرەتان و پیاوان دروستکردوە، لەگەڵ ئەمەشدا پێویستە گەڕاوی خورماڵ وەکو شوێنی گەشتوگوزاریی تەندروستی و پیشەسازی مامەڵەی هاوچەرخی لەگەڵ بکرێت، ئێستاکە پرۆژەیەکمان لەبەردەستەو بۆ ئەنجومەنی وەزیران بەرزکراوەتەوە تاوەکو لەبوارەکانی تەندروستی و نۆژداری و گەشتیاری تەندروستی سوودی لێوەربگرین.

### دوور لە ڕێنمایی تەندروستی و ژینگەیی زبڵ و خاشاك فڕێدەدرێت

سەبارەت بەوەی تاچەند توانراوە کێشەی زبڵ و خاشاك لە خورماڵ چارەسەر بکرێت و



بەچ ڕێگایەك چارەسەر دەكرێت، ژمارەیەك لە هاووڵاتیانی گوندەكانی نزیك خورماڵ باسیان لەوە كرد كە لەشێوەی فرێدانی ئەو زبڵ و خاشاكە نارازین و زیانی بۆ ژینگەو تەندروستی ئەوان هەیە، بەڕێوەبەری ناحیەی خورماڵ وتی: كێشەی سەرەكی ئێمە لە سەنتەری خورماڵ كێشەی زبڵ و خاشاكەو تەنانەت یەك حاویەمان نییە تا هاووڵاتیان لەگەڕەكەكان زبڵ و خاشاكی تێدا فرێ بدەن، ماوەیەك پێش ئێستا لەگەڵ شارەوانی بەئامێری كەم و كۆن و كرێكارێكی كەم كە زۆربەیان گرێبەستن و مووچەیان كەمە ڕۆژانە زیاتر لە ١٠ تەن زبڵ و خاشاكمان لە ناو خورماڵ كۆدەكردەوەو بەتراكتۆری كۆنی ساڵانی نەوەدەكان ئەو زبڵ و خاشاكەمان دەبردە دەرەوەی شار، گرفتەكە لێرەدا سەریهەڵدا كاتێك ئەو زبڵ و خاشاكەمان لەنزیك سنووری هەر گوندێك فرێمان دەدا خەڵكی گوندەكان نارازی بوون و گلەییان دەكرد ئەمەش مافی خۆیانە، هەر بۆیە هەڵساین ئەو زبڵ و خاشاكەمان فرێ دەدایە ئەو چاڵانەی كە لەكارگەكانی چەوو لم دروست بووبوون و دواتر سەری ئەو زبڵەمان دادەخست ئەمەش جگە لەوەی چارەسەرێكی تەقلیدییە، دووریشە لە ڕێنمایی تەندروستی و ژینگەیی، بۆیە پێویستە كۆكردنەوەی زبڵ و خاشاك و خۆ ڕزگاركردن لێی، بدرێتە كەرتی تایبەت و كۆمپانیا، بەمەش ڕزگارمان دەبێت لە هەموو گرفتەكانی كۆكردنەوەی زبڵ و خاشاك.

**نەبوونی سەلەی كارەبا و بیلدۆزەر**

سەبارەت بەكەمی و نەبوونی ئامێر كە بۆ ناوچەی خورماڵ و هەورامان پێوستە بەتایبەتی بیلدۆزەرو كابیسەی زبڵ و سەلەی كارەبایی، بەڕێوەبەری ناحیە وتی: لە خورماڵ تەنیا یەك شۆفڵ و دوو تەنكەرو دوو قەلاب و دوو كابیسەی زبڵ هەن، بەڵام ئێستا زۆر پێویستیمان بە عادیلەو سەلەی كارەبایی و گرێدەرو بیلدۆزەری تایەزنجیرەهەیە كە بۆ سروشتی هەورامان زۆر پێویستە.

**دەسەڵاتی دارایی ڕێگرە**
**لە جێبەجێكردنی دەسەڵاتی ئیداریی**

سەبارەت بەو دەسەڵاتە ئیدارییەی كە بڕیاربوو بۆ یەكە ئیدارییەكانی ناحیەو قەزاكان دابەزێت و بەڵام گرفتی جێبەجێ نەكردن هەیە بەڕێوەبەری ناحیەی خورماڵ وتی: منیش هەمان گرفتم هەیەو لەڕووی كردارەكیەوە ئەو دەسەڵاتە جێبەجێ نەكراوەو بەدوو خاڵی گشتی دەتوانم وەڵامی گرنگی بوونی ئەو دەسەڵاتە بدەمەوە، كە لەحاڵەتی فریاكەوتنی خێرا وەكو كەوتنەوەی لافاوو ئاگركەوتنەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەو فریاكەوتنی ئەم ڕووداوو كارەساتە لەناكاوە، لە یاسای عێراقی دا حاڵەتی فریاكەوتن بودجەی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام من لەو دەسەڵاتە ناتوانم یەك دەبەی گاز یا ژەمێك خواردن بۆ كارمەندو كرێكارێك بكڕم كە كاری كووژانەوەی ئاگرێك دەكات، لەبودجەدا دیاری نەكراوە كە لەو ٥ ملیۆنەی كە میزانیە دانراوە، نازانم چۆن خەرجی بكەم چونكە لەناو بودجەكەدا دیاری نەكراوەو ڕوون نییە لەچی بوارێك و چ كارێكدا پارە خەرج بكەم، بەڕاستی ڕۆتیناتی چاودێری دارایی وایكردووە زۆر لە بەڕێوەبەرەكانمان بەپێی پێویست كارەكان ڕانەپەڕێنن، نەبوونی یەكەی ژمێریاریش یەكێكە لە كێشە داراییەكانی تر، بەمشێوەیە نەبوونی دەسەڵاتی دارایی ڕێگرە لە جێبەجێكردنی دەسەڵاتە ئیدارییەكان و خێراو باش بەڕێوەچوونی كارو چالاكییەكان، بەڕادەیەك زۆرجار بۆ قوتابخانەیەك پێویستیم بە كڕینی شتێك هەیە كەچی لەناو بڕگە داراییەكان نییەو ناچاریشم بیكڕم. لەلایەكی ترەوە سەردانی مەیدانی وەزیرەكان بۆبەسەركردنەوەی پرۆژەو كارو چارەسەری كێشەكان پێویستە، تەنیا وەزیری ئەوقاف سەردانی ناحیەكەمانی كردووەو لەئەنجامدا ئەو مزگەوتە گەورە مێژوویەی كە دیزاینی منارەكەی لە شێوازی چەند سەدەیەكی پێش ئێستا دروستكراوەو بڕیاردرا لەسەر بودجەی پەرەپێدانی پارێزگا نۆژەن بكرێتەوە.

**داوا لە وەزارەتی تەندروستی و بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی دەكەم چاوخشاندنەوەیەك بە مەڵبەندو بنكەكانی تەندروستی ناحیەكاندا بكەن**

**پێویستە گەڕاوی خورماڵ وەكو شوێنی گەشتوگوزاریی تەندروستی و پیشەسازی مامەڵەی هاوچەرخی لەگەڵ بكرێت**



# پـاراسـتنی شـوێنـەوار و كـەلـەپـووری نـەتـەوەییمـان پـاراسـتنی ئـێـستاو ئـایندەمـانە



عەبدولڕەحمان سدیق

نەتەوە – هەر نەتەوەیەك – كە خاكێكی تایبەت بەخۆی و، زمانی ئاخاوتنی خۆی هەبێت، بێگومان بەرهەم و داهێنراوی تایبەت بەخۆیشی دەبێت، بەتێپەڕبوونی كاتیش ئەو بەرهەمانە كەڵەكەدەبن، هەندێكیان لەئەنجامدا دەچنە خانەی ئەوەی كەلەئێستادا پێی دەوترێت كەلەپور.

كەلەپور و ئاسەوار و فۆلكلۆری هەر نەتەوە و گەلێكیش، ئەو شایەدانەن كە گەواهی راستەقینە بۆ قۆناغەكانی ژیانی رۆژانەی لەمەوبەری دەدەن، رۆژانەی ژیانی نەتەوە و گەلانیش لەشێواندن و تێكدان دەپارێزن.

نەتەوەی كوردیش، بەدرێژایی سەدان ساڵە مێژووی تێك دەدرێت و دەشێوێندرێت بەمەبەستی چەواشەكردنی ئەو راستییانەی كەدەیسەلمێنن كورد كۆنترین نەتەوەی ناوچەكەیە و خاك و زمان و كەلتوورو كەلەپوری خۆی هەیە. لەبەرامبەر شاڵاوێكی واداو جگە لەبەرهەمی نوسراوو گوتاری مێژوونووسان، چاكترین شایەدی راستگۆیی هەر نەتەوەو گەلێك ئەو (ئاسەوار)و (شوێنەوار)و بەرهەمە جۆراو جۆرانەیە كە كەلەپورو (فۆلكلۆر) ی ئەو نەتەوەیە پێك دێنن.

بۆیە لێرەوە جێگەی خۆیەتی كەئاوڕێكی جددی و رەسمی لەئاسەوار و كەلەپوری گەلەكەمان بدرێتەوە لەلایەن وەزارەت و دامودەزگا پێوەندیدارەكانەوە، بەتایبەت ئەو كۆمەڵەو رێكخراوانەی كەبۆ ئامانجی لەم چەشنەی باسمان لێوە كرد، دامەزراوون، وەك كۆمەڵەی مێژوونوسانی كوردستان و، كۆمەڵەی كەلەپووری كوردستان، بۆ سوود وەرگرتن و وەبەرهێنانی ئەو گەواهینامانەی كەمێژوونووسان لەبارەی ئاسەوارو كەلەپووری كوردییەوە ئاماژەیان بۆ كردووە لەوانەش:

(المرشد الی موطن الحضارە)ی (طه باقر) و (فؤاد سفر) كەمامۆستا (هادی رشید چاوشلی) ئاماژەی بۆ زۆرێك لەلاپەڕەكانی كردووە، بەتایبەت:

١ – لاپەڕەی (٨) كەباس لەپەیكەرەكەی چیای (هەریر) دەكات.

٢ – لاپەڕەی (٩) كەباس لەئەشكەوتی (شانەدەر) دەكات و بەیەكەم قۆناغی نیشتەجێ بوونی دەژمێرێت.

٣ – لاپەڕە (٩) كەباس لەگوندی (چەرموو) دەكات وەك كۆنترین شوێنێك كە كشتوكاڵ و ئاژەڵداریی تیا كرابێت.

٤ – جارێكی تریش لاپەڕە (٩) كەباس لەئەشكەوتی (هەزار مێرد) دەكات، كەشتومەكی وای تێدا دۆزراوەتەوە كەبۆ (پەنجا هەزار) ساڵ لەمەو پێش دەگەڕێتەوە.

٥ – هەروەها داتاشراوەكەی ناوچەی (قۆپی قەرەداغ) كەیەكەم و كۆنترین دیمەنی جەنگ پیشان دەدات لەسەردەمە كۆنەكانی زەمانی دەوڵەتی (لولو)ی كوردی.

سەبارەت بەكەلەپوور و فۆلكلۆری نەتەوەییشمان، كارێكی چاكە ئەگەر كۆمەڵەی كەلەپوور پارێزو دەزگا پێوەندیدارەكان ئاوڕێك لەشیعری میللی و چیرۆك و داستان و گۆرانییە میللییەكان و جۆرەكانی هەڵپەركێ و مۆسیقاو ئاوازە دێرینەكانی گەلەكەمان بدەنەوە.

ئەمەش لەپاڵ هەوڵدان بۆ پاراستنی شوێنەوارە بەرچاوەكانی ئێستای نێوشارەكان و، سەرنجدان لەئەندازیاریی و بیناسازیی كۆنی كوردەواریی و، هەروەها سەرنجدان لەخواردەمەنییە میللییەكانی جاران و، داوو دەرمانە میللییەكان و كاری پیشەسازییە سووكەكانی ئەو سەردەمانە، كەباپیرانمان پێشڕەویان تیادا هەبووەو گەلانی دەوروبەر بۆ خۆیانیان بردووەو بەنێوی ئەوانەوە كراوە.

بۆ نموونە لەبواری رستن و چنین دا، وڵاتێكی وەكو ئێران سوودی زۆری بینیوە لەو شێوازانەی رستن و چنین كەجارانی زوو لە (جەزیرە) واتە لەكوردستاندا باوو بوونە.

(احمد الرفاعی) لە (الاسلام فی حضارة ونظمه)

دەڵێت: (جاء ایران بنهضة عامة في النسيج تأثرت بالاساليب الصينيه من جهة، وبالتقدم الزخرفي الذي ظهر في (الجزيره) اذ ذاك بشمال العراق كالموصل).

بۆ راستی ئەم قسەیەشی دەڵێت: کەزۆر جۆری قوماش هەن بەناوی شارەکەوە ناسراون لەوانەش (مۆزلین) کەهی (موسڵ) بووەو (داماسکۆ) کەهی (دمشق) بووە.

لەواری (مسگەری) و (شوشەگەریی) و (تەلارسازیی) و (گڵکاری) و (دارتاشی) شدا ئاماژە بەسەردەمی (ئەیوبییەکان) دەکات کەنموونەی نایاب لەو بوارانەدا بەدی هاتن هەندێکیان ئێستاش ماون و شایەدی بۆ ئەو راستییە دەدەن، وەك شێوازی دەروازەی قوتابخانەی ئەتابەگی لە (صالحیه) ی (دمشق) بۆیە دەڵێت: (ومع نشوء اساليب محليه مستقله في الفن فلما كان عصر الايوبيين والمماليك الذى ظهر في مصر والشام، فتحسنت صناعه التحف النحاسيه والمشكلوات من الزجاج وانواع الخزف والفخار والاخشاب المطعمه بالعاج والابنوس والمشربيات).

لەهەموو ئەمانەی پێشەوەو، هاوشێوەکانی دەگەینە ئەو ئەنجامەی کەپاراستنی شوێنەوارو کەلەپوری نەتەوەکەمان ئەرکێکی نیشتمانیی و نەتەوەییە، جا لەو پێناوەدا، واچاکە ئاماژە بەچەند پێشنیارێك بکەین، لەوانە:

یەکەم: قەدەغەکردنی (ئەو دیو کردن) و (فرۆشتن) و (شکاندن)ی ئاسەوارەکان.

چونکە هەر ئاسەوارێك شایەدێکە لەسەر قۆناغێکی مێژووی گەلەکەمان و، لەناوبردنی یان شێواندنی دەبێتە هۆی لەناوبردن و شێواندنی مێژووی گەل و وڵاتمان، ئەوەتا هەر بەهۆی ئاسەوارەکانمانەوە لە (الدليل العراقي لسنة ١٩٦٢) هاتووە کە: (ان الاكراد قد سكنوا في موطنهم قبل السومريين والاكديين والاشوريين وغيرهم) (لاپەرە١٦).

لەم بوارەشدا قورئان زۆر ئاماژە بەوە دەکات کەتەماشای ئاسەوارو شوێنەواری پێشینان بکەین، ئەمەش بەوە دێتە دی کە ئەو ئاسەوارانە هەرچییەك بن دەبێت بمێنن، بۆیە موسڵمانانی پێشوو دەستیان لە (باخچە هەڵواسراوەکانی بابل) و (ئەهرامەکانی میسر) نەدا، هەر بۆ ئەوەی ئەمانەو ئاسەوارەکانی پێش خۆیان جێگەی تەماشاو پەند وەرگرتن بێت لەرابردوو.

دووەم: هاندانی هاووڵاتیان لەلایەن دەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بۆ گێرانەوەی نموونەی هەر ئاسەوارێك یان دۆزراوەیەك بۆ مۆزەخانەی پارێزگاکانی هەرێم، لەبەرامبەر خەڵاتێکی گونجاوی ماددی یان مەعنەویدا ئەمەش بۆ رێگەگرتن لەفرۆشتنی ئەو نموونانە بە وڵاتانی دەرو دراوسێ.

سێیەم: بووژانەوەی کەلەپووری نەتەوایەتیمان لەرێگەی ئەنجامدانی فیستیڤاڵی ساڵانە بۆ کەلەپووری دەڤەرە جۆراو جۆرەکانی کوردستان، لەسەر شێوازی فیستیڤاڵی ساڵانەی هەندێ ناوچە کەماوەیەکە بەسەرکەوتوویی ساڵانە ئەنجام دەدرێن و، نەوەکانی ئەو دەڤەرانە بەکەلەپووری باوو باپیرانیان ئاشنا دەکات.

چوارەم: بایەخدان بە بووژانەوەی کاری دەست رەنگینی کوردەواری لە بواری (مسگەری) و (شووشە) و (گڵکاری) و (رستن و چنین) دا، بۆ فرۆشتنی ئەو بەرهەمانەی کە گوزارشت لەلایەنێکی ژیانی کوردەواری دەکەن، بەو گەریدەو بیانیانەی کەبەسەردان دێنە کوردستان، یان پێشکەش کردنیان وەکو دیاری بەو لێپرساوە بیانییانەی کە سەردانی دام و دەزگا رەسمی و لایەنە سیاسییەکان دەکەن.

پێنجەم: هاندانی هونەرمەندو قوتابیانی پەیمانگاکانی هونەرە جوانەکان بۆ دروست کردنی (دیواربەند) لەشوێنە گشتییەکاندا، بەجۆرێك کەهەریەکە لەو دیواربەندانە گوزارشت لەلایەنێکی کەلەپووری گەلەکەمان بکات لەبوارە جیا جیاکاندا، وێنەی ئەم جۆرە کارەش لەزۆربەی شارەکانی جیهاندا باوە.

شەشەم: کۆکردنەوەو لەچاپدانی ئەو دەست نووسە بەنرخانەی کەلەوێنەی شیعری میللی و چیرۆك و داستان و سوارچاکیی و یارییە میللییەکان و شێوازی گەشت و گوزاری کوردەواری و، خواردەمەنی و، پزیشکی میللی و ئەوانی تردان، ئەم کارەش روو لەو کۆمەڵە کەسایەتییە کوردانە دەکات کەپسپۆرن لەبواری پاراستنی کەلەپووری کوردەواریدا، بەهاوکاری لەلایەن دەزگا پێوەندیدارەکانەوە.

حەوتەم: هاندانی باڵیۆزو نوێنەرەکانی حکومەتی هەرێم و ئەو هاووڵاتییە کوردانەمان کەلە هەندەران دەژین بۆ سەردانی ئەو دەزگاو دامەزراوە تایبەتانەی کە کەلەپووری گەلانیان وەك نموونەو دیکۆمێنت لەمۆزەخانەکاندا پاراستووە، ئەمەش بۆ ئەوەی لەکەشکۆڵی رۆژهەڵاتناسانی ئەویۆە، زانیاری زیاتر لەسەر بەرهەمە میللییەکانی خۆمان وەدەست بخەین و، مێژووی گەلەکەمانیشی پێ دەوڵەمەند بکەین.

ئەمانەو پێشنیاری دیکەی لەم چەشنە ئەگەر بینە بڕیارو کاریان لەسەر بکرێت، (رابووردوو)یەکی زێڕینمان زیندوو دەکاتەوە، شایەدیی بۆ (ئێستا)و، پشتگیریش لە (ئایندە)ی گەل و وڵاتمان دەکات.